پارادیمی ڕەخنە و ڕەخنەدان و دۆخی باشووری کوردستان

حەسەن جودی لا٢٧

ئەزمونەکانی تێکۆشانی ژنان لە پێناوی ئازادی لە جیهانی عەرەبی

سەلوا قیقە لا٥٣

کوردستان لەنێوان مەنگەنەی داگیرکەری و تێکۆشانی ئازادی

ڕێبوار ڕەشید لا٣٢


# ئازادی کۆمەڵگە

١٢

ساڵی یەکەم

ژمارەی دوانزدە

1-12-2016

سەرماوەرز

٢٧١٦

گۆڤارێکی سەربەخۆی سیاسی، هزری، جڤاکی، مانگانەیە


## چاودێرێکی سیاسی:

# لەباشووری کوردستان بەرەیەک پێکبهێنرێت، دژایەتی ئەو بەشە گەندەڵەبکات کەهەیە



# ناوەڕۆک

هەرنوسینێک گوزارە لە رای نووسەر خۆیەتی



قەیرانی سیستەم و
دەرفەتی گۆڕانکاریی ریشەیی

دیار غەریب
٣٥



گرنگیا میسل(موصل)دزاکیرەیا دیرۆک و
دئەرناڤێ کورد و کورستانیان دا..!!

سەید ئەکرەم خالید
١٧



قەیرانی رۆژهەڵاتی ناوین و ئەگەرەکانی

رۆستەم جودی
٤٥



ئەزموونی خۆبەڕێوەبەری دیموکراسی
لەرۆژئاوا/ باکوری سوریا

مەنسور سەلوم
٦١



سبەی کێ؟



ئەمڕۆ تۆ



دوێنێ ئەوان


ئازادی کۆمەڵگە




خاوەن ئیمتیاز:

محەمەد کیانی عەبدولرەحمان(د.محەمەد کیانی)

سەرنووسەر:

گۆران عەلی حەسەن (گۆران پێنجوێنی)

دەستەی نووسەران:

د.سالار باسیرە — سەردار ستار
بەیان عەلی — نەجیبە قەرەداخی
کامەران گوڵپی — کوردۆ شوانی

ڕاوێژکاری یاسایی:

پارێزەر هیلال ئیبراهیم

ناونیشان: نوسینگەی سەرەکی: کوردستان.
سلێمانی. گەڕەکی ئاشتی. باخی سەعید بەگ

پەیوەندیەکان لەڕێگەی سەرنووسەرەوە دەبن.
(٠٧٧٠٢٢٢٧٢٧٤)یان(٠٧٥٠١٥٣٩١٩٧)
azadi1@gmail.com
www.facebook.com/Azadi Komelge

تیراژ (١٠٠٠) دانە
نرخ (١٥٠٠) دینارە

## لە سەرنووسەرەوە

# داواکاری مامۆستایان و هەڕەشەکانی تورکیا

دەنگی ناڕەزایەتی مامۆستایان و بایکۆتی خوێندن دوو مانگی پڕکردەوە و لەبەرئەوە وەک ناڕەزایی سەرتاسەری کۆمەڵگە شێوە دەگرێت. زێدەڕۆیی نیە بڵێین لەم قۆناخەدا مامۆستا پێشەنگایەتی داواکاریەکانی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە دەکات کە قووتی رۆژانەیانە و لای حکومەتە ئیفلیجکراوەکەی هەرێمە. جێگای دەستخۆشیە کە حکومەتەکەی هەولێر و وەزیرە جووت پۆستەکە نەیتوانی مامۆستایان بنێریتەوە ماڵەوە بەبێ چارەسەرکردنی کێشەکانیان. هەمانکات جووتە لێدوانەکەی سەرۆکی هەرێمی ماوەبەسەرچووش ئەوەی پێنەکرا بە پێچەوانەوە مامۆستا و فەرمانبەرانان لەسەر داواکاریەکانیان رەق ئەستورتر کرد.

لەگەڵ بەردەوامی ناڕەزایی لە سلێمانی و هەڵەبجە و «بێ دەنگی» خەڵک لە هەولێر و دهۆک کە هەندێ وەک « دەستەمۆیی» لێکی دەدەنەوە، بەڵام تا ئێستا هیچ یەکێک لە لایەنەکانی نێو حکومەتە بنکە پانە ئیفلیجکراوەکە نەیانتوانی پرسی قووتی خەڵک چارەسەربکەن. لە لایەک تەوەرەیەک لە دیدی سیاسی پەرلەمانتارانی کورد لە بەغداد لەسەر ئەوە کاردەکەن کە بەغداد ڕاستەوخۆ مامەڵە بکات لەگەڵ پارێزگاکان و لەلایەکی تر تەوەرەیەکی تر سیاسی لە ئەنکەرە دەیەوێ ئەو دۆخە خراپە ئابوریەی هەرێم راست بکاتەوە، هەردووشی سیحری دەوڵەتی کوردی بەتاڵ دەکاتەوە و پرسیارێک لای خەڵکە ناڕازییەکە قوت دەکاتەوە « ئێوە لەسەر سادەترین مافی خەڵک یەک نەبن ئەدی ئەم موزایەدەیەی دەوڵەتسازییەتان لە چیە؟ کێشە ئەوەشە کە هەموو پارتە سیاسیەکان چ لە بەغداد بن یان لە کوردستان هیچ سڵ لەوە ناکەنەوە کە لە ژێرەوە چاڵ بۆ یەک هەڵکەنن و هەموو کارێکیشیان لە چوارچێوەی موزایەدەی سیاسی لەسەر خەڵک بێت. لایەنە سیاسیەکان ئەوەندیان چاڵ بۆ یەک هەڵکەندووە باوەڕیان بە یەکترنیە، متمانەیان لای یەک نیە و ئەوەش رەنگدانەوەی زهنیەت و هزرییان لەسەر مەسەلە نەتەوەیی و دیموکراسیەکان نیشان دەدات.

لە کاتێکدا کە قەیرانەکان هێندە قوڵن بە دانی پەیام چارەسەرنابێت. کۆتا پەیامی م.بارزانی بۆ خولێکی تری دانوسان لەگەڵ لایەنە سیاسیەکان لەئێستاوە دیارە کە هەم بۆ ڕۆژەڤ گۆڕینە و هەم بۆ سڕ کردنەوەی شەقام و سپاردنیانە بە کۆبوونەوە بێ ئەنجامەکان. ساڵی ڕابردوو بینیمان حیزبە سیاسیەکان ئیرادەی چارەسەری و بڕیاردانیان پێ نەبوو، دوای نۆ دانیشتن چەقبەستنی سیاسی دەستپێکردەوە. بێگومان بەر لەهەموو شتێک ناتوانرێ شەقام پشت بەو دانوسانانە ببەستێت، چونکە لایەنە سیاسیەکان تائێستا ئەوەی خەمیان نەبووە داواکاریەکانی جەماوەربووە، دواتر گەرەنتی بەئەنجام گەیشتنی دانوسانەکان نییە، لایەنە سیاسیەکان ئەوەندەی خەمی زاڵبوون و باڵادەستی و پاوانی دەسەڵاتی خۆیانە، ئەوەندە خەمی خەڵکیان نییە. م.بارزانی خۆی خستۆتە دەرەوەی کێشەکان و سەرقاڵی گەشتی زستانەیە، لەڕاستیدا بۆ نیازپاکی دەبوایە سەرەتا دەستبەرداری پۆستە بەسەرچووەکەی ببوایە، دواتر حکومەتێکی تەکنۆکراتی راگوزاری ئەرکدارکردایە و لەماوەی سێ مانگ دەستور تەواو بکرابایە و لانی کەم لە شەش مانگیشدا هەڵبژاردنی پێشوەخت ئەنجام بدرایە. وەزیری سامانە سروشتیەکان دەڵێ « ئەگەر فرۆشتنی بەرمیلێک نەوت ببێتەوە ١٠٠ دۆلاریش ناتوانین کێشەی مووچە و قەیرانی ئابوری چارەسەربکەین» و و سەرۆکی پارتی و کاربەدەستانی حزبەکەیان لە ئاست ئەو لێدوانە کاردانەوەیان نیشان نەدا و ڕێ و شوێنیان نەگرتەبەر!. باشە ئەی خولێکی تری دانوسان بۆچیە؟ بەردەوامیی ناڕەزاییەکان هەم بۆ قووتی خەڵک، لە هەمانکات دا بۆ گۆڕینی سیستەمی سیاسی کە کێشەکانی کۆمەڵگە چارەسەر بکات ئەگەرنا هەموو حیزب و دەسەڵاتی ئەمڕۆ یەک مۆدێلن بۆیەش هەموویان پێکەوە چەقیان بەستووە و هۆکاری قەیران و ئاڵۆزین. داواکاری مامۆستایان ڕەوایە، پێویستە حکومەت جێبەجێی بکات.

وەک ئەوەی ئەو قەیرانە بەس نەبێت هەڕەشەکانی تورکیا لەسەر باشوری کوردستان هەر ڕۆژ لە هەڵکشاندایە و پەکەکە وەک بیانو نیشان دەدات، بەڵام لەبنەڕەتدا تورکیا مەبەستێتی سنوری ویلایەتی موسڵ بگەڕێنێتەوە سەر سنوری خۆی، هەمانکات گورز لە شۆڕشی کوردستان بدات. هەموو کەسێک ئەوە دەزانێت کە تورکیا دۆستی کورد نیە لەهیچ پارچەیەک، ئەوەی لە کوردستان تورکیا بە دۆست و هاوکاری خۆی بزانێت یان دەبێ گێل بێت یان نەفام و بەکرێگیراو.

تورکیا بەخەیاڵی خۆ دوایین هەڵمەتی خۆی لەباشور دەکات، بۆ ئەمەش هەڕەشەکانی چڕ دەکاتەوە بەتایبەت لەسەر شەنگال و قەندیل، بۆ هەمان مەبەست بانگهێشتی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کرد، سوپاسالارەکەی پارتیش بەهەمان تۆنی دەنگی جەنەڕاڵەکانی تورکیا داوای کرد گەریلا لە شەنگال بچێتە دەرەوە، لەڕاستیدا داواکاری سوپاسالارەکە هەمان ئەو هەڕەشەیە کە دەوڵەتی تورکیا دەیکات، لەڕاستیدا دەبوا فەرمانی دەرکردنی سوپای تورکیا دەرکربوایە لە بامەڕنێ و باتوفە و شێلادزێ و بەعشیقە نەک هاوهەڵوێستبوایە لەگەڵ دەوڵەتی داگیرکەری، چونکە خودی تورکیا وەک دەوڵەتی عوسمانی ٧٣ کۆمەڵکوژی لەشەنگال ئەنجامداوە، ٧٤مین کۆمەڵکوژیش لە ٢٠١٤/٨/٣ چەتەکانی داعش کە بە هەموو بەڵگەیەکی کە لە ئاستی نێودەوڵەتیش دا ئیتر حسابی بۆ دەکرێت ئاکەپە و ئەردۆغان پاڵپشت و هاندەرین.

ئێمە لەجیاتی خەڵکی شەنگال بڕیارنادەین، بەڵام ئەوە دەزانین چۆن سەنگەریان لە چیای شەنگال گرت لەبەرامبەر چەتەکانی داعش، باوەڕدەکەین سەنگەری پتەوتر بگرن لەبەرمبەر دەوڵەتی داگیرکەری تورک. هەڕەشە لەسەر قەندیل لە راستیدا هەڕەشە نیە لەسەر گەریلا و سەرکردایەتی پەکەکە بەتەنیا، بەڵکو هەڕەشەیە لەسەر تێکۆشانی ئازادیخوازی لەچوارپارچەی کوردستان، بەتایبەتیش لەباشوری کوردستان، چونکە قەندیل بەدرێژایی تەمەنی بۆتە سەنگەری بەرخودان، لە ئێستادا قەندیل تەنیا سەنگەری بەرخودان نییە، بەڵکو ئیرادەی ئازادیخوازی و سیستەمێکی نوێیە بۆ پێشەنگایەتی شۆڕشی کوردستان، بۆیە لەئێستادا دەبێ هەموو ئازادیخوازان لە رۆژهەڵاتی ناوین ببنە قەڵغان بۆ بەرگریکردن لەقەندیل و تێکۆشانی ئازادیخوازان. ناڕەزایی چین و توێژەکان لە ناو باشوری کوردستان لەئێستادا زۆر هەستیاربووە و لە نیازەکانی داگیرکەریش گەیشتوون. کاتێک بەر لەدوو ساڵ دەسکەوتەکانی باشور کەوتە بەر مەترسی و هێرشی چەتەکانی داعش، گەریلاکانی پەکەکە بوون گەیشتنە شەنگال و کەرکوک و مخمور، بەرزبونەوەی ناڕەزایی خەڵک لە باشور نیشانەی خاوەندارێتیە لە خۆیان و هەموو شۆرشی کوردستان.

# د. یونس عەلی: قەیرانەکە وادەکات کۆمەڵگە بەرەو داڕمان بچێت




ئا: ئاسۆ جەوهەر

شارەزایانی ئابووری و سیاسیی، ئاشکرایدەکەن: قەیرانەکان ژێرخانی ئابووری وڵات داڕوخێنێت، کاریگەری لەسەر نەوەکانی داهاتووش دەبێت و دەبینە پاشکۆی وڵاتانی دیکە. نهێنیش لەبەینی ئەم حزبە دەسەڵاتدارانە هەیە، دواخستن و کەمکردنەوە و پاشەکەوتکردنی مووچەش هەموویان لێی بەرپرسیارن.

بەپێی ئەو ژمارانەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بڵاویدەکاتەوە، داهاتی هەر سێ سەرچاوەکەی سامانە سروشتیەکانی دەکاتە ٩٥٨ ملیۆن دۆلار. داهاتی ناوخۆ، پێش زیادکردنی باج مانگانە پتر بوو لە ١٥٠ ملیۆن دۆلار .

کەواتە ئێستا کۆی داهاتی هەرێم بە پێی بەشێک داتاکانی حکومەتی هەرێم دەگاتە پتر لە ملیار و ١٠٠ ملیۆن دۆلار.

داهاتی هەرێم یەک ملیار و ١٠٠ ملیۆن دۆلارە-، ساڵی ٢٠١٢ کە گەشەی ئابووری بوو لە هەرێم، ئەوا بودجەی هەرێم لە مانگێکدا کە لە بەغدادەوە بۆی دەهات یەک ملیار دۆلار بوو، بەڵام لە ئێستادا و لە ساڵی ٢٠١٦ دا داهاتی هەرێم مانگانە ملیارێک و سەد ملیۆن دۆلارە، واتە ١٠٠ ملیۆن دۆلاری لە ساڵی ٢٠١٢ی ئەو بودجەیە پترە کە بەغداد دەینارد بۆ هەرێم. هەروەها مووچەی فەرمانبەران لەچەند ساڵی پێشو، مانگانە ٦٥٠ ملیۆن دۆلاری پێویست بوو، لە ئێستادا کەمتر لە ٤٠٠ ملیۆن دۆلاری پێویستە لە مانگێکدا.

بەپێی ئامارەکانی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، ڕێژەی هەژاری لە هەرێمی کوردستان بۆ ١٢,٥٪ زیادیکردووە، ئەمەش لە ٦٢٪ بەهۆی هاتنی ئەو ڕێژە زۆرەی ئاوارە و پەنابەران و لە ٣٨٪ یشی بەهۆی ئەو قەیرانی داراییەوەیە کە دروستکراوە.

هەروەها ڕێژەی بێکاریش بۆ ١٣,٥٣٪ زیادیکردووە. وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ چارەسەری گرفتی بێکاری و هەژاری زیاتر لە ساڵێکە لەگەڵ بانکی نێودەوڵەتی لە هەوڵدایە، ئێستا هەردوولا بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی هەژاری و ڕەخساندنی هەلی کار گەیشتوونەتە ئەنجام، تەنیا ماوەتەوە هەوڵەکانیان بخەنە واری جێبەجێکردن.



پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. یونس عەلی، مامۆستای ئابووری لە زانکۆی سلێمانی، بە ئازادی کۆمەڵگەی ڕاگەیاند: ئەم قەیرانە ئابوورییە بەگشتیی کاریگەری لەسەر هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە هەیە، کاریگەری خراپی لەسەر ئابووری و هەموو ڕەهەندەکانە، یەکەم: دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی داهاتی ڕاستەقینەی تاکەکەس، بۆ ئاستێکی زۆر مەترسیدار. دووەم: دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی خەرجی تاکەکەس، کاتێک داهات کەم بوو خەرجیش کەم دەبێت. سێیەم: دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی خزمەتگوزاری تاک، چۆن؟ کەسەکە داهاتی کەمە و بەپێی پێویست ناتوانێت بچێت بۆ نەخۆشخانە و دەرمانخانەکان؛ لەهەمانکاتدا دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ئاستی زانستی تاکەکەسیش، کەسەکە ئەگەر داهاتەکەی بەشی پێداویستییە سەرەکییەکانی بکات بۆ دابینکردنی خانو، جلوبەرگ و خۆراک، بەڵام ئەگەر بەشی نەکرد پەنا باتە بەر خوێندن و ناچێتە بەر خوێندنێک لە ڕووی چۆنییەتییەوە باشبێت و منداڵەکانی ناباتەبەر باخچەیەکی ساوایان یاخود خوێندنگە و زانکۆیەکی باش.

وتیشی: لایەنی کولتووری کەسەکە کە داهاتی کەم بوو، بیر لەوە ناکاتەوە مەعریفە چۆن بەدەس بهێنێت و ڕۆژنامە بکڕێت و ئاستی زانستی و تەکنیکی خۆی پێشبخات، کە قەیرانەکە هەبێت و هەتا بێت گەورەتر بێت، ئەوا قیرانەکە وادەکات کەسەکە مردوبێت، مێشکی مەژخوڵبێت بەقیرانەکە و بیر لە داهێنان نەکاتەوە، ئیتر تاکەکەس نائارام دەبێت و پرۆژەکانی دوادەخات و پرۆژەی بۆ داهاتوو نابێت. قەیرانەکە وادەکات کەسەکە لە ڕووی تەندروستی، کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە کەسێکی تەندروست نەبێت، ئەگەر کەسەکان و خێزانەکان و کۆمەڵگەش وانەبێت، ئەوا کۆمەڵگە بەرەو داڕمان دەچێت. بەتایبەت قەیرانەکە کاریگەری زیاتر لەسەر کەرتی گشتی هەیە، دواتر کەرتی تایبەت، زۆربەی فەرمانبەرانی ئێمەش لە کەرتی گشتیین و بۆیە کاریگەری یەکی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر ئەوان.

د. یونس، وتیشی: ئەم قەیرانە ئابوورییە وادەکات: ١. لە ئایندەدا ژێرخانی ئابووری وڵات داڕوخێت، چونکە ئەگەر

تاکەکە خۆی بونیاد نەنێت، چۆن دەتوانێت ستراکچەر و ژێرخانی ئەم وڵاتە بونیاد بنێت.

**ئەو ئامارانەی دەربارەی هەژاری بڵاوکرانەتەوە تەنها بە پارە پێوانەی هەژاری کراوە، هەندێک وڵات هەیە ١ – ٣ دۆلاری داناوە بۆ داهاتی رۆژانەی تاکەکەس**

٢. ئەمە نەک کاریگەرییەکەی لەسەر نەوەی ئێستا دەبێت، بەڵکو کاریگەری لەسەر نەوەکانی داهاتووش دەبێت، ئەوانیش دەێنە سەر کۆمەڵە شتێک بەقەرزاری لەدایک دەبن، وای لێدێت کەسەکان قەرزاربن پێشئەوەی خاوەن داهات بن. لە وڵاتانی پێشکەوتوو یان هەندێک وڵاتانی کەنداو کەسێک کە لەدایک دەبێت، خاوەن داهاتوو و سەرمایەی خۆیەتی، لەبەرئەوەی پێشتر بۆی هەڵگیراوە، ئەگەر قەیرانەکە بەردەوامبێت ئەوا بەبەراورد بەوڵاتان تاکێک کە لەدایک دەبێت، پارەی بۆ هەڵنەگیراوە، بەڵکو قەرزاری بۆهەڵگیراوە، کەواتە لە هەردوو رەهەندەکەوە بۆ ئایندەی ئێمە کاریگەری دەبێت. ئیتر ئەمە تەنها کاریگەرییەکەی لەسەر تاکەکەس نامێنێت، بەڵکو کاریگەری لەسەر وڵاتیش دەبێت و وای لێدێت دەبێتە وڵاتێکی پاشکۆ بۆ وڵاتانی تر. هەم قەیران بەردەوامە هەم قەرزارین، مووچە، کارەبا، نەوت و ئاو نییە. یەکەمجار قیرانەکە بەس دارایی بوو پارە نەبوو، دوای بووە قەیرانی ئابووری و کارگە کانیش داخران، بوو بەقەیرانی خزمەتگوزاری و کارەبا و نەوت و ئاو نەما، ئیتر ناوەستێ وەک ئاوێک وایە بەرەو شوێنەکانی دیکە دەڕوات.

یونس عەلی، ئاماژەشی بە ئەو زانیاری و ژمارانە کرد، دەربارەی هەژاری هەن، وتی: رەنگە داتا بڵاو کردنەوە ئاسان بێت، ئەو ژمارانەی هەن چۆن و لە کوێ کۆدەکرێتەوەو چۆن شیدەکرێتەوە. هەژاری چەندین بواری هەیە، هەژاری هەیە رەهایە و هەیە رێژەییە، هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان بە بەراورد بەوڵاتانی دیکە چەند هەژارە، هەژاری هەیە لەو کەسەخۆی دەپرسی چەند هەژاری یان هەژار نیت و هەژارییەکی دەیکەمان هەیە خودی کەسەکە دەزانێت. لەرووەکانی دیکەوە، هەژاریمان هەیە هەژاری خۆراکە، هەژاریمان هەیە هەژاری پارەیەو هەژاریمان هەیە هەژاری فێرکردنە.

ناوبراو، جەختیشیکردوە: ئەو ئامارانەی دەربارەی هەژاری بڵاوکرانەتەوە تەنها بە پارە پێوانەی هەژاری کراوە، هەندێک وڵات هەیە ١ - ٣ دۆلاری داناوە بۆ داهاتی رۆژانەی تاکەکەس، پێیوایە هەر کەسێک لەم رێژەیە کەمتری هەبێت ئەوا هەژارە، ئەم پێوەرە تەنها وڵاتانی دواکەوتوو بەکاری دەهێنن و وڵاتانی پێشکەوتوو لێی بوونەتەوە. لەهەرێمی کوردستان ئەوە ئەو پێوەرە دانراوە بۆ هەژاری کە هەرکەسێک لە ١٠٥,٥٠٠ سەد و پێنج هەزار و پێنج سەد دینار مانگانە داهاتی کەمتر بێت، هەژارە، ئەوا ئەمە زۆرکەمە بۆ تاکێک پێی بژیت، لە هەرێمی کوردستان هیچ کەسێک نەک خێزانێک مانگانە بە سەد و پێنج هەزار ناژیت، ئەی تۆ بیر لەوە دەکەیتەوە ژیان هەیە و باشترین ژیانیش هەیە، ژیان هەیە و خۆشگوزەرانیش هەیە. رەنگە بڕواتە خانوویەکەوە بەس خانووەکەی تەندروست نییە و خزمەت گوزاری نییە، بۆ نمونە ئەگەر خێزانێک لە چوارکەسیش پێکهاتبێت سەدو پێنج هەزارەکە دەکاتە چوارسەد و بیست هەزار دینار، ئەگەر خێزانەکە کرێچی بێت کرێی خانوەکەی چوارسەد هەزار دینار بێت، ئەی چی بخوات؟! ئێستا زۆربەی وڵاتان دەڵێن نابێت هەژاری تەنها بە رێژەی داهات دیاری بکرێت، بەڵکو دەبێت سەیری چۆنییەتی ژیان بکەین و چۆنییەتی ژیانەکەی چییە؟! ئایە ئەو خواردنەی رۆژانە

بەو پارەیە دەیکڕێت تەندروستە، ئەو پۆشاکەی دەی پۆشێت تەندروستە، ئەو ئاوەی دەیخواتەوە تەندروستە، ئەو شوێنەی تیایدا نیشتە جێیە تەندروستە، ئایا لەبری ئەوەی بڕوات بۆ دەرمانخانەیەکی ئەهلی دەچێت بۆ هی حکومەت تەندروستە؟! دەتوانین بڵێین بە سەدو پێنج هەزار نامری لەبرسان، بەڵام خۆشگوزەران نابی؛ ئایا کەسەکە بەم سەدو پێنج هەزارە چەندێک دەتوانێت بەردەوامبێت؟! بەم پارەیە لەوەیە بەشی کۆمەڵەشتێکی بکات، گرانییەو نرخ بەرزدەبێتەوە لەوەیە ساڵی داهاتوو دوو هێندەش بەشی نەکات.

ئەو مامۆستایەی ئابووری، هێما بۆ ئەوەشدەکات: ئەوەی گرنگە بە پێوانەی ئابووری کاتێک هەژاری دەسپێدەکات کە پاشەکەوت نەبێت، ئەگەر هەموو مانگێک سەدو پێنج هەزارەکە بەکاربەریت چی پاشەکەوت بکەیت و چۆن ببیت بەبەرهەم هێنێک و چۆن بتوانیت خێزانێک بەخێو بکەیت؟! ئەو سەدو پێنج هەزارە بەشی پێوستی سەرەکیشی ناکات، ئەی پێوستی رازەمەنی؟ ئەگەر ئەم خێزانە منداڵی هەبێت، منداڵەکانی چۆن بنێرێتە قوتابخانە، چۆن پاس و تەکسی بۆ بگرێت، چۆن جلوبەرگی قوتابخانەی بۆ بکڕێت و ئەی چۆن بڕوات بۆ شاری یارییەک؟! ئەو پارەیەی دیاری کراوە پێوانەیەکی زۆرلاوازە و ئاستێکی زۆرکەمە لە رووی چۆنیەتییەوە هیچ نییە، تەنانەت گەشەپێدانی مرۆی دەڵێت: چەند ئاو بەکاردێنێت و جۆری ئاوەکە چییە و چۆن ئاوێکە، لەو شوێنی نیشتە جێبونەی دەمێنێتەوە چۆنە، ئەو خانوەی تێیدایە چۆنە و چەند ژوورە، ئایا تیایدا پشوودەدات؟! ئەو پێوانەیەی بەکار دەهێندرێت وەک پارە بۆ هەژاری، ئەوا زۆر وڵات گومانیان لێی هەیە، لەبەر ئەوەی ئەوە بەشێک لە ژیانە، بەڵام باشترین ژیان نییە. بە نمونە: هاوڵاتییەک هەیە مانگانە ملیۆنێک و پێنج سەد هەزار دینار داهاتی هەیە، بەڵام بەشی نەکات، لەبەر ئەوەی بەشی کرێی خانو، ئاو، کارەبا و ئینتەرنێتی ناکات. لە بیرمان نەچێت، وڵاتی ئێمە بەناو سۆسیالیستییە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا سەرمایەدارییە، تاکەکەس دەبێت هەموو خزمەت گوزارییەکی بۆ دابین بکرێت، کەچی هەموو خزمەتگوزارییەک خۆی دەیکڕێت. ئەو سەدو پێنج هەزارە هەر بەشی ئاو، کارەبا و ئینتەرنێت دەکات، ئەو پارەیە رۆژی سێ هەزار و پێنج سەد دینار دەکات، ئەمە ئەگەر سێ ژەمە لەفەیەک بخوات پارەکە تەواو دەبێت؛ لە پێداوستی سەرەکیدا دەوترێت: خۆرک، جلوبەرگ، شوێنی مانەوە، ئەمە ناتوانێت خواردنەکە دابین بکات. ئەمە یەکێکە لە پێوەرەکان بۆ هەژاری، ئەگەر بە پێوەرە گرنگ و پێشکەوتووەکان کاربکەین ئەوا رێژەیەکی زۆری هاوڵاتیان لە هەرێمی کوردستان دەکەونە ژێر هێڵی هەژارییەوە.



د. فایەق گوڵپی، کەسایەتی سیاسیی دیار لە هەرێمی کوردستان، ئاماژە بەوە دەکات پتر لە دوو ساڵە قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان دەستی پێکردوە، لەلایەکەوە مووچەی هاوڵاتیان دواکەوتووە، لەلایەکی دەیکەوە سیستەمی پاشەکەوتی مووچەیان پێڕەو کرد،

لەم سیستەمەشدا هاوڵاتیان یەک لەسەر سێ یان یەک لەسەر چواری مووچەکەی وەردەگرێت و ئەمە بە یەکێک لە کێشە گەورەکانی هەرێمی کوردستان زانی. بە ئازادی کۆمەڵگەی ڕاگەیاند:" کێشەیەکی دەیکە ئەوەیە، ئەو پڕۆژە ئابووریانەی کە لە رابردوو هەبوون حکومەتی هەرێمی کوردستان پشتگیری دەکردن، ئێستا حکومەت توانای نەماوە و بۆیە ژمارەیەکی زۆر لە کۆمپانیاکان ئیفلاسیان کرد، بۆیە پڕۆژەکانی ئابووری و ئاوەدانکردنەوە وەستاون، - بۆ نمونە پرۆژەی پردی کۆبانی لە سلێمانی وەستاوە.

> **هەندێک شتی نهێنی هەیە لەبەینی ئەم حزبە دەسەڵاتدارانە، لەوانەیە دواخستن و کەمکردنەوە و پاشەکەوتکردنی مووچەش هەموویان لێی بەرپرسیاربن**

جەختیشی لەوەکردوە: دەتوانین بڵێین کێشەیەکی ئابووری لە هەرێمی کوردستان دروست بووە، هۆکارەکەی هەر شتێک بێت ئەوا دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان لێی بەرپرسیارن، بەواتایەک هۆکارەکەی ئەوەبێت بەرپرسانی هەرێمی کوردستان دوور لە ئاگاداری حکومەتی عێراق نەوتیان دەرهێناوە، فرۆشتویانە و رێکەوتنی پەنجا ساڵیان لەگەڵ تورکیا کردوە، کەس نازانێت نەوتەکە بەچەند دەفرۆشن و پارەکەی بۆ کوێ دەچێت؟ ئەمە هۆکارێک. هۆکاری تر ئەوەیە ئەم حزبانەی تر کە لەدەسەڵاتدان، هەڵوێستێکی جددیان نییە، هەموویان لەگەڵیان هەریەکی بە پلەیەک لەگەڵین، نمونە: پارتیی دیموکراتیی کوردستان بەرپرسی یەکەمە، دوای ئەوە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، دوای ئەوەش بزووتنەوەی گۆڕان. حزبێکی سیاسیی وەک بزووتنەوەی گۆڕان کە دووەم کورسی پارلەمانی هەیە، چوار وەزیری هەبووە، تاکۆتایی بەوشێوەیە تەحامولی لەگەڵ کراوە کەدەرکراوە لە حکومەت و پارلەمان، بەڵام هێشتا هەر لەو حکومەتە واز ناهێنێت؛ ئە مە واتای چییە؟ واتە هەندێک شتی نهێنی هەیە لەبەینی ئەم حزبە دەسەڵاتدارانە، لەوانەیە دواخستن و کەمکردنەوە و پاشەکەوتکردنی مووچەش هەموویان لێی بەرپرسیاربن.

کەسایەتی سیاسیی د. فایەق، وتیشی: دوای ئەوە کەدێینە سەر پەرچەکردار و وڵامدانەوەی هاوڵاتیان بەرانبەر بەو بارە ئابوورییە کە مووچەیان نییە. سەیردەکەی وڵامدانەوەکەی هاوڵاتیان وەها نییە، چارەسەری کێشەکان بکات، لەبەر ئەوە هاوڵاتیانیش چارەسەری کێشەکە لە بڕیاری حزبەکان و حکومەتدا دەبینن، بڕوایان بەوە نییە، خۆیان هەندێک کێشەی خۆیان چارەسەر بکەن. بۆ نمونە مامۆستایان ئەوا دوو مانگە بایکۆتی قوتابخانە و خوێندنیان کردوە، هەموو ئامانجیان هەوەیە کە حکومەت بەم بایکۆتە بڕیارەکانی خۆی بگۆڕێت، بەڵام لەلایەک ئەم بایکۆتە پێکهاتەی خوێندکارانی تووشی ناو ئومێدی و رەشبینییەکی گەورە کردووە، لەلایەکی دیکەش دایک و باوک و بەخێوکەری خوێندکارەکان زۆر نیگەرانن لە مامۆستاکان، ئەگەری هەیە لە ئایندەدا ناکۆکی دروست بێت لەنێوان دایک و باوکی خوێندکاران و مامۆستایان، هەروەها لەلایەکی دیکەوە دەسەڵاتداران ئەم بایکۆتەیان پێخۆشە، چونکە ئەو پێکهاتانەی بەلایانەوە گرنگە زەرەر ناکەن، بەنمونە منداڵی هەموو بەرپرسەکان لە خوێندنی تایبەت و زانکۆی تایبەت و درەوە دەخوێنێت، ئەوە منداڵی هەژارانە خوێندن و پەیمانگە و زانکۆی لەدەسدەچێت! دەشێت کۆمەڵگە لە نێوخۆیدا بکەوێتە ناکۆکی، من ئاماژەم بەوەکرد لەوەیە دایک و باوکی خوێندکاران بکەونە ناکۆکییەوە؛ ئەویش

لـەولاوە قازانجـی خـۆی بـکات، واتـە ئـەوەی مامۆسـتایان دەیکـەن پەرچەکردارێکـی هەڵەیـە و هیـچ ئەنجامێکـی نابێت، ئەگـەر مامۆسـتایان لەبـری ئـەوەی بایکۆتـی خوێنـدن دەکـەن بچەنـە سـەر پاڵاوگـەکان، ئـەو پاوڵاگانـەی نەوتـی کەرکوکیـان بـۆ دێـت و بزانـن ئـەم نەوتـە دوای ئـەوەی دەی پاڵێـون بـۆ کـوێ دەچێـت و هـی کێیـە؟ ڕێگـەی لێبگـرن، ئەگـەر مامۆسـتایان و فەرمانبـەران لەبـری ئـەوەی بایکۆتـی دەوامـی خوێندنگـە و فەرمانگـەکان دەکـەن، بچەنـە ڕێگـەی تەنکـەرە نەوتـەکان و ڕایانگـرن بزانـن نەوتەکـە و پارەکـەی هـی کێیـە و بـۆ کـوێ دەچێـت و بەچەنـد دەفرۆشرێـت؟ تاکۆتایی. دەچنە بەردەمـی پـەروەردە، پـەروەردە چیبکات؟ یـان ئەگـەر خۆپیشـاندانی گەورەبکـەن بـا بچنـە بەردەمـی ئـەو شـوێنانەی کـە بـەر پرسـن لـەم کارەسـاتە، بـا بچەنـە بەردەمـی خانوەکـەی نێچیرڤـان بارزانیی و بچنە سـەری ڕەش و ئەگـەر بچنـە دەباشـان و بچنـە گردەکـە، ئەمانـە بڕیـاری سیاسـیی ئـەم هەرێمەیـان بەدەسـتەوەیە، ئـەوا دەتوانـن شـتێک بەشـتێک بکـەن، بـەڵام ئـەم پەرچەکـردارە بـە قەناعەتـی مـن نـەک هـەر ئەنجامـی نییـە، بەڵکـو زەرەریشـی هەیـە! خەڵکیشـیان تووشـی ڕەشـبینیکردوە، ئەگـەر ساڵێکی خوێنـدن بەهەدەربچێـت تاوانـە، لەبەرئـەوەی مامۆسـتا بایکۆتـی کـردوە بایکۆتەکـەش ئەنجامێکـی ئەوهـای نییـە، خوێنـدکاران تاوانبـار نیـن، سـەرۆکی هەرێـم تاوانبـارە، سـەرۆکی حکومـەت تاوانبـارە، جێگـری سـەرۆکی حکومـەت تاوانبـارە و وەزیـرەکان تاوانبـارن.

ناوبـراو، دەرئەنجامـە خراپەکانـی ئـەم بارودۆخـەی لـە سـێ خاڵـدا خسـتەڕوو:

١. هاوڵاتیان دووردەکەونەوە لە خوێندن و زانست و فێربوون.

٢. ناکۆکی کۆمەڵایەتی دەکەوێتە نێو پێکهاتە جیاجیاکانەوە.

٣. هاوڵاتیان دوو هێندەی تر دەبنە کۆیلەی حزبەکان و دەسەڵات.

گوڵپـی، ڕەخنەشـی لـە شـێوازی کاردانـەوەی حزبـەکان گـرت، وتـی: ئەوسیاسـەتانەی لـەم ڕۆژانـەدا پارتیـی و یەکێتیـی و گـۆڕان و هەندێـک کەسـایەتی سیاسـیی دەیکـەن، هەمـوو یەکـتری تورەدەکـەن و جنێـو بەیەکـدەدەن، ئەمـە بەڕاسـتی نـەک هـەر گەمـژەی سیاسیین، بەڵکـو دوژمنی گەلـی کوردن، لەبـر ئـەوەی بابەتـە سـەرەکییەکە کـە ژیانـی هاوڵاتیانـە لـە بیـر چووەتـەوە؛ گـۆڕان و پارتیـی کار لەسـەر لاوازکردنـی یەکـتر دەکـەن و هەوڵـی چارەسـەری کێشـەکە نـادەن.



سـنور کەریـم، سەرپەرشـتیاری لیژنـەی چالاکییەکانـی ئەنجومەنـی مامۆسـتایانی ناڕازیـی، کـە ئەنجومەنەکەیـان لـە ٣٣ کـەس پێکهاتـووە و چوارلیژەنـەی هەیـە، لیژنـەی: دارایـی و چالاکییـەکان، کارگێـڕی، ڕاگەیانـدن، پەیوەندییـەکان. بـە ئـازادی کۆمەڵگـەی ڕاگەیانـد: لـەدوای فـراوان بوونـی ئـەو خۆپیشـاندانانەی مامۆسـتایان، دوای سـەرجەم چیـن و توێژەکانـی گرتـەوە، بڕیارمانـدا ئـەم چالاکیانـە تەنهـا لـە سـنوری مامۆسـتایاندا نەمێنێتـەوە، بینیـمان ئەمـە بەشـی



وێنەی خۆپیشاندانەکانی مامۆستایان

داخوازییەکانی هاوڵاتیان ناکات.
مامۆستا سنور، ئاماژەشی بە ئامانج و ستراتیژی ئەنجومەنەکەیان کرد و جەختیکردەوە: ئێمە خاوەن ستراتیژێکی روونین، پلانمان بۆ ئایندەش هەیە، هەفتانە ئەندامانی ئەنجومەن کۆدەبنەوە، بڕیار لەبارەی کارکردن و میکانیزمی کارکردن دەدرێت. بڕوام وایە بەهێزی ئەو ئەنجومەنەیە کە وایکردوە ئەم خۆپیشاندانانە دووساڵە بەردەوامە؛ لەگەڵ ئەوەش کە فشاری هەر چوار حزبەکەی ئێرە و پارتیی و حکومەتیش هەبووە، خۆپیشاندانەکان کپیکەنەوە. ئەمەش لە رێگەی چەند دەستێکەوە و ناردنی ئەندامانی حزبەکانیانەوە، سەرکوتکردنی مامۆستایان و بەتایبەت فشاریان بۆ بەڕێوەبەرەکان هێناوە، هێرشیان کردە سەر مامۆستا بەغیابدان و وشەی نەشیاو و سوتاندنی ئۆتۆمبیل و دەسگیرکردن، ئەمەشیان بۆ ئەوە کرد، خۆپیشاندانەکان کپیکەنەوە. شتێکی زۆر گرنگ ئەوەیە لەگەڵ ئەوەی گوشاری ئەوان زیاد بوو، نارەزایی مامۆستایانیش فراوانتر بوو، وای لێهات لەسنوری تەسکی مامۆستادا نەمایەوە و سنوری حزبەکانیشی بڕی، ئەندام و کادری حزبەکان نەیان دەتوانی یان نەیان دەوێرا، بەو جورئەتەوە بەشداری خۆپیشاندانەکان بکەن. بەڵام ئەوە زۆر گرنگە، کادرە حزبییەکانیش هەنگاویان بەسەر حزبەکانیاندانا، داواکارییەکانیان خستە چوارچێوەی داواکاری پیشەیی.

سەرپەرشتیاری لیژنەی چالاکییەکان ئەنجومەنی مامۆستایانی نارازیی، وتشی: کێشەکە تەنها پێدانی مووچەنییە، لە رابردووش مووچەش هەبوو هاوڵاتیان نارازی بوون، بەڵکو سیستەمێکی نا عەدالەتی نادیموکراتی، دەسەڵاتخوازی، چەوسێنەر و گەندەڵ لەباشووری کوردستاندا هەیە، ٢٥ ساڵە دەسەڵاتێکی فاشیل نەیتوانیوە سیاسەتێکی راست و دروست، لەسەر هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی باشووری کوردستان بەڕێوەببات. بەڵام قێزەوەنترین شت کەکردیان بەرانبەر بەهاوڵاتیان، بڕینی مووچە بوو کە راستەوخۆ پەیوەندی بە بەژێوی ژیانی مامۆستایانەوە هەبوو.

# مەسعود عەبدوالخاڵق: لەباشوری کوردستان بەرەیەک پێکبهێنرێت دژایەتی ئەوبەشە گەندەڵە بکات کە هەیە



سازدانی/ هانا ئازاد

مەسعود عەبدوالخاڵق چاودێری سیاسی لەو چاوپێکەوتنەدا باس لەقەیرانەکانی باشوری کوردستان دەکات و دەڵێت:" دەبوو لەگەڵ پەکخستنی پەرلەمان تەواوی سیستەمی هەرێم پەکی کەوتبوایە، بەڵام دەرکەوت هەرێم سیستەمی نیە و پرۆسەیەکی عەشایەریە وا زۆربەی حیزب و لایەنەکان بەرەو ئەو ئاراستەن".

ئەوچاودێرە سیاسیە لەبەشێکی تری قسەکانیدا ئاماژەبەوەشدەکات، واباشە بەرەیەکی گەورە پێبکهێنرێت لەو چینەی غەدر لێکراوە بەهەموو لایەنەکانەوە، کە بەرەیەکی دژایەتی گەندەڵی و ئەوبەشە گەندەڵە بکات کە لەهەرێمی کوردستان هەیە.

**ئازادی کۆمەڵگە: بۆچی بارودۆخی باشووری کوردستان بە ئێستا گەیشت و تەنگەژەکە وا گەورە بوو؟**

**مەسعود عەبدوالخاڵق:** بێگومان ماوەیەکی زۆرە باس لەهۆکارەکانی دروستبوونی ئەو قەیرانە دەکرێت بۆچوونی زۆر لەوبارەیەوە هەبووە، یەکێک لەوانە ئەوەیە بەردەوام دەسەڵات بەهەڵخەڵەتاندن و چاوەشەکاری قسەیکردووە، بەشێکی بۆچوونەکانیش پێی وابووە ئەو قەیرانانە دێتە دی، ئەوەی یەکەم راست دەرنەچوو بۆچوونەکانی دووەم دەرچوو ، ئێستا کۆمەڵێک قەیران هەیەبەپێی راپۆرتەکەی شەفافیەتی نێودەوڵەتی زیاتر لە٤٠ قەیرانی تۆمارکردووە، رەنگە ئێستا گەیشتۆتە زیاتر لە ٥٠ قەیران، لەماوەی ٦٠٠ ساڵ تەمەنی دەوڵەتی عوسمان ٢٤ قەیرانی هەبوو کەچی ناویان لێنا دەوڵەتە نەخۆشەکە، لەوماوە کەمەی هەرێمی کوردستان بۆتە خاوەنی ئەو قەیرانانە.

بەدیوێکی لێکدانەوەی تری چینایەتی دەردەکەوێت کە قەیرانی نیە، بەڵکو ئەوە سەرەنجامێکی لۆجیکیە، بەشێک لەدەسەڵاتی هەرێمی کوردستان بۆخۆیان ئەو حکومەت و دەسەڵاتەیان دروست کردوە نەک بۆ هەمو میللەت، بەوەش بزووتنەوەی کوردایەتی زۆر خراپ شکستی هێناوە و نەک تەنها بۆ باشوری کوردستان، بەڵکو کاریگەری کردۆتە سەر پارچەکانی تری کوردستانیش کە کوردایەتی خستە ژێر پرسیارەوە کە باشوری کوردستان بووە نمونەیەکی ناشیرین و حیزبی دەسەڵات بەرپرسە لەو ناشیرین کردنە، من ناوم لەو دەسەڵاتە ناوە ئیش بەرێکردنی گەندەڵی و خزمەت کردن بە بەشێکی کەم، بەتەبەقەیەک.

**ئازادی کۆمەڵگە: ئەو زاراوە روون نیە (حکومەتی تەسریف ئەعمالی )گەندەڵی یانی چی ؟حکومەتی کاربە رێکردنی گەندەڵی چۆنە؟**

**مسعودعبدالخالق:** لەو فەترەیە زیاتر ئەو راستیە دەرکەوت هەموو بوارەکانی ئیداری و سیاسی و ماڵی و یاسایی.. لە دۆخی تالان ودزیدایە، لە خەڵک دیار نیە زۆربەی لەژێر پەردەوە بەدەر لە یاسا دەکرێ، نەک خەڵکی سادە هەتا وەزیر و لێژنەی بەدواداچوونی رەسمیش تەنها هەندێ ئامار و ژمارەی سادەی لایە، عادەتەن لەو دۆخانە حکومەتێکی گەندەڵ و بەدکاری لێ دروست دەبێت (Bad Governance -الحکم الفاسد)، جاریش وایە پێیدەووترێ (حکومة الرخوة) ئەگەر زۆر خراپتر بوو (کلیپتۆکراسی) پێ دەوترێ، پێچەوانەی حکومەتی نایاب(حکومە الرشیدە- Good government )، یان میریتۆکراسی، کە لە ئەنجامی سەروەری یاساو لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان وشەفافانە دیتەدی، دیوێکی زاراوەی (الحوکمە -CORPORATE GOVERNANCE ) مانای بەرجەستەی حکومەتی نایاب دوور لەگەندەڵی، جاران زاراوەیەکی تر هەبوو هاوتای حکومەتی نایاب، ئەویش تکنۆکراتی بووکە لە ساڵی ١٩٣٢ لە ئەمریکا بەگەرمی هاتەوە مەیدان، حکومەتی نایاب لە بەرجەستە کردنی جۆرە دەسەڵاتێکی ئیداری و سیاسی و ئابووری چاک لە پێناو هەموو، تیایدا خەڵکی شایستە لە شوێنی شایستە دەبێت، خەڵکی ناشایستەش بێشوێن نابێت،

بەڵام لە شوێنی شایستەی خۆی دەبێت، سیستەمی سیاسی کوردستان لە پۆلینێکی مەترسیداری ئەو جۆرەی خراپەکەیە : (قالت ان الملوک اذا دخلوا قرية افسدوها وجعلوا اعزه اهلها اذله وکذلک يفعلون ).

**بەپێی راپۆرت و ئامارەکانی شەفافیەتی نێودەوڵەتی عێراق و کوردستان لە رێزی پێشەوەی وڵاتانی گەندەڵن**

لەنەتەوە یەکگرتووەکان یاسای قەلاچۆی گەندەڵی دەرچووە. کۆمەڵێک وڵات هەن هەموو بەندەکانی جێبەجێ کردووە هەشە بەشێکی باش، ئەوەی هیچی پێ جێبەجێ ناکرێ و زیاتر لەوەش ئەو وڵاتەی دژی هەر ٧١ مادەکە بێت عادەتەن ئەوە دەکەوێتە خانەی کلیپتۆکراسی، واتە خودی حکومەتەکە گەندەڵە، دەوڵەتی عێراق کەوتبووە دۆخێکی مەترسیدار بەپێی ئەو ٧١ مادەیە، بەڵام بەهۆی ئەو چاکسازیانەو ئیجرائەتانەی بەرامبەر گەندەڵکاران دەیکەن تارادەیەکی باش خۆی لێ دوور خستۆتەوە، مەترسیەکی زۆر هەیە حکومەتی هەرێم لەخانەی (حکومة الفاسدة)و کلیپتۆکراسی نزیک بێت.

بەپێی راپۆرت و ئامارەکانی شەفافیەتی نێودەوڵەتی عێراق و کوردستان لە رێزی پێشەوەی وڵاتانی گەندەڵن کە پلەیان گەیشتۆتە لە ٩٢٪ ، واتە ٨ لە سەدایان وەرگرتوە ،لەکاتێکا ئەوانەی پاکن (وەک وڵاتانی ئەسکەندەنافیا و سەنگافورا)٩١ یان هێنابوو.

گەندەڵی لە دیکتاتۆری وتۆتالیتاریەتی و حیزبایەتی بێبنەماو دەستگۆڕی نەکردنی دەسەڵات نزیکە وەک (مۆنتیسکۆ) دەڵی گەندەڵی و تۆتالیتاریەتی هاوڕێن، بۆیە بەشی هەرە زۆری قەبارەی گەندەڵی لە وڵاتانی عەرەبی کۆبوویتەوە .

**ئازادی کۆمەڵگە: لە هەرێمی کوردستان پەرلەمان و حکومەت و هەموو دامودەزگاکانی پەکخراوە، ئەمە چ کارگەریی یەکی لەسەر کۆمەڵگە کردوە و دەرئەناجامە خراپەکانی لە ئایندەدا چییە؟**

**مەسعود عەبدولخالق:** لەهەموو دونیا کەباسی پەرلەمان دەکرێت بەژێر خانی سیاسی و یاسایی وڵاتان هەژماردەکرێت و دەسەڵاتی یەکەمە، لەهەرێمی کوردستان کەپارتی پەرلەمانی پەکخستووە خۆیشی باسی ئەوەی دەکرد سیستەمی هەرێم پەرلەمانیە هەرچەندە دەبوو لەگەڵ پەکخستنی پەرلەمان تەواوی سیستەمی هەرێم پەکی کەوتبوایە، بەڵام دەرکەوت هەرێم سیستەمی نیە و پرۆسەیەکی عەشایەریە وا زۆربەی حیزب و لایەنەکان بەرەو ئەو ئاراستەن، جیهان لەدوای پەکخستنی پەرلەمان بەسیستەمی خێڵەکی مامەڵە لەگەڵ هەرێم دەکەن، مامەڵەی جیهان لەگەڵ هەرێم کاتییە وەک ئەورێککەتنەی کۆتاجار لەنێوان هەرێم و بەغدا و نەتەوەیەکگرتووەکان لەبارەی شەڕی موسڵ کرا. زۆر ویچووی سیستەمی عەشایەری کەنداوی سەرەتای سەدەی بیستەمە.

**ئازادی کۆمەڵگە: کەواتە دەتوانین پێناسەیەکی سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان بکەین ؟**

**مسعود عەبدولخالق:** بەکورتی بریتیە لە شێوە دەسەڵاتێکی زۆر دەگمەن، زۆر بە زەحمەت پۆلین دەکرێ، چونکە شێوازی زۆر کۆن و نوێی کۆکردۆتەوە، پێکهاتنەکەی بریتیە لە دیارشی - تەوافوقیەکی دەگمەن وەک لە مادەی ٣ی رێکەوتنامەی ستراتیژی (پ د ک) و(ی ن ک) هاتووە. سیستەمێکی پارتۆکراسیشە، لەهەر پارچەیەکی دیارشیش حیزبێکی قائد هەیە، بەو شێوە لە وڵاتانی عەرەبی یەک حیزبی قائد هەبوو لەکوردستان دووحیزبی قائد، لەسەرووی هەر حیزبیکی قائدیکی نیمچە دیکتاتۆر هەیە، ئەوەش ئۆتۆماتیکیانە سیستەمێکی سەرۆکایەتی دروست دەکات، با سیستەمەکە ناویشی پەرلەمانی بێت، شارەزایانی باڵا پێیان وایە ناشێت بەراوردی سیستەمی سەرۆکایەتی لە رۆژهەڵاتی ناوڕاست و ئەزمونی ئەوسیستەمە لە فەرە نساو ئەمریکا بکرێت، یەکەم جار سیستەمی سەرۆکایەتی مۆدێرێن لە ئەمریکا تاقیکرایەوە، بەپێی ئەو دەستورەی فلادیلفیای ساڵی ١٧٨٧ ویەکەم کەسیش ئەو ناوەی لەو سیستەمە نا (وولتەر باگۆهۆت) رۆژنامەنوسی ئینگلیزی بوو، جیاوازیەکەی ئەوەیە هەمووی لەدەست سەرۆکە سەرۆک وەزیرانی نیە، وەزیرەکان سەرۆک دیاری دەکا

نەک کۆنگرێس، هەرچی نیمچە سەرۆکایەتیە ئەوا کەمێک لە دەسەڵاتی سەرۆک بۆ سەرۆک وەزیران دەگەڕێتەوە، بەواتایەکی تر سیستەمی سەرۆکایەتی دەوڵەت دەسەڵاتدارە نەک حکومەت، سەرۆک سەرۆکی دەوڵەتە، لە سیستەمی پەرلەمانی سەرۆک کۆمار(کەسەرۆکی دەوڵەتە)دەسەڵاتدار نیە، بەڵکو سەرۆک وەزیران دەسەڵاتدارە کە سەرۆکی حکومەتە.

لەبارەی نواندنی سیستەمی سیاسی کوردستان بریتیە لە جۆرە حکومەتێکی بلۆتۆکراسی ئۆلیگارشی، دەتوانین بڵێین بریتیە لەمیراتگری ئەزموونی لایەنە سەلبیەکانی یۆنانی کۆن، دەسەڵاتی ئیستای عەرەبی، هەندێ ریشەی عەشایری میرنشینەکانی خۆمان.

پێویستە لەسەر ئەوەش بوەستین سیستەمی تەوافوقی لەو وڵاتانە پیادەکراوە کە دوو پێکهاتەی جیان وەک چیکۆسلۆڤاکیای پێشوو، قوبرس، لوبنان، عێراقی ئیستا، لەهیچ کونجێکی ئەو جیهانە نەبووە لە نێو یەک میللەت سیستەمی تەوافوقی وەک ئێستای کوردستان پیادە بکرێ، لە شوێنان دیموکراسی تەوافوقیە ئینجا ئاوا زەحمەتە لە کوردستان تەوافوقیەکەی خەستەو دیموکراسیەکەی کاڵە، هەڵبەتە ئیتلاف کردن ئاساییە، بەڵام تەوافوقی نائاساییە.

**لە وڵاتانی دیموکراسی معارەزەو دەسەڵاتدار وەک یەک مافی یاساییان لە پێکهاتەی دەسەڵات هەیە**

**ئازادی کۆمەڵگە: دروستکردنی ئەم قەیرانە ئابوورییە بۆچییە، ئایا دەسەڵاتدارنی هەرێمی کوردستان لەم ڕێگەیەوە دەیەوێت چ بەدەست بهێنێت و چیبکات؟**

**مەسعود عەبدولخالق:** فرۆشتنی نەوت بەسەربەخۆی و تێکدانی کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی ئەوەی لێ چاوەڕوان دەکرا و جۆرێک خوێندنەوەی تری بۆدەکرێت، لەسوڕاندنی یەکەم سوکانی فرۆشتنی نەوت ئێمە دژی بووین، چونکە ١٧٪ی مسۆگەرمان هەبوو بۆچی دەبێت نەوتی خۆمان بێنینە دەرەوە و بکرێتە بەدیلی ئەو ١٧/٪، ئەوە کارێکی شێتانەی ئابوری بوو، بۆیە بەشێکی کەم (تەبەقەیەک)بەرژەوەندی لەو فرۆشتنی ئەو نەوتە هەبووە، کە هەر ئەوبەشە باکی بەمیللەت نیە ئەوەش لەژێر چەتری دوو حیزبەکەی دەسەڵات لاوازی حیزبەکانی تردا بوو، فرۆشتنی نەوت کارێک بوو لەدونیادا شتی وانەبووە نمونەی شێخەکانی خەلیجیش بەوشێوەیە نەبوو، مەبەستم نمونەی شێخەکانی خەلیج سەرەتای سەدەی بیستەم نەک ئیستایان، چونکە ئێستا زۆر گۆڕاون، دوورن لەو نمونە ناشیرینەی کوردستان.

**ئازادی کۆمەڵگە: سێ لایەنی سیاسیی کە ئۆپۆزیسیۆن بوون لە رابردوادا بۆچی نەبوونە وەڵامی داواکانی کۆمەڵگە؟**

**مەسعود عەبدولخالق:** لەخوارووی کەرکوك شاخێک هەیە پێی دەڵێن "جبل حمرین" ناوەکەی زۆر گەورەیە، بەڵام کە نزیکی دەکەوی شاخێکی زۆر بچوکە، بەڵام هۆکاری ناوەکەی ئەوەیە شاخەکانی تری دەوروبەری زۆر بچوکترن، دەسەڵاتی ئێرەش بەهەمان شێوەیە و پەرەپێدانی لاوازە و ئەوانەی لەبەرامبەریشیدان هێزیان نیە و لاوازن و ئۆپۆزسیۆن شەلەل بووە، یان هەندێک جار بەهۆی پێدانی پشک پێیان لاوازیان کردوون، گۆڕان و کۆمەڵ و بەشێک لەیەکگرتوو و بەشێکی بچوکی یەکێتی ڕازی نەبوون بەودۆخە و خودی نەوشیروان مستەفا بەپێدانی پشک ڕازی نەبووە ئەوەش بەڵگەیە بۆئەوەی کە لەسەرەوە نەوت دابەشدەکرێت، دووبارە وەک پێویستە ئۆپۆزیسیۆن لەلایەن خەڵک پشتوانی نەکراون.

لە سیستەمی سیاسی وادا معارەزەی یاسایی بەزەحمەت پەیدا دەبێت، بەڵکو بەپێی (رۆبیرت مایکل) بە توندوتیژی دروست دەبێت، زیاتر لەوەش(سارتۆری)لەکتێبی (الحزاب وأنظمە الحزاب) دەڵێت (أن الانتقال من حکم الحزب الواحد إلی التعددیە الحیزبیە لا یمکن أن یحدث من دون قطیعە، من دون انفجار، ما یضع حداً للسیاق الحادی ویفتتح الطریق نحو السیاق التعددی) بەکوردیەکەی دەڵێ سیستەمی تاک حیزب وەرناچەرخێتە سیستەمی فرەیی بێتوندو تیژی و راپەڕین نایەتە دی، لێرە وەک هەنگاوێکی ئیجابی معارەزە بەبێ توندوتیژی سەری هەڵدا، بەڵام کێشەی یاسای و سیستەمیان هەبوو، لە وڵاتانی دیموکراسی معارەزەو دەسەڵاتدار وەک یەک مافی یاساییان لە پێکهاتەی دەسەڵات هەیە، بەڵام لە کوردستان معارەزە زیاتر تاوانبارەو ئابلۆقەکانی یاسایی و ئیداری و سیاسی و مادی و ماڵداریشی لەسەر بووە، زۆر بەخێرایی توندوتیژی و تۆقاندنی لەدژی بەکارهاتووە یان بەسەربازیانە راستەوخۆ یان لەڕێی دەزگاکانی یاسایی لەژێر ناو

ناتۆرەی جیاجیا، بێبەش بووە لە هەموو داهات و ئیجابیەکانی وڵات، بەڵام ڕۆژبەڕۆژ بەرەو باشیە.

**ئازادی کۆمەڵگە: ناڕەزایەتییەکانی خەڵک لەنێوان جەماوەری بوون و حیزبی بووندا، بۆچی ناڕەزایەتییەکان لە هەرێمی کوردستان نابنە سەرتاسەری؟**

**مەسعود عەبدولخاڵق:** ناڕەزایەتییەکان سەرتاسەریە و باشترین بەڵگەش ئەوەیە هەرکەسێک لەدەسەڵات نزیک بێتەوە شەعبیەتی کەم دەبێتەوە، ئەوە ڕێسایە لە زاخۆوە تا خانەقین، جیاوازیەکەی ئەوەیە لە سلێمانی جۆرێک ئازادی هەیە و لێرە ناتوانرێت ئەو گوزارشتە بکرێت، واتە لە زۆنی زەرد باوەڕ بەو جۆرە چالاکیە مەدەنیە نیە، بایکۆت و خۆپیشاندان لەچوارچێوەی پرۆسەی دیموکراتی دەبێت، بەڵام لەپرۆسەیەکی دیکتاتۆری ڕاپەڕین دەکرێت، خەڵکی زۆنی زەردیش تەواو بێزارن و بەنهێنی پرسیارمان لەفرۆشیاری وێنەی سەرکردەکان کردو وتویانە جاران ئەگەر ڕۆژانە ٥٠ وێنەمان فرۆشتبا ئێستا بە ٢ ڕۆژ وێنەی سەرکردەیەک نافرۆشرێت ئەوەش بەڵگەی ئەوەیە ئەوانەی ئێستا هەرێم بەڕێوەدەبەن شەعبیەتیان نەماوە.

**ئازادی کۆمەڵگە: تائێستا داواکارییەکانی هاوڵاتیان لە موچەدا بچوکراوەتەوە، ئایا چۆن ئاستی ناڕەزایەتییەکان زیاتر بکرێت؟**

**مەسعود عەبدولخاڵق:** زۆر پێویستە ناڕەزایەتیەکان فراوان بکرێت، چونکە ئەگەر ئەو ناڕەزایەتیەکان بەخەبەریان نەهێنێت کوردستان زیاتر تووشی هەڵدێر دەبێت، دەقی ئاینیش باس لەوەدەکات کە هەرگیز گەندەڵ ناگاتە ئامانج بۆیە چەندی ناڕەزایەتیەکان فراوان بێت باشترە، ساڵی ٩٠ کانیش مووچە نەبوو، بەڵام خۆپیشاندان نەبوو، بۆ ئیستا هەیە ؟ ئەوەنیە مامۆستاو فەرمانبەر چاوچنۆک بن وەک حیزبیە دەسەڵاتدارەکان واوەسفیان دەکەن، بەڵکو مامۆستاو فەرمانبەر دەزانن دەسەڵاتدار چاوچنۆکەو بەشی هەموو لایەکی خواردوە، ئەوەی ئێستا ناڕەزایەتی نیە تەنها لەمووچە، چونکە تەنها بۆئەوە خۆپیشاندان ناکرێت، بەڵکو بێزاربوونە لەشتی تریش و خەڵک ناڕەزاییە لەو دەسەڵاتەی ئێستا، خەڵکی بەگشتی ئەوە دەزانن سەرۆکە دیکتاتۆرەکان حەز بەخۆپیشاندانی سیاسی ناکەن، بەڵام زۆر بە خۆپیشاندان وناڕەزایی ئابوری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی قەڵس نین، بۆیە خۆپیشاندانەکانی کوردستان ڕاستەوخۆ سیاسی نیە بە مووچە گوزارش کراوە.

**ئازادی کۆمەڵگە: دەسەڵات لە ئێستادا پرسی شەڕی داعش دەکاتە بیانوو بۆ ئەوەی گۆڕانکاری ساسیی نەکرێت، ئایا ئەمە هۆکار نەبووە قەیرانەکان زۆرترbin؟**

**مەسعود عەبدولخاڵق:** نمونەی جیهان ناهێنمەوە کە لەکاتی شەڕدا چاکسازی گەورە گەورە کراوە، بەڵام نمونەی بەغدا بێنینەوە کە ئیجرائاتی توندی لەوماوە کرد پەرلەمانێکی چالاکی هەیە و سەرۆک وەزیرانی گۆڕی چەند وەزیرێک متمانەی لێسەندرایەوە، عێراق خەریکە قەیرانەکان تێدەپەڕێنێت و هەرێمیش بەپاش دەکەوێت، ئێمە لەگەندەڵی پێش عێراقماندایە، لەهەرێم دزین و تاڵان هەیە و خیانەتی نیشتمانی زیاتر بوو.

**ئازادی کۆمەڵگە: لایەنەکانی دەرەوەی دەسەڵات و چین و توێژەکان لە ئێستادا ئەرکیان چییە بۆ ئەوەی ئەم تەنگەژەیە تێپەڕێنن؟**

**مەسعود عەبدولخاڵق:** لەکوردستان دوو شێوە ململانێ هەیە، یەکیان نێوان حیزبەکانە خۆبەخۆ، دووەمیان میللەت و دەسەڵاتە، ئەوەی دووەم لەوە دێت کەتەبەقەیەکی گەندەڵ سامانی میللەتی خواردوە، مەحرومی کردوە، ئەوە جیایە لە ململانێی حیزبایەتی، باسی من زیاتر ئەوەی دووەمە: واباشە بەرەیەکی گەورە پێبکهێنرێت لەو چینەی غەدر لێکراوە بەهەموو لایەنەکانەوە، کە بەرەیەکی دژایەتی گەندەڵی و ئەوبەشە گەندەڵە بکات کە لەهەرێمی کوردستان هەیە و خەڵکی بێلان و حیزبی تێدابێت و شەرم لە دژایەتیکردنی گەندەڵەکان نەکەین.

پرۆفایل: لەدایک بووی ساڵی ١٩٥٧، لەشاری هەولێر و لە قوتابخانەی (ئیبن خلەکان) قۆناخی سەرەتایی تەواو دەکات، قۆناخی ئامادەیی لە ئامادەیی کوردستان، کۆلێژی زانستی زانکۆی سلێمانی ساڵی ١٩٨١تەواودەکات.

لەساڵی ٢٠٠٧ لە زانکۆی (الجامیعە العالمیە للعلوم الاسلامیە) ی لەندەن ماستەر نامەی لە ( فلسفە العلوم السیاسیە) بەدەست هێناوە، هەورەها خاوەن توێژینەوەیەکی تێروتەسەلە لەژێر ناونیشانی (الأسلام و العلمانیە و اثرهما فی نشاە الدولة العراقیە)، دوایی دەزگایەکی ڕاگەیاندنی بەناوی (ستاندەر) دامەزراند، چەند بەرهەمێکی نووسین و لێکۆڵینەوەی هەیە.

# بۆچی پەکەکە جیاوازە!!



شیکاری: دیاری خالید

لە٢٧-١١-١٩٧٨، پارتی کرێکارانی کوردستان ناسراو بە (پەکەکە)، لەپارێزگای (دیاربەکر) دامەزرا، هەرچەندە ریشە و بناخەی پەکەکە لەسەرەتای ١٩٧٠کانەوە دەستی پێکردو لە قۆناغ و سەردەمێکی سەخت و دژوار دروست بوو، بەڵام توانیان ئەزموونێکی نوێ و شێوازێکی جیاواز لە کاری حیزبایەتی بخەنەڕوو، هەم لەسەر ئاستی بزووتنەوە کوردیەکان و هەم لەسەر ئاستی تورکیا. چونکە حیزبێکی ناوچەی و لۆکاڵی نیە و لەپێناو نەتەوەیەک بەتەنیا کاری نەکردوە.

لەم نوسینەدا هەوڵدەدەم شیکاریەکی کورت بۆ دروستبوونی ئەو حیزبە و لایەنە جیاوازەکانی بخەمەڕوو.
هەرچەندە چەندین رەخنە و تێبینیم لەسەر کارکردنی پەکەکە و لایەنگرانی هەیە، بەتایبەتی لە ساڵانی پێش دەستگیرکردنی ئۆجالان، وەک کەمی مەوداکانی ئازادی رادەربڕین، رێگیریکردن لەکاری سیاسی حیزبی دیکە و چەندانی دیکە، بەڵام بۆ ئەمانە ئەو حیزبە وەڵامی خۆی هەیە و لەسەردەمی شۆڕش هەموو شتێک ئاسایی نیە، بۆیە بەشێوەیەکی گشتی پەکەکە حیزبێکە خاوەنی تایبەتمەندی و ناسینەوەی خۆیەتی.

قۆناغی دروستبوونی پەکەکە، قۆناغ و سەردەمێکی سەخت بوو، بەوپێیەی جوڵانەوەی کوردی لەهەرچوار پارچەی کوردستان لاوازبوو یان شکستی هێنابوو، بەتایبەتی لە وڵاتی تورکیا کە بەهۆی (ناتۆ)و هاوکاری وڵاتانی ئەوروپا سوپایەکی بەهێزی هەبوو، لە باشووری کوردستان بەتایبەت دوای رێکەوتننامەی جەزائیر لە ساڵی (١٩٧٥)و، دەستبەردانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق لەخەباتی چەکداری، هەروەها پارچەکانی دیکەی کوردستان ئومێدێکی ئەوتۆیان بەکاری چەکداری نەبوو، بەڵام پەکەکە لەبەر شێوازی کارکردن و رێکخراوەییان بەچەندین تاکتیک و ستراتیژەوە، بەسەر زۆرینەی ئاستەنگیەکان سەرکەوتن و لەئێستادا پێگەی لە سەرجەم پارچەکانی کوردستان هەیە و لە سەر ئاستی نێودەوڵەتیشەوە پێشڤەچوونی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە. هۆکاری جیاوازی خەباتیان و مانەوەیان بە بەهێزی بۆ ئەم چەند خاڵە دەگەڕێتەوە کە لێرەدا باسیان دەکەین.

١. سەرەتای خەباتیان بە پێی پلان و بەرنامە بوو، نەک هاوشێوەی زۆرینەی بزووتنەوە کوردیەکان کە سیاسەتیان وەک رەد فێعل و پەرچەکرداری لایەنی بەرانبەر دەست پێدەکرد. بەڵام پەکەکە پێش دروست بوونیان بەشێوەی کاری رێکخراوەی لەناو زانکۆی (ئانکارا) لەلایەن کۆمەڵێک گەنجی هۆشیار بەسەرپەرشتی ئۆجالان دەستی پێکر و بە شوێنەکان دەگەڕان باسی کێشەکانی ئەوسەردەمەیان بۆ خەڵکی دەکرد و هۆشیاریان دەکردنەوە. بۆیە پەکەکە پێش رزگارکردنی خەڵکی هۆشیاری دەکردەنەوە و فێری ئازادی دەکردن.

٢. زۆرینەی ئەندامانی پەکەکە، لە خەڵکی چینی هەژار و کەسانی ئاسایی کۆمەڵگە پێکهاتبوون و دژی دەرەبەگ و چەوسێنەران شەڕیان دەکرد. ئەم خاڵە دەکرێت بە جەوهەری جیاوازبوونی ئەو حیزبە دانرێت لەگەڵ حیزبەکانی دیکە، چونکە زۆرینەی زۆری حیزب و بزووتنەوە کوردیەکان، لەلایەن چینێکی سەرەوە و دیاریکراوی کۆمەڵگە دروست بوون و بەشێک لەخەباتیان لەپێناو دەسکەوتەکانی ئەو چینەدایە، کە زۆرینەی جار کەسانی خاوەن عەشیرەت و ئاغا و دەرەبەگەکان بوون و رێگەیان نەداوە بە کەسانی ناو چینەکانی خوارەوە بەئاسانی بەرپرسیارێتیان هەبێت. بەئەقڵیەت و ئایدیایەکی ناوچەیی بیریان کردوەتەوە و داواکاریەکانیان سنورداربوون. هەربۆیە کەوتنی زۆرینەی جوڵانەوەکانیش بەهۆی باڵا دەستی ئەم چینە و لاوازی کاری سیاسی و پەیوەندی دیبلۆماسی و دروستکردنی پەیوەندی و خۆشباوەڕیانەوە بووە.

٣. خەباتیان تەنیا لەپێناو نەتەوەیەک و ناوچەیەک دەست پێنەکرد، بەڵکو کەسانی نەتەوەکانی دیکەی ناو کورد بەشداربوون لە رێکخراو و حیزبەکەیان، وەک حەقی

قەرار و کەمال پیر، هاوڕێی نزیکی ئۆجالان، لەمەدا پەکەکە توانیویەتی حیزبی نەتەوەیی و ناوچەیی تێپەڕێنێت و وەک حیزبێکی جیهانی تەماشابکرێت، کە بەپێی چەند بنەما و یاسایەک خەڵکانی گەل و ئاین و نەتەوە جیاوازەکان دەتوانن ببنە ئەندام. لە ئێستادا لە زۆرینەی وڵاتانی جیهان پشتیوانی هەیە و توانای جوڵانی شەقامیان هەیە، ئەمەش یەکەم حیزبی کوردیە بەربەستە ناوچەییەکانی تێپەڕاندبێت. هەروەها پەکەکە سۆز و عاتیفەی کوردایەتی نەکردوەتە دروشم و دروستکردنی هەستی رەگەز پەرستی و رقبون لە ئاین و نەتەوەکانی دیکەی نەکردوەتە ئامانج. ئەمەش لە شۆڕشەکەی رۆژئاوای کوردستان کە لە هەناوی پەکەکە وە دروست بووە زۆرینەی هێز و لایەن و نەتەوەو مەزهەبە جیاوازەکان بەپێی قەبارە و قورساییان بەشدارن لە کار و خەبات.

٤. کارنەکردن بە سۆز و عاتیفەی کوردایەتی و نەتەوەپەرستی، بەڵکو هەوڵی چارەسەری کێشەکانی کوردیان بەشێوازێکی گەورەتر دەدا. لەمەشدا دەگەڕێینەوە بۆ حیزبەکانی دیکە، کە بەئایدیا و بۆچوونێکی کورت بینینیانەوە کێشەی کوردیان کردوەتە ئامانج و بۆ خاڵە جەوهەریەکان نەگەڕاونەتەوە کە کێشەی مرۆڤە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. وەک ئەوەی رێبەری ئەو حیزبە لە بەرگرینامەکانی باسی دەکات چارەسەری نەتەوەکانی دیکەی ناوچەکە بەشێک دەبێت لە خەباتی پەکەکە.

٥. وەرگرتنی ئەندامی نوێ، بە پێی فلتەر و هەڵسەنگاندن بووە لەسەرەتای دروست بوونیانەوە تاکو ئێستا، بەمەش لە ماوەی چەند ساڵی دامەزراندنی پەکەکە ئەندامەکانی زۆر کەمبوون، بەتایبەتی لە ساڵانی ١٩٨٠کان، کە بەتەواوی پێچەوانەی حیزب و رێکخراوە کوردیەکانی دیکە بوون کە بەلێشاو ئەندامیان وەردەگرت. ئەوەی پەکەکەش پەیوەندی بە باری ئەمنی ئەو سەردەمە و دزە پێنەکردنی زانیاری بووە کە بڕوایان بە چۆنێتی هەبووە نەک چەندایەتی، هەروەها پەکەکە بە وردی چاودێری ئەو کەسانەی کردوە کە دەبوونە ئەندام تاکو دووربن لە کاری سیخوڕی و ئاشکراکردنی نهێنی حیزب، ئەمەیە وای کردوە کە هەندێک پێیان وایە پەکەکە تیرۆرن و موتڵەقن و خەڵکیان قبوڵنیە ریزەکانی ئەو حیزبە چۆڵبکات.

٦. بەپێچەوانەی بزووتنەوە و حیزبە کوردیەکان کە کەسی یەکەمی حیزبەکەیان دەکوژرا، یان دەستگیردەکرا، پەرتەوازە دەبون، بەڵام پەکەکە دوای دەستگیرکردنی عەبدوڵا ئۆجالان رێبەری ئەو حیزبە بەهێزتربوون، یان دروسترە بوترێت پەرتەوازە نەبوون، بەڵام حیزب و پارتە کوردیەکانی دیکە بەنەمان و دیارنەمانی کەسی یەکەم دابەشبوون یان لەناوچوون.

٧. لەهەر قۆناخێکدا پلان و تاکتیکی شەڕ و سیاسەتیان دەگۆڕن و بەواقیعی ئەو سەردەمە خەبات دەکەن. هەندێکجار تاکتیکی شەڕ و هێرش بردن، هەندێک جار تاکتیکی خەبات لەشار، خەبات لەناو پەرلەمان، ئەمانە و چەندانی دیکە کە بەبێ پاشەکشەکردن لە ئامانجە سەرەکیەکانیان، بەڵام بزووتنەوەکانی دیکە لەماوەی هەموو تەمەنیان داواکاریەکانیان سنورداو چەقبەستوبوون.

٨. مەبدەئو ئینتیمای کارکردن، لە ناو پەکەکە ئینتیما و مەبدەئی کارکردن و خەباتیان پێچەوانەی زۆرینەی حیزبەکانی دیکەیە، بەتایبەت حیزبەکانی باشووری کوردستان، کە زۆرینەی ئەندامەکانیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان و سودی ماددی کاردەکەن، بەڵام ئەمە تاڕادەیەکی زۆر لای پەکەکە جیاوازە، هەرچەندە بەشێک لە رەخنەگرانی ئەو حیزبە باس لەوەدەکەن هێشتا پەکەکە خەباتی شاری نیە، بەڵام ئەزمونی رۆژئاوای کوردستان وەک بەشێک لەخەباتی پەکەکە دەریدەخات بەتەواوی جیاوازن .

٩. کۆتا خاڵ کە گرنگە بەلامەوە، هەم خودی عەبدوڵڵا ئۆجالان و هەم پەکەکەیە، کە رێز و تەقدیری ئاین و مەزهەب و نەتەوە و گەلە جیاوازەکانی گرتوە و سوکایەتی پێنەکردون، هەروەها ژنان توانیویانە لەم حیزبەدا تواناکانی خۆیان پیشان بدەن، بەبێ ئەوەی پەکەکە ئیدیعا بۆ مافی ژنان بکات و چەندین بارەگا و رێکخراوی تایبەت بە ژنانی هەبێت، دیارە ئەمانە لە زۆرینەی حیزب و بزووتنەوە کوردیەکاندا بوونی نەبوە یان لاوازبووە. بۆیە دوای ٣٨ ساڵ لە دامەزراندنی ئەو حیزبە، ئەوەی لاوازە تیایدا پەیوەندی دەرەوەیە، پێویستە گرنگیبدەن بە سیاسەتی دەرەوە و دروستکردنی پەیوەندی نێودەوڵەتی ، بەتایبەت لەگەڵ ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپا، کە لە ئێستادا پەیوەندیەکی باشیان نیە.

# گرنگیا میسل(موصل)دزاکیرەیا دێروک ودئەرناڤێ کورد و کورستانیان دا..!!



سید ئەکرم خالد

١- دەستپێکەکا فەر:

هەڵبەتە دەبێ خۆ لەو خەڵەتاندن و خۆڵەتاندنەش بەدوور بگرین کە گوایە مادام لەناو تەڤگەرێکی شۆڕشگێڕی دایت کەواتە تۆ شۆڕشگێڕیت و ئیدی تەواو بوویت بە شۆڕشگێڕ!!. بێگومان ئەمە خەڵەتاندن و وەهمێکە و ئەوانەی لە ماهییەتی شۆڕشگێڕانەی ڕەخنە و ڕەخنەدان تێنەگەیشتوون تێیدەکەون. ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر شۆڕش بۆخۆی کردەیەکی بەردەوامی ڕەخنە و ڕەخنە لەخۆگرتنە لەبیر و گووتە و کرداردا، ئەوا شۆڕشگێڕێتی ناو ئەو شۆڕشەش هەر بریتییە لە بەردەوامبوون لەسەر ڕەخنە و ڕەخنەدان لە بیر و گووتە و کرداردا. ئەگەرنا ئیدی هەرتەنیا هەبوونت بە جەستە لەناو بزاڤێکی شۆڕشگێڕیدا بە واتای ئەوە نییە کە ئیدی تۆ شۆڕشگێڕیت و هەموو تایبەتمەندییەکانی شۆڕشگێڕیت تێدا بەرجەستە بووە. شۆڕشگێڕێتی وەها نییە. شۆڕشگێڕێتی بیر و گووتە و کردارە، ڕۆحێکی چالاك و ویژدانێکی زیندووە. کەسێتی شۆڕشگێڕ تا ئەوکاتە شۆڕشگێڕ ە کە دەستەبەرداری ئەو دینامیکە شۆڕشگێڕییەی خۆی نەبووە، کە ڕەخنە ڕەخنەدانە. لەڕاستیدا کرۆك و ماهییەتی شۆڕشگێڕێتی بۆخۆی بریتییە لە ڕەخنە و ڕەخنەدان. ڕەخنە و ڕەخنەدانیش لەبنچینەدا بریتییە لە هێنانە کایەی باوەڕی، هیوا، بڕیار، ئیرادە و وزەی تێکۆشانی بەردەوام. هەروەها بریتییە لە جورئەت، دڵسۆزی و وەفاداری.

لەکاتێکدا شۆڕشگێڕێتی لێگەڕی حەقیقەت و ئەشقی ژیانی

ئازادە، ئەگەر رەخنە و رەخنەدان نەبێتە بەرهەمهێنی کەسێتییەك كە رێبواری رێی گەیشتن بە حەقیقەت و ژیانی ئازاد بێت، ئەوا دیارە لە كرۆك و ماهییەتی خۆی ڤاڵا كراوە. هەر كاتێك فەلسەفەی شۆڕش و شۆڕشگێڕێتی لەسەر بنەمای رەخنە لە مێژوو و ئێستادا لەدایكبوو و پێشكەوت، هەروەها لەناواخنی خۆیشیدا پرۆژەی گۆڕان و وەرچەرخانی بنچینەیی پێبوو ئەوا ئەوكاتە دەتوانرێ بە فەلسەفەیەكی رەخنەگرانەی رادیكاڵ و ئایندەئامێز لەقەڵەمی بدەین. ئەگەرنا رەخنەی پەنا دیواری ریفۆرمیستی و پاسڤیستانە ناتوانێت رۆحی شۆڕشگێڕی بنوێنێت. بێگومان بۆ ئەوەی هەڵە لەم مەسەلەیە تێنەگەین ئەوا دەبێ ئەوە بخەینەڕوو كە رادیكاڵبوون بەواتای توندوتیژبوون نایەت و هیچ پەیوەندییەكی بە زەبروزەنگ و توندوتیژخوازییەوە نییە. هەروەها شۆڕشیش لە كرۆكی خۆیدا هەرچەندە تێكدان و بونیادنانەوەیە، هیچ پەیوەندییەكی بە زەبروزەنگ و توندوتیژخوازییەوە نییە، تەنانەت لەبنەڕەتدا زەبروزەنگ بۆخۆی دۆخێكی دژە شۆڕشییە و شۆڕشی چەواشە یان سیستەمی دەسەڵاتدارێتی پەرەی پێدەدەن. بەڵكو شۆڕشگێڕێتی ئەوەیە چەندە رەخنە لە مێژوو و ئێستای كۆمەڵگە و سیستەمی باڵادەست دەگرێت، چەندە خاوەن پرۆژەیت بۆ گۆڕانی دۆخی هەنووكەیی و كردنەوەی دەروازە بەڕووی داهاتوویەكی جیاوازتری باشتر؟! بۆیە توند رەخنەكردن بەواتای رادیكاڵبوون نایەت. بەڵكو بە واتای سەرەڕۆیی دێت. هەروەها توندوتیژخوازی بەواتای بەرپاكردنی شۆڕش و شۆڕشگێڕێتیش نایەت. ئەمە وەهەم و خۆخەڵەتاندنێكی مەزنە و باشووری كوردستانی تێدا نغرۆ بووە.

بێگومان وەك چۆن رەخنە گلەیی و گازاندە نییە، سكاڵا و شكاندنەوە نییە، ئاوەهاش رەخنەدان كڕوزانەوە و پاڕانەوە نییە، خۆتاوانباردیتنی بەردەوامیش نییە. هەروەها چەمكی "هەزار گوناح و یەك تۆبەش نییە". بۆیە لەكاتێكدا رەخنە بۆ پێشكەوتن و گۆڕانكارییە، بۆ جوان دیتنی رەخنەلێگیراو و جوان هێشتنەوەیەتی، ئەوا رەخنەدانیش بۆ خستنەڕووی باوەڕییە بە پێشكەوتن و گۆڕانكاری، بۆ پێداگری بڕیاردەرانەیە لەسەر مانەوە بە جوانی و ئیرادەی جوانی هەر تاك و رێكخستن و كۆمەڵگەیەك. كەواتە وەك چۆن رەخنەگرتن پێویستی بە باوەڕی و بڕیار و ئیرادە و هێزی رەخنەگرتن هەیە، ئەوا مسۆگەر رەخنەدانیش بۆخۆی خستنەڕووی ئەو باوەڕی و بڕیار و ئیرادە و هێزەیە.

بۆیە كەسێتی شۆڕشگێڕ كەسێتییەكی گلەییكار و گازاندەكار نییە لەدەوروبەرەكەی و بەرامبەرەكەیشی ناشكێنێتەوە، هەروەها خۆ ناخاتە دۆخی كڕوزانەوە و پاڕانەوە و خۆتاوانباردیتنی بەردەوام. بەڵكو هەمیشە لە دۆخی جوانكردنی بیر و گووتە و كرداریدا دەژیت و لەهەوڵی ئەوەدایە هەمان دۆخیش بۆ دەوروبەرەكەیشی بێنێتەدی. بۆیە رەخنەو رەخنەدان وەك دۆخێكی شۆڕشگێڕی بەردەوام پێچەوانەی دۆخی نەرگسییەت و لەخۆڕازیبوون و فوو لەخۆكردنە.

## كەسێتی دۆگماتیك (چەقبەستوو) كەسێتییەكی داخراوە، قاڵبدارە، ئەزبەرەچییە، رەهاگەرا و رەشبین و مەرگدۆست و تاكڕەوە

بە پێچەوانەی كەسێتی شۆڕشگێڕ، دوو جۆرە كەسێتی تر هەن كە هەرگیز ئامادەنین نە رەخنە بگرن و نە رەخنەدانیش بدەن، ئەوانیش كەسێتی دۆگماتیك و كەسێتی لومپەنن. ئەو دوو جۆرە كەسێتییە هۆكاری دۆگماتیكبوون و لومپەنبوونیشیان هەر ئەوەیە كە كەسێتییەكی رەخنەگر و رەخنەلەخۆگر نیین.

كەسێتی دۆگماتیك (چەقبەستوو) كەسێتییەكی داخراوە، قاڵبدارە، ئەزبەرەچییە، رەهاگەرا و رەشبین و مەرگدۆست و تاكڕەوە. مەرگی خۆی لە رەخنەگرتنی ئەو و رەخنەدانی خۆیدا دەبینێت، كەسی ئەقڵداخراو پێی وایە هەموو ئەوەی ئەو بیری لێدەكاتەوە و دەیڵێت و دەیكات راست و رەوانن و جێی مشتومڕ نین، لەوەهمێكی كوشندەی وەها دایە كە حەقیقەتەكان هەمووی تەنیا لای ئەوە، ئەو خۆی لە كانزایەكی پیرۆز و خوداییەوە دروستبووە و قابیلی رەخنە و رەخنەدان نییە. هەمیشە خۆی راستبین و راستگۆ و راستبێژ و هەڵگری راستییەكان دەبینێت و باوەڕیشی وایە كە هەروایە و یەقینەكانیش هەر لای ئەون.

خۆی لە جەهلێكی تێكچڕژاو(مركب)دا دەژی، كەچی خۆی زۆر پێ زانا و دانایە و هەر نازانێ كە نازانێ و ئامادەش نییە دەستەبەرداری ئەو جەهلە مورەكەبەی خۆی بێت. بێگومان دۆگماتیزم دوژمنی سەرسەختی رەخنە و رای جیاواز و خوێندنەوەی جیاوازە. بۆیە كەسێتی دۆگماتیك كەسێتییەكی ترسنۆكە بەرامبەر بە رەخنە و رەخنەدان. فۆبیای رەخنە و رەخنەدانی

هەیە. کەسێتی دۆگماتیك هەر تەنیا لەوانە پێکنەهاتووە کە ئایینگەرایی و ئایینزاگەرایی و تەریقەتگەرایین و دەمارگیرییەکی زۆریان بەرامبەر بە ئایین و ئایینزا و تەریقەتەکەیان هەیە، بەڵکو ئەوانەش دەگرێتەوە کە دەمارگیرن بۆ زانست، یان بۆ ئایدیۆلۆژیا و فیکر و فەلسەفەیەك، کە پێی وایە حەقیقەتەکان لای زانست یان لای ئەم ئایدیۆلۆژیا یان ئەو ئایدیۆلۆژیا و فەلسەفە دایە. ئەمە لەکاتێکدا خودی زانست، بانگەشەی دژ ە دۆگمایی (دژ ە چەقبەستوویی) دەکات، لەوانەیە ئەو ئایدیۆلۆژیا یان ئەو فیکر و فەلسەفەیەی بە دۆگما کراوە لەبنەڕ ەتدا بانگەشەی دژایەتیکردنی دۆگماتیزمیش بکات. ئەم کەسێتییە لە باشووردا مەترسیدارتیرن کەسێتیین و هەر کاتێك بتوانن لە ئاستی زیهنی، یان سیاسی یان کۆمەڵایەتیدا زاڵ ببن ئەوا دۆزەخێکی بێ ئامانی ئەوتۆ بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگەکان دێننەکایەوە، کە لە دۆزەخەکەی ناو کتێبە پیرۆزەکان زۆر مەترسیدارتر بێت. ئێستا لە باشووری کوردستاندا ئەو کەسێتییە وەك تارماییەك بە ئاسمانی کۆمەڵگەدا دەسوڕێتەوە و ئەو گەرایانەی داینابوون وا خەریکە جوکەجوکیان پێکەوتووە و جار جاریش گۆ گیڤ دەکەنەوە و ئیدی بە زمانی هەڕ ەشەئامێز گووتارە دۆزەخییەکانیان پەرش و بەخش دەکەن.

کەسێتی لومپەن (خوێڕی - یان- سەرسەری)یش کەسێتییەکی تەواو بێباکە لەخۆی و لە دەوروبەرەکەی، بێباکە لە مێژوو و ئێستا و داهاتووی، بۆیە بێباکە لە رەخنە و رەخنەدانیش و لای لومپەنەکان بێ واتاترین شتی دونیا رەخنە و رەخنەدانە. بۆیە کەسێتییەکی ملهوڕ ە، توندوتیژخوازە و ماددیپەرست و رەمەکبازە، لەبەرامبەر لەخۆی بەهێزتردا کۆیلەیە و لەبەرامبەر لەخۆی لاوازتریشدا ئاغایە، نەرگسی و تاکگەرا و فوولەخۆکەرە. کاتێك کەسێتی لومپەن لە ئاستی زیهنی، یان سیاسی یان کۆمەڵایەتی ببنە کەسێتی زاڵ و باو، ئەوا لەو کۆمەڵگەیەدا هیچ شتێك نامێنێ ناوی بەها و جوانی و ئافراندن و رێز و خۆشەویستی و بەیەکەوە ژیان و زبارەیی بێت. هەموو شتێك لە قاوخی بێباکی و چڵێسی و نەوسنی و مشەخۆری لومپەنەکاندا دێت و دەچێت. ئەوەی لە باشووردا ئێستا تاك و کۆمەڵگە بەدەستیەوە دەناڵێنێت گەیشتنی ئەو کەسێتییە لومپەنەیە بە ئاستی حوکمڕانی و خاوەن دەسترۆیی و باڵادەستیی گشتگیردا.

لە کۆمەڵگەیەکی سروشتیدا؛ کەسێتی شۆڕشگێڕی ئافرێنەری هەمیشە رەخنەگری رەخنەدەر کەسێتی نموونەیی و بەهادارە. بەڵام جێی کەسێتییە دۆگمایی و لومپەنەکان لەو کۆمەڵگەیانەدا لە پەراوێزی تاریکی دان و تەنانەت جێیان پێ جێ نییە بەدەست راستینەی تاك و کۆمەڵگەیەکی رەخنەگر و رەخنەدەردا. هەمیشە خەریکی خۆشاردنەوەی راستییەکانی خۆیانن و بە پۆشینی دەمامکی جیاواز جیاواز هەوڵدەدەن خۆ بە پەسندکردن بدەن..!!.

-٢-

باشوور؛

گۆڕستانی رەخنە و رەخنەدان

کێشەی ئەمڕۆی باشووری کوردستان لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کەس ئامادەی رەخنە لەخۆگرتن (رەخنەدان) نییە. بۆیە هەرچی رەخنەیەکیش دەکرێت بێ ناوەرۆك و بێواتا و بێکاریگەرە. رەخنەگرتن کاتێك بارگاوی نەبێ بە رەخنەدانێکی قووڵ ئەوا لە قسەی زبر و تاوانبارکردنی بەرامبەر و هەوڵی ریسواکردنی بەرامبەر هیچی دیکە نییە. ئەوکاتە رخنەگرتنەکان زیاتر دەچنە قاڵبی خۆ رزگارکردن و خۆ بێتاوان دەرخستن و خۆبێبەریکردن لەو کەموکوڕی و هەڵانەی کراون و دەکرێن. نەك بۆ ئەوەی راستییەکان بخاتەڕوو و رێگەی چارەسەری بئافرێنێت. لە باشووری کوردستاندا نەك هەر سەرکردە و پارت و لایەنەکان رەخنەدان بۆ هیچ یەکێك لە کەموکوڕی و هەڵە و خیانەتەکانیان نادەن و رەخنە لە خۆ ناگرن و لەو وەهمەدان کە هەموو ئەوەی بیریان لێکردۆتەوە و گووتوویانە و کردوویانە هەمووی راست و باش و لەبەرژ ەوەندی گشتی دابووە و هیچ نەنگییەکی تێدا نییە. ئەمە لەکاتێکدا مرۆڤ ناتوانێ بۆ دەرمانیش راستی و باشییەك بۆ بەرژ ەوەندی گشتی لە بیر و گووتە و کردارییاندا بدۆزێتەوە.!! بێگومان نەبوونی رەخنەگرتن و رەخنە لەخۆنەگرتن سەرەتا مرۆڤ و رێکخستن و تەنانەت کۆمەڵگەکانیش بەرەو غەفڵەت دەبات، دواتر بەرەو تاوانباری و لە دواجاریشدا بەرەو خیانەتی دەبات. بۆیە ئاکامی ترسنۆکی و خۆبەدوورگرتن لە رەخنە و رەخنەدان غەفڵەت و تاوانباری و خیانەتی لێدەکەوێتەوە.

لە باشووردا لەبەر ئەوەی نەك هەر رەخنەدانێك بەرامبەر بە لایەنە رەش و کرێتەکانی مێژووی بزووتنەوەی کوردی نییە، تەنانەت رێگە بە سووکە رەخنەیەکیش نادرێت. هەرچی هاتووە بە رەتکردنەوەی ئەوەی رابردوو هەوڵیداوە نوێبوونەوەیەك ئەنجام بدات و خۆی ببێتە سەرەتایەکی نوێ. بەڵام بێ ئەوەی

ڕەخنەیەکی جددی لە ڕابردوو هەبێت، ئەوەی هەوڵیشی دابێت بە ڕەخنە لەڕابردوو و ڕەخنەی بەرلەخۆی دەستپێبکات، دوایی خۆیشی هەمان ئەو کەموکوڕی و هەڵانەی کردۆتەوە کە پێشتر گوایە ڕەخنەی لەوەی پێشەوەی خۆی گرتووە. واتا ڕەخنەکانی کرچ و کاڵ و بێ بنەمای فیکری بووە، ڕەخنەگرتنەکانی لە ڕابردوو نەبۆتە پرۆژە بۆ ئێستا و داهاتوو، بۆیە ڕەخنەکان زیاتر بۆ خۆ پاك نیشاندان و کرێت نیشاندانی بەرامبەر و خۆ باش نیشاندان و خراپ نیشاندانی بەرامبەر بووە. لە ئەنجامیشدا نەك هەر ئەوەی ڕەخنەی گرتووە دووبارەی کردۆتەوە، تەنانەت ئەوانەیشی تێپەڕاندووە کە پێشتر ڕەخنەی کردوون. ئەمە تراژیکۆمیدی دۆخی ڕەخنەیە لە بزووتنەوەی کوردیدا. بۆیە هەموویان لەیەکدی دەچن. ناکۆکی و شەڕەکانیان بەدرێژایی زیاتر لە نیو سەدەی ڕابردوو لەوە دانییە کە لەیەکتر جیاوازن، بەڵکو لەوەدایە کە تەواو لەیەکتر دەچن. بۆیە شەڕی یەکتریان لەسەر ئەوەیە کە دەڵێن: مادام من هەم و هەر لە تۆ دەچم کەواتە تۆ بۆ هەیت؟ و دەبێ نەمێنیت. ئیدی هەر یەکێکیان بەوەی دیکە دەڵێت بۆ ئەوەی من هەبم دەبێ تۆ نەبیت.

ڕەخنە و ڕەخنەدان نە وەك فەلسەفە و هزر، نە وەك هەڵوێست و کردار، نە وەك میکانیزم و نەوەك دینامیزم لە باشووردا لەئارادا نییە. واتا ڕەخنە و ڕەخنەدان نەبۆتە فەرهەنگ و چاندی تاك و کۆمەڵگە. بۆیە نەبوونی ڕەخنە و ڕەخنەدان هۆکاری بنچینەیی گەندەڵییە، گەندەڵبوونیش بۆخۆی بۆگەنبوونە، زەڵکاوبوونە. ئەوەی ئێستا گەندەڵبووە هەر تەنیا دەسەڵاتدارێتی نییە، کە خۆی سروشتێکی گەندەڵیانەی هەیە و کرۆکی دەسەڵات کرۆکێکی گەندەڵە، بەڵکو کەسێتی و کۆمەڵگە بەهەمووپێکهاتە و جومگە و پەیوەندی و بەهاکانییەوە گەندەڵ بووە یان برێك گەندەڵی بەرکەوتووە. ئەوەی نا ئاساییە ئەمەیە. ئەگەرنا خودی دەسەڵات، جا هەر دەسەڵاتێك بێت، بۆخۆی واتا گەندەڵی، سیستەمی دەسەڵاتدارێتی هەر لە سەرەتای لەدایکبوونییەوە، کە زێدەبایی و قۆرخکاری زێدەبەرهەم سەرچاوەکەیەتی، لەسەر بنەمای گەندەڵی پەیدابووە و نە لە ڕابردوو و نە لە ئێستا و نە لە داهاتووشدا ناتوانرێت دەسەڵاتدارێتی لە گەندەڵی پاکبکرێتەوە. چونکە خۆی بەرهەمی گەندەڵییە. لە کاتێکدا لەنێو سیستەمی کۆمەڵایەتی هەر کۆمەڵگەیەکدا کە دینامیکی ڕەخنە و ڕەخنەدان بە پێوانەی بەها ئەخلاقییەکان تێکشکێنرا و ئیفلیج کرا، ئەوا ئیدی خودی کۆمەڵگەکە دەبێتە بەرهەمهێن و درێژەپێدەری سیستەمی دەسەڵاتدارێتی گەندەڵکار و مانەوەی بەردەوامی ئەو سیستەمە. ئیدی کە ڕەخنە و ڕەخنەدان لە باشووردا نەك هەر وەك دینامیك و هەڵوێست و کردار لەئارادا نەبوو، تەنانەت وەك هزر و فەلسەفەی ژیانی کۆمەڵگەش لەئارادا نەبوو، ئەوا دوو هزر و فەلسەفەی دیکە پەرەدەسێنن کە ئەویش دۆگماتیزم و لومپەنیزمە. بۆیە لە ئاکامدا دوو کەسێتی هەرە بەرچاو و باو و باڵادەست لە باشووردا کەسێتی دۆگماتیك و کەسێتی لومپەنێتییە. ئێستا کلتوور و نەریتی دۆگماتیزم و لومپەنیزم لە برەو دایە و گەشەدەسێنێت. لەلاتان سەیر نەبێ، هونەرمەندی لومپەن، شاعیری لومپەن، ڕۆژنامەوانی لومپەن، سەرکردە و سیاسەتمەداری لومپەن، حزب و ڕێکخستن و بزووتنەوەی لومپەن، گەنجی لومپەن، ژنی لومپەن، مەلای لومپەن..... تا دەگاتە دەسەڵاتێکی لومپەن تا دێت گەشە دەسەنن. لەبەرامبەریشدا بەهەمان شێوە بۆ کەسێتی دۆگماییش هەر ڕاستە و ئیدی لە برەو دایە.

## تاڵانکاریش بۆخۆی دوا قۆناخ و لوتکەی هەموو جۆرە گەندەڵییەکە

بە مسۆگەرییەوە دەڵێم؛ دەسەڵاتی باشوور دەسەڵاتێکی لومپەنە (خوێرییە) و ئایدیۆلۆژیاکەیشی لومپەنیزمە. چونکە ئەوەی دەسەڵاتی بەدەستەوەیە خاوەن کەسێتییەکی لومپەنێتییە و بە کلتووری لومپەنیزم گەورە بووە. بۆیە هیچ بەهایەکی بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگە، چاند و هونەر، بەها ئەخلاقی و مرۆییەکان نییە. ئەوەی دەسەڵاتدارێتی لومپەنێتی باشوور لە زۆرێك لە دەسەڵاتدارەکانی تر جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە گەندەڵێتی دەسەڵاتداری گەیاندۆتە ئاستی تاڵانکاری. تاڵانکاریش بۆخۆی دوا قۆناخ و لوتکەی هەموو جۆرە گەندەڵییەکە. ئەمەش بەبێ لەدایکبوونی کەسێتییەکی شۆڕشگێر و بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی ڕادیکاڵی لەناو جەماوەردا ئەوا بەلاوەنانی ئەو دەسەڵاتە لومپەنەی کە کەسێتییە دۆگماتیکەکان پشتیوانی لە مانەوەی دەکەن، زۆر ئەستەم و دژوار دەبێت.

لە بەشی داهاتوودا هەوڵدەدەم لە ئاستی باشووردا زیاتر قسە لەسەر تایبەتمەندی هەر سێ کەسێتییەکە (شۆڕشگێڕ، دۆگمایی، لومپەن) و هەوڵدان بۆ زیندووکردنەوە و پەرەدان بە فەلسەفە و پارادایمی ڕەخنە و ڕەخنەدان بکەم.

# کوردستان لە نێوان مەنگەنەی داگیرکەریی و تێکۆشانی ئازادیی



رێبوار رەشید
هاوسەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان

رۆژی ١٩٩٢/٥/١٩ هەڵبژاردنێکی گشتیی، دەر لە ناوچە دابڕاوەکان، لە باشووری وڵات ئەنجام درا. لەو دەمەدا بارودۆخی باشووری کوردستان و بەشەکانی دیکەی کوردستان فرە خراپ بوو. بەڵام خەڵکی هەموو کوردستان بە هیوا و ئاواتێکی مەزنەوە لەو ئەزموونەی باشووریان دەڕووانیی. باشوور بۆ ئەوان قیبلەی ئازادیی بوو، ئاهی ساردی خانی و حاجی و پیرەمێرد و قانع و بێکەس و هێمن و سەدانی دیکە لەوێدا وچانی گرت، لەوێدا دڵیان گەرم داهات و هیوایان دووبارە شین بووەوە و ژیایەوە. چاوەڕووانیی خەڵکی هەموو کوردستان لە باشوور زۆر بوو. باشوور بۆ ئەوان ئەو سەنگەرە گوڵستانە بوو کە دەبوو بە کۆڵەکەی کوردستانێکی ئازاد و دیموکرات و سەربەخۆ.

حکومەتی سەددام حسێن هەڵبژاردنەکە و دامەزراندنی پەرلەمانی باشووری کوردستانی بە ناشەرعی دانا، حکومەتی سووریا و تورکیا و ئێران بە هەوڵی دابەشکردنی ئێراق و بە کاری ناپێویست و بە فیتنەی جیهانی رۆژئاوایان دانا. لە مەیدانی نێونەتەوەییدا حکومەتی تورکیا زۆر بە توندیی دژایەتیی ئەو ئەزموونەی دەکرد.

لەو چارەکە سەدەیەدا خەباتی ئازادیخوازی خەڵکی کوردستان زۆر پێشکەوتووە. سەرەرای گرتنی تێکۆشەر بەرێز عەبدوڵڵا ئۆجالان و هێرشی گەورەوگرانی سەربازیی بۆ سەر قەندیل، هەوڵدان بۆ تێکدانی هەموو تێکۆشانێکی سیاسیی لە باکوور و لە ناو پەرلەمانی تورکیا، پەلاماری دڕندانەی چەتەکانی داعش بۆ سەر باشوور، بۆ سەر رۆژئاوا و باکووری وڵات، سەرەرای هەموو شەرێکی پروپاگەندەیی ئێران و تورکیا بۆ سەر خەباتی ئازادیخوازیی خەڵکی کوردستان، هێشتا خەبات و تێکۆشان بەردەوامە و رۆژبەرۆژ گەرمتر و بەجۆشتر و سەرکەوتووتر لە مەیداندا دەردەکەوێت.

داگیرکەران لە دەسکەوتی باشوور بۆ هەڵبژاردنی گشتیی (ئەگەرچی لە سەر ئاستی باشوور سەرانسەرییش نەبوو)، بۆ هەبوونی پەرلەمانێک و حکومەتێک، بە هەبوونی سوپایەکی گەریلای بە دیسپلین لە باکوور کە سوپایەکی گەریلای بە مەشق و خاوەن بیروباوەری شۆرشگێرییە، بە خەم و نیگەران بوون. بۆ داگیرکەران هەموو کارێک لە پێناو لە ناوبردنی ئەو دەسکەوتەی باشوور و ناوزراندنیەتی، هەروەها بۆ تێکشکاندنی خەباتی سیاسیی و سەربازیی و فەرهەنگیی باکووره.

پاش کەوتنەوەی ئاگری "بەهاری عەرەبیی" لە سووریا، بۆ جیهان دەرکەوت کە تەنها هێزێکی سیکولاری پێشکەوتووخوازی پلورالیزمی بەدیسیپلین کە ئامادەیە خوێن بۆ ئازادیی خۆی بدات خەڵکی کوردستانە لە رۆژئاوا. لە رۆژئاوا و لە خەباتی باکووردا، هەروەها ئەوەیش دەرکەوت کە کورد و کوردستانیان ئیدی هەمان کوردی پێشوو نیین، ئێستا جۆرێک لە کوردستانیان هەن کە نابن بە سەربازی کەس، کە رێگا بە جەوانان و ژنان دەدەن لە تێکۆشاندا بەشداربن و رۆڵی رابەرایەتیی و سەرکاروانیی ببینن، کە کورد دەتوانێت مافی پێکهاتە ناکوردیەکان و ئایین و ئایینزاکانی دیکە لە کوردستان بپارێزێت. ئەوەش دەرکەوت کە کورد بووە بە هێزێکی سەربازیی ئەوتۆ کە ئیدی کەس ناتوانێت بیشکێنێت. نەعرەتەی ژنانی کورد جێگای شانازیی مرۆڤایەتیی پێشکەوتووخوازە.
سەلماندمان کە کۆتاییمان بە مێژووی تەسلیمبوون و بە ژیانی کۆیلەئاسا هێنا.

ئەم راستیانە هەر چوار داگیرکەری کوردستان دەترسێنێت. ئێراق و سووریا کە لە بارودۆخێکی دژواردان باسێکی جودایە، بەڵام ئێران و تورکیا پێکەوە هێرشێکی گەورەوگرانی پروپاگەندەیی، سیخوریی و سەربازییان هێناوەتە سەر هەموو کوردستان.
ئامانجی ئەوان دیارە:
١. بەدناوکردنی باشووری کوردستان کە لە سەرەتادا بە قیبلەی ئازادیی کوردستان دەچوێنرا و هەوڵدان بۆ ناوزراندنیی لەو پەری گەرمیی خۆی دایە، دەخوازرێت نیشان بدرێت کە سەرانی کوردان لە باشوور ناتوانن خەڵکی خۆیان بەرێوەببەن، کە تەنانەت پێویستیان بە ماست و تەماتە و خەیاری دەوڵەتانی چواردەوره، کە

دەست و دامێنی دەسەڵاتدارانیان پیسە، کە دەسەڵاتدارانی باشوور بێ توانا و بێ دەربەست و بێخەمن و کە رۆحانی و ئەردۆگان ئەڵتەرناتیڤی زۆر لەوان باشترن. ئەم هەوڵەی تورکیا و ئێران و ئەوانی دیکە هەر بۆ نائومێدکردن و رووخاندنی خەڵکی باشوور نییە، بەڵکو بۆ نائومێدکردن و ترساندن و رووخاندنی کوردانی بەشەکانی دیکەشە.

٢. تێکدانی ئەزموونی رۆژئاوا کە دەبینن لە رووی جوگرافیاوە باشووری کوردستان بە دەریای رۆژهەڵاتی ناوین دەگەیەنێت و دوو بەشی کوردستان پێکەوە گرێ دەداتەوە.

٣. تێکدانی بەرخۆدانی قەندیل و رووخاندنی ورەی کوردستانیان لە باکوور کە ئەستوون و پایەی سەرەکیی خەباتی ئازادیخوازیی کوردستانن.

سەرئەنجامگیریی لەم تێگەیشتنە ئەوەیە کە ئەرکی سەرشانی هەموومانە کە بە پێی سەهمی خۆمان باشوور لەو قەیرانانە رزگار بکەین کە پێوەی دەناڵێنێت. بۆ نموونە ئاماژە بە چەند خاڵی یەکەمی سەرئەنجامگیریی کۆبوونەوەی"راوێژی نەتەوەیی لەسەر بارودۆخی باشووری کوردستان - هەڵوێست و پشتگیریی ٢٤-٢٠١٦/٩/٢٥" دەکەم کە کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان/ ک ن ک لە پارێزگەی کەرکوك ناوچەی قەرەهەنجیر سازی کرد، ئەمانەن:

١. کاراکردنەوەی هەرچی زووتری پەرلەمان و ریزگرتن لە سەروەریی خەڵکی کوردستان.

٢. بەسیستەمکردنی حوکمڕانیی سیاسیی لە رێگای جیاکردنەوەی حیزب و حکومەت لە یەکتر.

٣. جیاکردنەوەی ئابووریی نیشتیمانیی لە تاکەکەس و حیزب، لە رێگای دانانی خەزێنەیەکی نیشتمانیی بۆ داهاتی نیشتمانیی.

٤. وەستاندنی فرۆشتنی کەرتی گشتیی کوردستان/ سامانی گشتیی بە کەرتی تایبەتیی. هەموو جۆرە بەکرێدانێکی کەرتی گشتیی، واتە سامانی نەتەوەیی، دەبێت لەسەر بناخەی بەرژەوەندیی گشتیی کوردستان بێت و بە یاسا رێک بخرێت و چاودێری بکرێت، دەبێت بە روونیی دیاربێت کە لە خزمەتی پێشخستنی خزمەتگوزاری گشتیدا دەبێت.

٥. پێکهێنانی (لیژنەیەک/ دەستەیەک/کۆمیتەیەک) لەم کۆبوونەوەیەدا کە بتوانێت پرۆژەی چارەسەری قەیرانەکان دابرێژن.

سەبارەت بە باکوور هەموو کوردستانیەکی هۆشیار دەزانن کە دەبێت بە هەموو شێوە و بە هەر نرخێک بێت هاوسەنگەری ئیمرالیی و قەندیل و خەباتی سیاسیی "هـ د پ" و "ب د پ" بین. سەبارەت بە رۆژئاوا دروست بە هەمان شێوە دەبێت هەموو شتێک بکەین کە لەدەستمان بێت بۆ شکاندنی چەتەکانی داعش و چەتەکانی ئەردۆگان.

رۆژهەڵاتی وڵات لە دۆخێکی جیاوازتردایە وەکو لە باکوور و رۆژئاوا، بەڵام ئەوە ٣٧ ساڵە لە ژێر چەپۆکی کۆماری ئیسلامیی ئێراندایە کە یەکێکە لە گەورەترین وڵاتە کۆنەپەرست و بکوژ و تێکدەرەکانی دونیا و کە هاوکات داگیرکەری کوردستانە. لەبەرئەوە هاوسەنگەریتیی لەگەڵ رۆژهەڵات ئەرکێکی نیشتیمانیی و کوردستانییە.

**ئەرکی سەرشانی هەموو کوردستانییەکی ئازادیخوازە کە بێ ترس ئەوە دڵنیا بکاتەوە کە سامانی کوردستان هی هەموو خەڵکی کوردستانە**

کوردستان سەد ساڵ زیاترە لە ناوجەرگەی کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناویندایە و زیاترین بەشی لە چەرمەسەریی و ئازار و قوربانیی بەرکەوتووە و هاوکات کۆڵی نەداوە و هەر لە بەرخۆدان و تێکۆشاندایە. ئێستا لە هەر کاتێکی دیکە ئامادەتر و رێکخراوتر و بەئەزموونتر و بەهێزترە، بەڵام داگیرکەران و نەیاران و کۆنەپەرستانی ناوخۆش هاوپەیمان و هاوسوێندی یەکترن و بێ دوودڵیی و سڵ ئامادەن هەموو جۆرە میتۆدێکی نامرۆڤیانە و درندانە دژ بە خەباتی ئازادیخوازیی کوردستان بە کار بەن.

لەبەرئەوە ئەرکی سەرشانی هەموو کوردستانییەکی ئازادیخوازە کە بێ ترس ئەوە دڵنیا بکاتەوە کە سامانی کوردستان هی هەموو خەڵکی کوردستانە و هیچ کەس و لایەنێک بۆی نییە بیدزێت و بە تاڵانیی ببات، کە هیچ جیاوازییەک لە نێوان باشوور و رۆژهەڵات و باکوور و رۆژئاوادا نییە، کە پێکەوە هەموو خاوەنی یەک سەنگەری ئازادیخوازی نیشتیمانیین، لە هەر کوێیەک بین پەردە لە سەر سیاسەتی کۆلۆنیالیزم لە کوردستان هەڵ بدەینەوە و شەرمەزاری بکەین و دژایەتی بکەین.

لە سەر هەموو تاکێکی کوردستانیی دڵسۆز پێویستە کە بە سەبر و تۆلەرانسێکی گەورەوە لە پرۆسەی هۆشیارکردنەوەی گەلدا بێت، کە دەست و مەچەکی کوردستانیان بەیەک بگەیەنێت، کە پێشمەرگە و گەریلا هاوسەنگەر و هاوپشتی یەک بکەین، کە ئەو ژنانە ئازاد بکەین کە هێشتا لە چوارچێوەی کلتوری کۆنەپەرستایەتییدا ژیان دەکەن، کە جەوانانی کورد بە خەبات و تێکۆشان بناسێنین، کە بەهەموو شێوەیەک دڵانی بریندار سارێژ بکەین، گومانەکان بۆ سەرنەکەوتنی کورد بسڕینەوە و دۆخی دروست بۆ بەشدارییکردن لە خەباتدا فەراهەم بکەین.

**ئەوانەی لە ناو کورددا خۆ لە خەبات و تێکۆشان دەدزنەوە دەبێت بە زووترین کات ڕێگای خەبات و تێکۆشانیان پێ بناسرێندرێت.**

کوردستانیانی دڵسۆز دەبێت خۆ لە بریندارکردن و ڕەنجاندن و بێزارکردنی خەڵک بپارێزین. کاری ئێمە دروستکردن و داهێنان و سارێژکردن و نزیککردنەوەیە، دروستکردنی پرد و بەیەکگەیاندنی جەمسەرەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردستانە، بەیەک ناساندن و نزیککردنەوەی پێکهاتە و لایەنەکانە لەیەکتر، خۆ بە خاوەن دەرکەوتنمانە لەو خەباتگێڕانەی کە داگیرکەران و کۆنەپەرستانی ناوخۆ هەوڵ دەدەن بیانترسێنێن و بیانتەرێنن.

ئەوە راستییەکی مەزنە کە ئیدی خەباتی ئازادیخوازی کوردستان هێزێکە حیسابی بۆ دەکرێت، خاوەنی پارە و سامان و کەرەستەین، خاوەنی سامانێکی گیانیی گەورەین لە کچان و کوڕان و ژنان و پیاوان، خاوەنی ئەزموونی شۆڕشگێڕیی و تاقیکردنەوەی مەیدانیین، لە مەیدانی نێونەتەوەییدا خاوەنی توانایەکی باشی دیپلۆماسیی و سیاسیین، هاوکات کە داگیرکەران دووچاری قەیرانی ناسنامە و سیاسیی و ئابووریی و فەرهەنگیی هاتوون و ناتوانن بە هەمان شێوەی پێشوو درێژە بە هەبوونی خۆیان بدەن.

ئەوانەی لە ناو کورددا خۆ لە خەبات و تێکۆشان دەدزنەوە دەبێت بە زووترین کات ڕێگای خەبات و تێکۆشانیان پێ بناسرێندرێت، ئەوانەی شانبەشانی داگیرکەران دەبزوێن و بەرنامەی داگیرکەران لە کوردستان پیادە دەکەن، یان کێشە لە ناو پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستاندا دەدۆزنەوە و لە پێناوی بەرژەوەندیی کەسیی خۆیاندا هەوڵ دەدەن کێشەکانی باشوور و بەشی دیکە وەکو خۆیان بمێننەوە و چارەسەر نەکرێن، مەحکوم بە دۆڕانن. گورزی خەباتی ئازادیخوازیی توند و بە جەزرەبە و تۆڵەئەستێنە.

سەرەڕای سەختی ڕێگا، ئەرکی سەرشانی ئێمە درێژەدانە بە دیالۆگی دیموکراتیکی سیاسیی، هەوڵدانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە شێوەی ئاشتیی، و بەردەوامبوونمانە لە سەر خەباتی شۆڕشگێڕی دژ بە داگیرکەریی و کۆلۆنیالیزم لە کوردستان.

هیچ قسەی تێدا نییە کە سەرکەوتن بۆ خەباتی ئازادیخوازی خەڵکی کوردستانە.
گیانبەختکردووان و پاکڕەوانان ئاڵای ئازادیخوازیی و وێردی سەر زمانن!
خۆشبەختن و سەربڵندن دەمێننەوە ئەوانەی لە سەنگەری ئازادیخوازییدان!

# قەیرانی سیستەم و دەرفەتی گۆڕانکاریی ریشەیی



دیار غەریب
ئەندامی کۆنسەی سەرۆکایەتی KCK

**باشووری کوردستان بەنمونە**

جیهان و رۆژهەڵاتی ناوین گەیشتوونەتە قۆناخێک کەئیتر ناچارن گۆڕانکاریی بکەن و توانای خۆ دووبارە کردنەوەیان نەماوە. رێبەرئاپۆش ساڵی ٢٠١٠ ئەم قۆناخەی وەکو قۆناخی شۆڕشی کوردستان بەناو کرد ولەکۆتایی ساڵیشدا ئاماژەی بەوەکرد کە ساڵی ٢٠١١دەبێتە بەهاری گەلان. ئەم راستیەش هەتا ئاستێک دەرکەوتە ڕوو. ئەمەش بەواتایەکی تر ئاشکرا بوونی بەرنامەو پرۆژەی سیستەمی جیهانی وهێزە باڵادەستە باوەکانە کەناتوانن پرسی گەلان چارەسەر بکەن، هەر بۆیە ئیتر گەلان بەشێوازو ئیرادەی خۆیان بۆچارەسەری دەگەڕێن. جوڵانەوەی ئێمە هەر لەسەرەتای دروستبوونیەوە کاری لەسەر ئەم راستیانە کردووەو خواستوویەتی بیکاتە ماڵی کۆمەڵگە، هەر لەبەر ئەم هۆکارەش بووە لەسەرەتاوە هەتا پیلانگێریی نێودەوڵەتیش نەک تەنیا دەوڵەتی تورکیا، بەڵکو هێزە جیهانیە باڵادەستەکانیش بەچەپ وسەرمایەدارو بێ لایەنیەوە حەزیان لەچارەی ئەم تەڤگەرەو رێبەرایەتیەکەی نەکرد. بە پێچەوانەوە کاریان بۆ بێ کاریگەرکردنی کردووە، بەڵام ئەوەتا دوای نزیکەی ٤٠ ساڵ تێکۆشان، ئەمڕۆ رێبەرئاپۆ وبیروبۆچوونەکانی وتەڤگەرەکەی هەنگاو بەرەو سەرکەوتن دەنێت، بەپێچەوانەوە دەوڵەت و رێکخستنە چەپە کلاسیکیەکان بێ کاریگەربوون و بەشی زۆریان هەڵوەشانەوە یاخود هەڵدەوەشێنەوە، دەوڵەتانی بێ لایەن رۆڵیان نەما، سەرمایەداری و رژێمە وابەستەکانیشی پێگەیان لەرزاوەو توانای بەرخۆدان وبەردەوامیان نەماوە.

دیارە ئەم رەوشە لەخۆیەوە بەرهەم نەهاتووە، وەکو رێبەرئاپۆ زۆرجار جەختی لەسەر کردۆتەوە، پێشکەوتنی هۆشیاری مرۆڤ، زانست وتەکنەولۆژیا، ئابووری و بەرهەم، گۆڕان و پێشکەوتنی ژینگە هەروەها پرسەکانی کۆمەڵگە لەرووی ڕەگەزی، پێکهاتەی ئەتنیکی و پرسەکانی کەسێتی هەر لەپرسی بونیادی سایکۆلۆژی تاک وکۆمەڵگەوە بگرە، هەتا پێوانەکانی کۆمەڵگەبوون وکۆمەڵناسی، بوونەتە هۆکاری ئەوەی کە کۆی سیستەمی ژیانی مرۆڤ بکەوێتە ژێر پرسیارەوە، بەواتایەکی تر "سیستەم وەکو پۆشاکێکی تەسکی لێ هاتووە کە دەکرێتە بەری مرۆڤێک، مرۆڤەکە مەزن دەبێت، بەڵام پۆشاکەکە ناگۆڕدرێت، ئەمەش هەم مرۆڤەکە بێزار دەکات، هەم پۆشاکەکە رووبەرووی فشار دەکاتەوە، خۆ ئەگەر ئەو پۆشاکە نەگۆڕدرێت، ئەوا سەردەمێک دێت کە ئەو پۆشاکە بدڕێندرێت. ئێستاش سیستەم رووبەرووی ئەم حاڵەتە بۆتەوە".

"شتی سەرەنج راکێش لەمێژووی مرۆڤایەتی وئەمڕۆشماندا ئەوەیە کە زۆربەی مرۆڤەکان، بەتایبەتیش دەسەڵاتداران سەرەڕای بێزار بوونیان لەو گێژاوەی کە بەهۆی بونیادەکانی سیستەم وزهنیەتی تاک وکۆمەڵگەوە تێیدەکەون، بەڵام جارێکی تر دەخوازن، بەرێبازو شێوازە نەریتی و کلاسیکیەکان و پێوانە باوەکان پرسەکان چارەسەربکەن. ئەمەش وا دەکات کە لەناو بازنەیەکی داخراودا بخولێنەوەو سەرەڕای هەوڵ و قوربانیەکان نەتوانن چارەسەری پرسەکان بکەن. بەڵگە نەویستە ئەو رێبازو شێوازانەی تاقیکراونەتەوە، ڕەنگە ئاسان بن و مرۆڤ زوو بتوانێت پەیڕەویان لێ بکات، بەڵام ئەو ئالیەتانە ناتوانن قەیران و کێشەکان چارەسەر بکەن، بەڵکو بتوانن بۆ ماوەیەکی کاتی مرۆڤەکان پەنج بکەن و ئازارەکانیان لەبیر ببەنەوە، بەڵام ئەمەش قەیرانەکان قوڵتر دەکاتەوە". بێگومان ئەمە بابەتێکی گرنگەو پێویستی بەهەڵوەستە لەسەرکردن هەیە. بۆنمونە دەبینین کاتێک جەماوەر لەکۆی پرۆسەی سیاسی و کارەکتەرەکانی بێزار دەبێت، لەبەرامبەردا بەشێکی زۆری تاکەکانی کۆمەڵگە چاویان لەکارەکتەرەکانی دەسەڵاتەو بەهیوان کە لەرێگەی هەندێک کارەکتەرەوە کێشەکان چارەسەر ببێت. ئەمەش وا دەکات کاتێک لەناو دەسەڵاتەوە دەنگی جیا دەردەکەوێت زیاتر گوێی لێدەگیرێت. دیارە لێرەدا فاکتەری پاڵنەر بۆ دەسەڵاتداران و بۆ تاکەکانی تری کۆمەڵگە هاوشێوەو ناوەڕۆک نیین. دیارە دەسەڵاتداران دەخوازن بەمشێوەیە و لەرێگەی پینەکردنەوە ڕەوایەتی وەربگرنەوەو بەردەوامی بەدەسەڵاتی خۆیان بدەن. هەندێک جار دەسەڵات بۆ خۆی وەکو کۆی پرۆسەکە ئەم

هەنگاوە دەنێت، وێنەی ئەمەش ئەو ریفۆرم وگۆڕانکاریانە بوون کە لەسەدەکانی "١٧و١٨" لەبریتانیا ئەنجامدران، یاخود ئەو هەوڵانەی کە میخائیل گۆرباچۆڤ لەیەکێتی سۆڤێتدا لەدەیەی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا دای. هەروەها لەمێژووی کۆندا دەتوانین باس لە فیرعەونی میسر" ئەخناتۆن" بکەین کەخواستی گۆڕانکاری لەسیستەمەکەیدا بکات. هەندێک جاریش بەشێکی دەسەڵات خواستوویەتی ئەم هەنگاوە بنێت و هەستی بەوەکردووە کە کۆی سیستەمەکە ناتوانێت ببێتە وەڵام و پێویست بەهەڵوێستی جیاواز دەبینن و دەخوازن خۆیان وەکو چارە نیشانی جەماوەربدەن، نموونەی ئەمەش ئەو هەوڵانە بوون کە لەئێران لەلایەنی جوڵانەوەی سەوزەوە پێشخران، هەروەها دەرکەوتنی بزوتنەوەی گۆڕان لەهەناوی دەسەڵاتی باشوری کوردستانیشدا نموونەیەکە لەم بوارەدا.

**لەناخی مرۆڤدا بارێکی دەروونی خولقێندراوە کە چەندە بەتەنیا بێت ئەوەندە هەست بە ئازادی وسەربەخۆیی بکات وئەمەش مرۆڤەکان لاواز دەکات**

دیارە هەم ئەو پرۆسانەی کە کۆی دەسەڵات خواستویەتی هەنگاو بنێت بۆخۆ نوێکردنەوە، هەم ئەو پرۆسانەی کە بەشێکی دەسەڵات ئەم هەنگاوەیان ناوە ئەنجامەکانیان هاوشێوەی یەکتر نەبوون. بۆ نموونە بریتانیا لەرێگەی ریفۆرمەوە توانی بەردەوامی بەژیانی خۆی بدات. بەڵام گۆرباچۆڤ و ئەخناتۆن سەرنەکەوتن لەپرۆسەکەیانداو رووبەرووی تێکشان بوونەوە. هەرچی بزوتنەوەی گۆڕان وبزوتنەوەی سەوزیشە نەیانتوانیوە ئەنجام بەدەست بهێنن. لێرەدا قسەی ئێمە لەسەر ئەوە نییە چەندە ئەنجامیان گرت یاخود نا، بەڵکو لەسەر ئەوەیە بۆچی و چۆن دەتوانن متمانەی جەماوەر وەربگرنەوە وتەمەنی سیستەم درێژ بکەنەوە.

لێرەوە دێینەوە سەر ئەوەی ئایا فاکتەری پاڵنەر بۆ تاک وکۆمەڵگە چییە کە زیاتر لەوەی بەدوای گۆڕانکاری ریشەییدا بگەڕێت، حەز بە ریفۆرم دەکات وچاوی لەوەیە کە دەسەڵات یاخود سیمبۆڵەکانی دەسەڵات گۆڕانکاری ئەنجام بدەن وئەوانیش بەدوایاندا بڕۆن. ئەمە وامان لێ دەکات کە بونیادی فکری و سایکۆلۆژی وکۆمەڵناسی تاک و کۆمەڵگەی نەریتی بگرینە دەست. "ئەگەر بە وردی رۆچینە ناو بونیادی فکری و سایکۆلۆژی وکۆمەڵناسی مرۆڤەوە، دەبینین کە سەرەڕای ئەوەی دەگوترێت مرۆڤ زیندەوەرێکی کۆمەڵایەتی یە، یاخود زیندەوەرێکی سیاسییە، کە هەردوو تایبەتمەندیەکە ئاماژەن بۆ کۆمەڵایەتیبوونی مرۆڤ. بەڵام زۆر کەم کار لەسەر ئەم لایەنەی مرۆڤ کراوە، بە پێچەوانەوە کار دەکرێت بۆ ئەوەی کە مرۆڤ تاک بکرێتەوە، یاخود جیا بکرێتەوە لەکۆمەڵگەو لەم سەردەمەیشدا ئەمە وەکو پێشکەوتن سەیر دەکرێت. دەبینین پێوانەی ئازادی وسەربەخۆیی وتێکۆشان ودیموکراتیەت وابەستەی تاک بوون کراوە، واتە مرۆڤ چەندە تاک بێت و خۆی لە کۆمەڵگە دابڕێت ئەوەندە ئازادە! ئەوەندە سەربەخۆیە و ئەوەندە تێکۆشەرە". ئەم تاک بوونە دیاردەیەکی تایبەت بە ئەمڕۆ نییە، بەڵکو بەمێژوودا بچینە خوارەوە دەبینین کە لەسەرەتای دروستبوونی دەوڵەتەوەو لەدەوڵەتە شارەکانی سۆمەرەوە کاری لەسەرکراوەو لەیۆنان و رۆمادا گەیشتۆتە لوتکەو بووە بەپێوەر بۆ پێشکەوتن. واتە لەناخی مرۆڤدا بارێکی دەروونی خولقێندراوە کە چەندە بەتەنیا بێت ئەوەندە هەست بە ئازادی وسەربەخۆیی بکات وئەمەش مرۆڤەکان لاواز دەکات، بەتایبەتی تاکەکانی چینەکانی خوارەوە، باوەڕی بە هێزی مرۆڤ و کۆمەڵگە کەم دەبێتەوە. هەر بۆیە زۆربەی کات چاویان لەبەرپرس و چینەکانی سەرەوەیە کە گۆڕانکاریان بۆ ئەنجام بدەن. لەگەڵ ئەمەدا لەتاکدا بونیادێکی دەروونی وەها خولقێندراوە کە زیاتر بەدوای پێویستیەکانی خۆیدا دەچێت، وەک لەوەی دوای پێویستی گشتی بکەوێت، هەر بۆیە کاتێک کەسانێک ئەم لایەنەی دەروون و هەستی بهروژێنن ئەوا زووتر کاریگەر دەبێت و دوایان دەکەوێت و دەسەڵاتداران و ئەوانەی مەبەستیان گەیشتنە دەسەڵاتە زۆر گرنگی بەم بوارە دەدەن. تایبەتمەندییەکی تری مرۆڤ ئەوەیە کە حەز بەگۆڕانکاری ریشەیی دەکات لە سیستەمدا، بەڵام پێی وابووەو ئێستاش "بەشێکی زۆری مرۆڤەکان پێیان وایە گۆڕانکاری ریشەیی بەگۆڕینی دەسەڵات ئەنجام دەدرێت و هەر ئەمەش وا دەکات هەندێک جار دەخوازن دەسەڵات بروخێنن ولەناوی ببەن، بەڵام ناچنە ناو وردەکاریی بابەتەکانەوە. بۆ چوونە ناو

ودەکاری گۆڕانکاریش بێگۆمان گۆڕانی بونیادی زهنی وسایکۆلۆژی وکۆمەڵایەتی تاک و کۆمەڵگە پێویستە. بەشی زۆری مرۆڤەکانیش کاتێک باسی گۆڕانکاری دەکرێت، ناخوازن لەخۆیانەوە دەست پێ بکەن و دەخوازن بونیادی زهنی وسایکۆلۆژی خۆیان بپارێزن، ئەمەش وایان لێ دەکات بینە زەمینە بۆ ئەو کەس ولایەنانەی کەگۆڕانکاری دەبەستن بەگۆڕینی دەسەڵاتەوە". هەر ئەمەش وادەکات کەدوای ماوەیەکی کەم بێ هیوا و بێ باوەڕبن بەرامبەر هەوڵە نوێیەکەش. "لەگەڵ ئەمانەدا ئەو بارە دەروونیەی تاک کەدەخوازێت کارەکانی زوو ئەنجام بدات و زوو بگاتە ئامانجی خۆی، مرۆڤ رووبەرووی هەڵەو کەم وکورتی دەکاتەوە". لەگەڵ ئەمانەدا ڕەگەزو سێکس وەهایان لێکراوە بەشێکی زۆری باری دەروون وهۆشی تاکی داگیرکردووە، لەگەڵ ئەوەی ژیانی نێوان هەردوو رەگەز لاسەنگییەکی جددی تێدایە، بەڵام هەردوو ڕەگەز وەها ئالوودەکراون کە هەمیشە وەکو نێچیرێکن بۆ ئەم پرۆسەیە وئەم پرۆسەیەش بەمشێوەیەی ئێستا تاک لەهێزو توانا وئیرادەی خۆی دادەبڕێت وئیتر ناتوانێت گۆڕانکاریی ریشەیی ئەنجام بدات. لێرەوەیە دەسەڵاتداران ودەسەڵاتخوازان بە پیلان دژی ئەوانە دەوەستنەوە کە دەخوازن گۆڕانی ریشەیی ئەنجام بدەن وسوود لە سادەیی تاک وکۆمەڵگەش وەردەگرن بۆ گەیشتنە ئەم ئامانجە.

**ئەگەر بمانەوێت لە چارەسەری ریشەیی بگەڕێین، ئەوا دەبێت کار لەسەر بونیادە سەرەکیەکان بکەین نەک لاوەکیەکان.**

"بێگومان کاتێک ئێمە باسی ئەم بونیاد و پرۆسەیە دەکەین دەخوازین کارێک بکەین کە راست قەیرانەکانی رۆژهەڵاتی ناوین و جیهان و کوردستانیش بخوێنینەوەو رێگە بگرین لەوەی جارێکی تر ململانێی دەسەڵاتداران و دەسەڵاتخوازان باڵ بەسەر داخوازییەکانی گەلان و پێویستیەکانی گۆڕانکاری ریشەییدا بکێشێت". ئەم راستیە وامان لێ دەکات کە بپرسین ئایا گۆڕانکاری ریشەیی چۆن و بەچی ئالییەتێک ئەنجام دەدرێت؟ یاخود بپرسین ئایا گۆڕانکاری ریشەیی لەکوێوە دەست پێ دەکات؟ ئایا ئەگەر گۆڕینی دەسەڵات نەتوانێت ببێتە گۆڕینی ریشەیی، ئەوە چییە دەتوانێت ببێتە هۆی گۆڕانکاری ریشەیی؟ بۆ وەڵامی ئەم بابەتە "گرنگە نرخاندن و پێناسەیەکی رێبەرئاپۆ بەنموونە بێنینەوە کە دەڵێت:" مێژووی کۆمەڵگەو مرۆڤ زۆر لەمێژووی دەوڵەت و دەسەڵات درێژتر و زەنگینترە، تەمەنی مێژووی دەوڵەت و کۆمەڵگەی دەوڵەتی ٢٪ی تەمەنی مێژووی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی درێژنییە، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە مرۆڤایەتی وکۆمەڵگەی مرۆڤ دەتوانن بەبێ دەوڵەت بژین، بەڵام دەوڵەت بە بێ کۆمەڵگە ناتوانێت بژی". لەم پێناسەیەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە مرۆڤ و کۆمەڵگە وبونیادەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگەکان بناخەی ژیان دادەنێن وفۆرم دەدەنە دەوڵەت یاخود هەرشێوە بەڕێوەبەرێتی یەکی تر بێت، فاکتەری سەرەکی بونیادو گۆڕانیش لەتاک وکۆمەڵگەدا شاراوەیە نەک لەدەوڵەتدا، چونکە دەوڵەت بۆ خۆی بەرهەمی ئەم دوانەیە. بێگومان ئەمە بەو واتایە نییە کە دەوڵەت بێ رۆڵ وکاریگەرە وهەڵوێستێکی بەمرەنگە هاوشێوەی ئەو هەڵوێستەی کە پێی وایە گۆڕانکاریی ریشەیی لەرێگای گۆڕینی دەسەڵاتەوە ئەنجام دەدرێت، هەڵەیە. بەواتایەکی تر دەوڵەت فاکتەری لاوەکییە. کەواتە ئەگەر بمانەوێت لە چارەسەری ریشەیی بگەڕێین، ئەوا دەبێت کار لەسەر بونیادە سەرەکیەکان بکەین نەک لاوەکیەکان، هەر بۆیە پێویستە لەدونیای تاک وکۆمەڵگەدا بۆ کێشەکان و گۆڕانکاریی وچارەسەری بگەڕێین. بزانین بونیادی زهنی مرۆڤ و سایکۆلۆژی مرۆڤ وپێوانە کۆمەڵایەتیەکان چۆن گەشەیان کردووەو گۆڕان وهەوێنی کۆمەڵگە بوون چییە و چۆن دروست بووە؟ دیارە ئەگەر بتوانین راستی ئەم بابەتانە ئاشکرا بکەین و لەم رێگەیەوە نەخۆشییەکانی تاک وکۆمەڵگە دیاری بکەین و چارەسەری راست وگونجاویان بۆ دیاری بکەین ومیکانیزمەی کارکردن لەسەرچارەسەرییەکەش دیاری بکەین وکاری لەسەر بکەین، ئەوکاتە دەتوانین پرسگرییەکان چارەسەر بکەین و گۆڕانکاریی ریشەیی ئەنجام بدەین.

لێرەوە گرنگە بپرسین، ئایا مرۆڤ لەکۆمەڵگەی سروشتیدا کە شارودەوڵەتیان نەبووە، چۆن ژیاون، ئایا چۆن توانیوویانە بناخەی ئەم ژیانەی ئەمڕۆ بۆ ئێمە دابڕێژن. ئایا هەر ئەوەندە بەسە ئێمە بڵێین لەو سەردەمەدا مرۆڤ سروشتی ژیاوەو ژیانی نزیکی ژیانی ئاژەڵان بووە. ئایا ئەگەر پرۆسەی ئەو ژیان وپێشکەوتنە باش شرۆڤە نەکەین، ئەتوانین پەنجە بخەینە سەر ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەتێپەڕبوونی کۆمەڵگەی سروشتی بۆ کۆمەڵگەی دەوڵەتی

لەبونیادی زهنیەت و ژیانی تاک وکۆمەڵگەدا دروست بووە، دەتوانین ئەمڕۆ بەباشی شی بکەینەوە؟ بەدڵنیاییەوە ناتوانین. ئایا ئەگەر لەقۆناخی دەوڵەتیشدا تەنیا رووکەشانە قۆناخەکانی ژیان بگرینە دەست و ئەو گۆڕانکاریانەی لەپاشخانی فکری، سیستەم وخێزاندا دروست بووە باش شی نەکەینەوە دەتوانین پرسگرییەکان باش تێبگەین وچارەسەریان بکەین؟ ئایا راستە گۆڕانکارییەکان تەنیا لەسەرخان و دەسەڵاتەوە بگرینە دەست و گرنگی بەو بەرخۆدان و بونیادە نەدەین کە لە ناو بونیادی زهنی تاک و ناوەڕۆکی کۆمەڵگەدا هەیە، بێگومان بۆ ئەمیشیان وەڵام نەخێرە!!

**زۆربەی کات بیرمەندەکان، سیاسەتمەدارەکان و زاناکانیش کار لەسەر ئەو بونیادە فکری وفەلسەفی ودەروونییەی مرۆڤ دەکەن کە لەگەڵ دەوڵەتدا دروست بووە**

بۆچی باس لەبونیادی زهنی مرۆڤ و باری دەروونی وکۆمەڵناسی لەکۆمەڵگەی سروشتی و کۆمەڵگەی پلەدار یاخود دەوڵەتگەرادا دەکەین؟ ئایا بەبێ گەڕانەوە بۆ کۆمەڵگەی سروشتی ناتوانین پرسەکان لەڕیشەوە بگرینە دەست؟ بێگومان دەتوانین بڵێین نەخێر چونکە راستی مرۆڤ وکۆمەڵگە، لەکۆمەڵگەی سروشتیدا شاراوەتەوە، ئەم راستیەش لەبونیادی تاک وکۆمەڵگەدا لەبەرامبەر کۆمەڵگەی دەوڵەتگەرا وئەو بونیادەی کە دەوڵەت لەتاکدا خولقاندوویەتی بەرخۆدان دەکات، بەڵام زۆربەی کات بیرمەندەکان، سیاسەتمەدارەکان و زاناکانیش کار لەسەر ئەو بونیادە فکری وفەلسەفی ودەروونییەی مرۆڤ دەکەن کە لەگەڵ دەوڵەتدا دروست بووە" لێرەشدا ناگەڕێنەوە بۆ سەرەتای دروستبوونی دەوڵەت کە لەسۆمەردا دروست بووە، بەڵکو لەیۆنان و رۆماوە دەست پێ دەکەن" واتە لە ریشەوە کێشەو پرسگرییەکان بەدەستەوە ناگرن، ئەمەش وایکردووە کە کێشەکانیان پێ چارەسەر نەکرێت. دەتوانین بەنمونە ئەمە بسەلمێنین:

"پرسی رەگەزی یەکێکە لەو پرسانەی ئەمڕۆ بووە بەرۆژەڤی تاک وکۆمەڵگە ودەوڵەتان، بەشی زۆری بیرمەندو سیاسەتمەدارانیش کار لەسەر پرسی ڕەگەزی و خێزان دەکەن. بەڵام خاڵی سەرەنج راکێش ئەوەیە ناگەڕێنەوە بۆ ریشەی کێشەکەو چۆنێتی دروستبوونی. هەروەها ناگەڕێنەوە بۆ ئەو پێگانەی خێزانی لەسەردروست بووە. ئەمەش وایکردووە کە زۆرجار پرسەکە لەگۆشەنیگایەکی تەنگەوە دەگرنە دەست و دەیکەنە پرسێکی رۆژانەیی یاخود لە بابەتی خێزان و سێکس و ناو ماڵدا قەتیسی دەکەن". پێیان وایە کە ئەگەر ژن وپیاو لەناوماڵدا رێزیان لەیەکتری گرت وپێداویستی ژیانی وسێکسی یەکتریان دابین کرد، ئیتر پرسگریی رەگەزی چارەسەر دەبێت. کە ئەمە تەنیا خۆ فریودانەو هیچی تر. یاخود هەندێک جار بابەتی جیاکاری ڕەگەزی دەبەستن بەفاکتەری ئایین ویاساکانەوە و پێیان وایە کە ئەم فاکتەرانە چارەسەر بن ئەوا ئەم پرسگرییە چارەسەر دەبێت، یاخود بەشێکی زۆری کۆمەڵگە بوونی تایبەتمەندی جیاوازی بایلۆجی ژن و پیاو دەکەنە هۆکاری ئەو ناهاوسەنگییەی هەیەو تارادەیەک بەڕەوای دەزانن. دیارە پرسگریی رەگەزی پرسێک نییە تەنیا تایبەت بێت بە ژن، بەڵکو هەردوو ڕەگەز پەیوەندیدار دەکات. هەتا ئەم پرسە وەکو پرسگرییەکی کۆمەڵگەو خاوەن تایبەتمەندی و رەهەندی کۆمەڵایەتی نەگرینە دەست، ئەوا چارەسەر نابێت وجارێکی تر لەبەردەماندا خۆی قیت دەکاتەوە. کاتێک دەڵێین ئەم پرسە پرسێکی کۆمەڵایەتییە مەبەستمان ئەوەیە کە بونیادی کۆمەڵناسی وسایکۆلۆژی پرسەکە بەبنەما بگرین، نەک فاکتەری جەستەو هێزی بازوو وکاراکتەری بایۆلۆژی هەردوو رەگەز.

جیاوازی جەستەیی و هێزی بازوو وتایبەتمەندی بایۆلۆژی لەنێوان ژن وپیاودا هەیە، ئەمە گرنگە وەکو تایبەتمەندی وسروشتی هەردوو رەگەز وەریبگرین و بیکەینە بنەما بۆ یەکتری تەواوکردن نەک بیکەینە بنەما بۆ باڵادەستی یەکێکیان بەسەر ئەوی تریاندا، بەڵام ئەمڕۆ دەبینین ئەم بونیادانە کاریگەریی دەروونی لەسەر هەردوو رەگەز دروستکردووەو پاشخانێکی دەروونی وەهای لای پیاو دروست کردووە کە هەمیشە خۆی بەتوخمی سەرەکی وناوەند ببینێت و ژن بەلاوەکی ببینێت. ئەو بارە دەروونیەش لای ژن دروستکراوە کە خۆی لاوازی ببینێت و بێ پیاو نەتوانێت بژی! لەمەش زیاتر بارێکی دەروونی وەها لای تاکەکان دروستکراوە کە پرۆسەی هاوسەرگیری بەچارەسەری بۆ پرسەکانی تاک دەبینن هەر بۆیە هەر لەمنداڵیەوە تاک لەسەر

ئـەم بابەتـە پـەروەردەو مـەزن دەکرێـت.

**سەرەتای گوند دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە ١٠٠٠٠ساڵ پێش ئێستا، بەڵام مێژووی شار ناگاتە ٦٠٠٠ساڵ، ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە کە گوندەکان بۆ ماوەیەکی زۆر دوورودرێژ پێش دروستبوونی شار جێگەی ژیان و پێشکەوتن بوون**

هەڵبەتـە بەرۆچوونـە خـوارەوە بـەم بـارە دەروونیـەی تـاک وکۆمەڵگـەداو بەسـوود وەرگرتـن لەئەزموونـی پێشـینان دەتوانیـن وەڵامێکـی گونجـاوی ئـەم بابەتـە بدەینـەوە. کاتێـک لەکەسـی خۆمانـدا ئـەو بارەمـان تێپەڕکـرد کـە ژن لەروانگـەی جوانـی لـەش ودیمەنـەوە پێوانـە دەکات، هەروەهـا ئـەو بارەمـان تێپەڕکـرد کـە هەمـوو چاکـەو قارەمانـی بەپیـاوەوە ببەسـتینەوە، کاتێـک ئـەو بارەمـان تێپەڕکـرد کـە جیـاوازی بایۆلـۆژی ژن وپیـاو بکەینـە هـۆی جیـاوازی پێگـەی کۆمەڵایەتـی وجیـاوازی ئـەرک وفەرمانـی ژیـان. کاتێـک توانیـمان پێوانـە باوەکانـی خێـزان و خێـزان بخەینـە ژێـر پرسـیارەوە و کاربکەیـن بـۆ تێپەڕکردنیـان وسـەرلەنوێ بونیادنانەوەیـان بەشـێوەیەک کـە بتوانێـت پەیوەنـدی سروشـتی لەنێـوان ژن وپیـاودا دروسـت بـکات. هەروەهـا کاتێـک توانیـمان بـواری ئابـووری، فەرهەنگـی و زمـان وبـواری سیاسـی وهەمـوو بوارەکانـی تـر لەسـەر ئـەو بنەمـا سروشـتیە بونیـاد بنێینـەوە، ئەوکاتـە دەتوانیـن بڵێیـن هەنگاومـان نـاوە بـۆ چارەسـەرکردنی پرسـی رەگـەزی بەشـێوەیەکی گونجـاو. ئەگـەر ئەمانەمـان ئەنجام نـەدا ئـەوا ناتوانیـن پرسـەکان لەریشـەوە چارەسـەر بکەیـن.

پرسـی شـارو گونـد پرسـێکی تـرە کـە ئەمـڕۆ کۆمەڵگـەو گەردوونـی تەنـگاو کـردووە، بەخوێندنەوەیەکـی راسـتی مێـژوو بۆمـان دەردەکەوێـت کـە شـار وەکـو پێویسـتیەک بـۆ سـاغبوونەوەی بەروبومـی گونـدەکان و گەیاندنـی بەرووبوومـەکان بەیەکـتری وەکـو بـازاڕی هاوبـەش دەرکەوتـووە. چـۆن لەگوندێکـدا ئاڵوگـۆڕی بەرهـەم بـووە بەبنەمـای بەردەوامـی ژیـان و ئەگـەر تـاک و کۆمەڵـە جیـاوازەکان وبەرهەمەکانیـان نەبێـت ئـەوا ئاڵوگـۆڕی بەرهەمیـش روونـادات، لەشاریشـدا پشـت بەبەرووبوومـی گونـدەکان دەبەسـترێت و لەرێگـەی شـارەوە دەگۆڕدرانـەوە. واتـە شـار بۆخـۆی ناوەندێکـی بەرهـەم هێنـان نەبـووە، بەڵکـو ناوەنـدی بەکارهێنـان بـووە. ئەمـەش وایکـردووە کـە شـار پشـت بـە گونـد بەبەسـتێت بـۆ بەردەوامیـدان بەخـۆی. لەڕوانگەیەکـی تـرەوە باسـی بکەیـن، چـۆن کۆمەڵـگە فاکتـەری سـەرەکی و بناغەیـە لەژیانـدا نـەک دەوڵـەت، ئـەوا دەتوانیـن بڵێیـن لەنێـوان گونـدو شاریشـدا، گونـد بناغـەی ژیانـەو شـار تەواوکـەرە، نـەک بەپێچەوانـەوە. مێـژووش پێـمان دەڵـێ کـە سـەرەتای گونـد دەگەڕێتـەوە بـۆ زیاتـر لـە ١٠٠٠٠سـاڵ پێـش ئێسـتا، بـەڵام مێـژووی شـار ناگاتـە ٦٠٠٠سـاڵ، ئەمـەش سـەلمێنەری ئەوەیـە کـە گونـدەکان بـۆ ماوەیەکـی زۆر دوورودرێـژ پێـش دروسـتبوونی شـار جێگـەی ژیـان و پێشـکەوتن بوون. لـەدوای دروسـتبوونی شاریشـەوە هەمیشـە وهەتـا سـەردەمی شۆڕشـی پیشەسـازی رێـژەی دانیشـتوانی گونـدەکان چەندیـن ئەوەنـدەی رێـژەی دانیشـتوانی شـارەکان بـوون و بەمرەنگـە هاوسـەنگی ژیانیـان پاراسـتووە. بۆنموونـە لەکوردستانیشـدا هەتـا سـەرەتای هەشـتاکان نیـوەی زیاتـری جەمـاوەر لەگوندەکانـدا ژیانیـان بەسـەر دەبـرد، بـەڵام لەگـەڵ بەرپابوونـی شۆڕشـی پیشەسـازیدا قۆناخێکـی نـوێ دەسـتی پێکـرد، ئەویـش مـەزن بوونـی شـار بـوو، کـە ئەمـڕۆ بیرمەنـدان دەڵێـن سـەرەتای کۆتایهاتنـی شـارە، چونکـە پیشەسـازی شـاری ئاوسـان وگـەورەی کـرد، ئەمـەش لەگـەڵ خۆیـدا ژینگـەی تێکـدا وگونـدی کەمکـردەوەو ئـەو پێگانـەی نەهێـڵا کەشـاری لەسـەر دروسـت بـووە، هـەر بۆیـە ئـەم شۆڕشـە لەگـەڵ خۆیـدا بێـکاری زیادکـردو زەمینـەی بـۆ مردنـی شـاریش دروسـت کـرد. بـەڵام ئـەم راسـتیە ئەمـڕۆ لەکۆمەڵگـەدا پێچەوانـە بۆتـەوە، دەسـەڵات وهاوڵاتیانیـش هەمیشـە لەهەوڵـی مەزنکردنـی شـاردان و دەخـوازن لەرێگـەی مەزنکردنـی شـارەوە پرسـەکانی شـار چارەسـەر بکـەن، کـە ئەمـە مەحاڵـە. هەروەهـا بارێکـی دەروونـی وەهـا دروسـتکراوە لای تاکەکانـی کۆمەڵگـە کەبەشـی زۆری پێـی نەنگـە ئەگـەر خەڵکـی گونـد بێـت یاخـود لەگونـددا بـژی. بێگومـان ئـەم بـارە دەروونییـە تێپـەڕ نەکرێـت ناتوانرێـت کۆمپلێکسـێکی تـری تـاک و کۆمەڵگـە چارەسـەر بکەیـن کـە فاکتەرێکـی قوڵبوونـەوەی کێشـەکانە نـەک چارەسـەری.

لەگـەڵ ئەمـەدا لەبونیـادی دەروونـی تاکـی مرۆڤـدا خۆبەناوەنـد بینینـی گـەردوون خولقـاوە. ئەمـە وایکـردووە کەمـرۆڤ وا هەسـت بـکات کـە هەرچـی لەگەردووندایـە بـۆ خزمەتـی ئـەو دروسـت بـووەو دەتوانێـت بەویسـتی خـۆی مامەڵـەی پێـوە بـکات، ئالێـرەوە

پیشەسازی بێ کۆنترۆڵ وسەربڕینی ئاژەڵ و بەکارهێنانی سروشت بەبێ سنوور پەرەی سەندووەو ئەمانەش لاسەنگی ژینگەییان دروست کردووە. بەڵام هەتا ئێستا ئەمانە لەلای مرۆڤ وەکو پرسگریی نابینرێن، بەڵکو وەکو پێشکەوتن دەبینرێن، ئەمەش وا دەکات کەپرسگرییەکان قوڵتر ببنەوە نەک چارە بین.

پرسێکی تر پرسی دیموکراتیەتە، "دیموکراتیەت هەموو لایەک لەسەری کۆکن کە بەواتای "بەڕێوەبەرایەتی گەل"ە، لێرەدا پێویستە جیاوازی لەنێوان دەسەڵات و بەڕێوەبەرایەتی دا بکەین، چونکە دیموکراتی بەواتای دەسەڵاتی گەل نایەت و زۆرجار بێ ئاگایی ئەمە دەگوترێت و پێویستە خۆمان لەم تێکەڵ کردنە رزگار بکەین. بەڵام لە ئەمڕۆدا دیموکراتی و دەسەڵات تێکەڵ کراوە کە بۆخۆی دوو پرۆسەی جیاوازن لەیەکتر. هاوکاتی ئەمە دەوڵەت ودیموکراتی تێکەڵی یەکتری کراون یاخود پاشکۆی جیاواز دەلکێنن بەدیموکراتیەتەوە، لەوێنەی دیموکراتی لیبراڵ یاخود بۆرژوا وهەروەها. هەتا ئێستاش زۆری بیرمەند وسیاسەتمەدارو هاوڵاتیان ناتوانن بیر لەوە بکەنەوە کەدیموکراتی و دەوڵەت دوو بابەتی جیاواز و پێچەوانەی یەکترین". پێیان وایە ئەم دوو دیاردەیە لەناو یەکتریدان و ئەوە دەوڵەتە دەتوانێت دیموکرات بێت یاخود نابێت. بێگومان سوڕانەوە لەم بازنەو پێوانەدا هێندەی تر لەدیموکراتی دوورمان دەخاتەوە وکۆمەڵگەکامنان بێ ئیرادە دەکات. چونکە لەبن ناوی تێکۆشان بۆ دیموکراتیدا بەمڕەنگە دیموکراتیەت سنووردار دەکەین. چونکە چەندە دەوڵەت بەهێز بێت ئەوەندە دەسەڵات و حوکمکردن لەسەر گەل زیاد دەبێت و ئەمەش خۆبەڕێوەبردنی گەل کەم دەکاتەوە. هەر بۆیە دەبێت بتوانین راست پێناسەی دەوڵەت و دەسەڵات بکەین و جیای بکەینەوە لەدیموکراتی. وەکو دەزانرێت "سەرەتا دەوڵەت وەکو کۆمەڵە دەزگایەکی بان کۆمەڵگەیی دروست بووە ولەسەر ڕەنجی کۆمەڵگە ژیاوە، هیچ کاتێک نەگەڕاوەتەوە بۆ جەماوەرو رەوایی خۆی لەگەلەوە وەرنەگرتووە، بەڵکۆ لەخوداوەند یاخود دەسەڵاتی ئایینی و بنەماڵەیی وەرگرتووە، ئێستاش لەبن ناوی هەڵبژاردندا ٤ ساڵ یاخود چەند ساڵ جارێک پرسە گورگانە بەجەماوەر دەکەن و ئیرادەی جەماوەر قۆرخ دەکەن، بەڵام کوێ دەسەڵاتەکە رەوایی خۆی لەناوەندە سەرمایەدارەکانی جیهان وەردەگرێت نەک لەجەماوەر. ئەمەش بەو واتایە دێت کە دەوڵەت بەواتای حوکم کردنی گەل دێت نەک خۆ بەڕێوەبردنی گەل. کەواتە چەندە حوکم کردن زیاتر بێت ئەوەندە خۆ بەڕێوەبردن وئیرادەی گەل لاواز دەبێت". نموونەشمان بۆ ئەوە ساڵانی پێش ئەنفال و رابردووی کوردستانە، ئەوە بوو سەرەڕای دژواری دەوڵەت ودەسەڵات، لەبەر ئەوەی کە حوکمی دەوڵەت نەگەیشتبووە هەموو جێگەیەک، ئەوا جەماوەر بەئیرادە وتوانای خۆی دەژیا، بەڵام ئێستا ئەم لایەنە کەم بۆتەوە. لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە پێویستە دیموکراتیەت بەچینێک یاخود پێکهاتەیەکی کۆمەڵگەوە نەبەسترێتەوە ولەچنگی دەوڵەتیش رزگار بکرێت، هەتا بتوانین خۆمان بەڕێوە ببەین و پرسەکانی خۆشمان چارەسەر بکەین، ئەمەش خۆ نوێکردنەوەی پێویستە.

> **رێبەر ئاپۆ و تەڤگەری ئازادیخوازی کوردستان هەمیشە پرسی کەسێتی و پێوانەکانی کادیربوونیان وەکو پێوانە بۆ چارەسەری پرسەکان گرتۆتە دەست**

ئەمەو چەندین پرسی رۆژانەیی و ژیانی کە رۆژانە رووبەڕوویان دەبینەوە و پێویستیان بەخوێندنەوەی راست هەیە. ئەگەر سەرجەمی پرسەکامنان گەڕاندەوە بۆ ڕەگ و ریشەکانیان و چارەسەری گونجاومان لەتاکی خۆمان وکۆمەڵگەدا بۆ دانا، ئەوکاتە دەتوانین گۆڕانکاری ریشەیی ئەنجام بدەین. لەبەر ئەمەیە کە رێبەر ئاپۆ سەرجەم پرسەکان دەبەستێت بە پرسی کەسێتییەوە. رێبەرئاپۆ لەساڵی ١٩٨٦دا هەڵسەنگاندنێک لەکەسێتی خۆیدا دەکات و دەڵێ: ئەوەی من ئێستا شی دەکەمەوە تاکە کەس نییە، بەڵکو کۆمەڵگەیە، هەروەها هەنووکە نییە مێژووە. لێرەوە پێوانەی گۆڕانکاری ریشەیی دارشت ویەکەم کەس لەخۆیدا پێکی هێنا. ئەمە وایکرد کە رێبەرئاپۆ ببێتە مۆڵکی کۆمەڵگەو مێژوویەکیش بخوڵقێنێ. ئا لێرەوە "رێبەر ئاپۆ و تەڤگەری ئازادیخوازی کوردستان هەمیشە پرسی کەسێتی و پێوانەکانی کادیربوونیان وەکو پێوانە بۆ چارەسەری پرسەکان گرتۆتە دەست و هەر ئەمەشە وایکردووە لە مێژووی تێکۆشانی ئەم تەڤگەرەدا گەل و کادیری ئەم جوڵانەوەیە وەکو گۆشت و خوێن تێکەڵی یەکتر بوون. کادیر بوون و ژیانی خۆی لە خزمەتی گەل و خۆ ئاوێتەکردنی گەلدا دەبینێت و گەلیش ئازادی خۆی لە تێکۆشانی کادیر و پێوانەکانی کادیربووندا دەبینێت". بەڵام هەندێک جار لەلایەنی هەڤاڵ و شوێنکەوتوانی رێبەرئاپۆوە سەرەڕای بوونی قەناعەت بەراستی سەرۆکایەتی وپێوانەکانی،

بەڵام بەهۆی قوڵ نەبوونەوەو باش پراکتیزەنەکردنیەوە دابڕانێک لەنێوان ڕێکخستن وجەماوەر یاخود ئەو کادیرەو جەماوەردا دروست دەبێت. ئەمەش پێویستی بەهەڵوەستەیەکی گونجاو هەیە بۆ تێپەڕاندنی، چونکە ئەمە خوێندنەوەی جیاواز بۆ بابەتی کادیر بوون و پێوانەی میلیتانی ئەم جوڵانەوەیە دروست دەکات. "ئاشکرایە کادیر لەناو ئەم جوڵانەوەدا ئەو کەسەیە کە لەڕێگای تێگەیشتن، هەستکردن بەبەرپرسیارێتی وخۆ قەناعەت پێکردن خۆی تەرخان دەکات بۆ خزمەتی جەماوەرو ئەم دۆزە، واتە ئەوکەسەیە کە خۆی لەبۆتەی هیواو ئامانجی جەماوەردا دەتوێنێتەوە، نەک خۆی لەجەماوەر دادەبڕێت. بەواتایەکی تر لەپێناوی خۆی وخێزانێکدا ناژی، بەڵکو لەپێناوی کۆمەڵگەو پێوانە مرۆییەکاندا دەژی".

دیارە ئەم هەڵوێستە لەلای هەرکەس ولایەنێکەوە نیشان بدرێت وپێکبهێنرێت جێگەی ئەوەیە ڕێزی لێ بگرێت، بێگومان هەموو تاکێکی کۆمەڵگەش نابێتە کادیرو پێویستیش نییە ببێتە کادیر. ئاشکراشە کاتێک تاکێک بخوازێت ببێتە کادیرێک ڕووبەڕووی ئاستەنگی جۆراوجۆر دەبێتەوە. یەکەم ئاستەنگ لەکەسی خۆیدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە نەفسی داخوازی ماددی وغەریزەیی هەیەو دەخوازێت ئەو داخوازیانەی بۆ جێبەجێ بکات، ئەگەر هات و مرۆڤ لەتاکی خۆیدا توانی بەسەرخۆیدا زاڵ بێت و نەفسی خۆی پەروەردە بکات وکۆنترۆڵی بکات، ئەوکاتە دەتوانێت هەنگاو بنێت. دووەم ئاستەنگی لەناوخێزانەوە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، وەکو دەزانرێت خێزان منداڵ پەروەردە دەکات بۆ ئەوەی لەپەنایدا بحەسێتەوە، کاتێک دەبینێ ڕۆڵەکەی لێی دوور دەکەوێتەوە( بەبێ ئەوەی گرنگی بەوە بدات کە خۆی بۆگەل ونیشتمان وبەهای مرۆڤایەتی تەرخان دەکات)، زۆربەی خێزانەکان پێیان ناخۆشەو هەوڵ دەدەن ڕۆڵەکانیان نزیکی خۆیان بن و خزمەتیان بکەن. دیارە ئەمەش تێکۆشانێکی دەروونی و ڕووحی پێویستە، ئەگەر لەم بوارەشدا ئەو تاکە توانی خۆی پەروەردە بکات ئەوە بەو واتایە دێت کە دەتوانێت ئاستەنگییەکی تر تێپەڕ بکات. سێیەم، پێوانە کۆمەڵایەتیەکانە کە تاک ڕووبەڕووی دەبێتەوەو زۆر کات داب و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان دەرفەتی نوێبوونەوە نادەن و ئاستەنگی بۆ ئەو تاکانە دروست دەکەن کە دەخوازن نوێگەری ئەنجام بدەن. چوارەمیش ڕێگرییەکانی دەسەڵاتە، کەهەمیشە هەوڵدەدات تاکەکان بۆ خۆیان بژین و دوای ژیانی ماددی بکەون و نەک دوای پێوانەی ئەخلاقی وسوودی گەل، لەبەر ئەمەیە بەشێوازی جۆراوجۆر هەوڵدەدات کە ئەو مرۆڤە پەشیمان بکاتەوەو دەستەمۆیان بکات. دیارە ئەگەر مرۆڤ بتوانێت لەکەسی خۆیدا بەسەر ئەو ئاستەنگیانەدا سەربکەوێت، ئەوکاتە دەتوانێت خۆی لەبۆتەی گەل وبەهاکانی مرۆڤایەتیدا بتوێنێتەوە و بەگەل ببێت.

**کاتێک باس لەم شێوە کادیربوون و میلیتان بوونە دەکرێت، بەو واتایە نییە کە کادیر یاخود میلیتان بێ کەم وکورتییە**

بێگومان کاتێک باس لەم شێوە کادیربوون و میلیتان بوونە دەکرێت، بەو واتایە نییە کە کادیر یاخود میلیتان بێ کەم وکورتییە، یاخود ئەمە بکاتە ئیمتیازێک ولەسەری بژی، هەڵبەتە لەمێژووی تەڤگەری ئاپۆچیدا کادیرو میلیتان دەرکەوتوون کە بانگەشەی کادیربوونیان کردووە، بەڵام لەکرداردا شایستەی ئەو پێوانە نەبوون، ئیتر بە ئاگاییەوە هەڵسوکەوتی بەو شێوەیان کردبێت یان لە بێ ئاگاییەوە. ئەوانەی بەنەزانین پێوانەکانی کادیربوونیان جێبەجێ نەکردبێت کاتێک هەستیان بە کەم وکورتیەکانیان کردووە یاخود بۆیان راستکراوەتەوەو ڕەخنەیان لێ گیراوە بەخۆیاندا چوونەتەوەو هەڵەکانیان راستکردۆتەوە، بەڵام

"ئەوانەی بەئاگاییەوە خواستویانە یان دەخوازن پێوانەکانی کادیربوون وەکو ئیمتیازێک بەدەستەوە بگرن لەڕێگەیەوە حوکمی جەماوەر بکەن وسوود لەرەنجی جەماوەر وەربگرن بۆ خۆیان، لەناو ئەم تەڤگەرەدا پەسند نەکراون و پەسند ناکرێن"، هەر بۆیە ئەم جۆرەش یان ئەوەتا خۆیان راستکردۆتەوە یاخود ئەم تەڤگەرەیان جێ هێڵاوە. هەر بۆیە نەیارانی ئەم تەڤگەرە، ئەوانەی دەخوازن ئەم تەڤگەرە بۆ خۆیان بەکار بهێنن هەمیشە هەوڵیانداوە کادیربوون و پێوانەکانی لاواز بکەن وبەشێوازی جیاجیا کاریان بۆ ئەمە کردووە. بۆ نموونە لەدوای دەستگیرکردنی ڕێبەرئۆجەلان، ڕێبەرئۆجەلان ڕەخنەی ئەوەی کرد کە کادیری پەکەکە لەگەڵ دوورکەوتۆتەوە. هەر بۆیە زۆر پێداگیری لەسەر

ئەوە دەکرد کەپێویستە سەرلەنوێ پرۆسەی بەگەل بوون ئەنجام بدەن. دیارە ڕێبەرئۆجەلان لێرەدا مەبەستی ئەوە بوو کەکادیر لەپێوانەی خزمەتی گەل دوور کەوتۆتەوەو پێویستە ئەو پێوانانە لەخۆیدا زیندوو بکاتەوە ولەو ڕێگەیەوە خۆی بکاتە ماڵی جەماوەر وجەماوەر بکاتە ئیرادەو ڕێکی بخات. بەڵام کەسانێک هەبوون لەناو ئەم تەڤگەرەدا بەگەل بوونیان وەها بینی کە دەست لەخەباتی چەکداری و دیموکراتی(تێکۆشانی رزگاری وئازادیخوازی) بەربدرێت، هەرکەسێک ژیانی هاوسەری بۆ خۆی پێکەوە بنێ. هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ژمارەیەک کادیر کەوتنە هەڵپەی دروستکردنی ژیانی تاکەکەسی خۆیان ولەخەبات دوورکەوتنەوە، تەنیا بەمەشەوە نەدەوەستان هەوڵیان دەدا کەسەرجەم کادیرانی ئەم تەڤگەرە ژیانی هاوسەری پێکەوە بنێن و هاوشێوەی پارت ورێکخستنی تر سیاسەت وژیانی تایبەتی پێکەوە ئەنجام بدەن، ئەمەشیان وەکو ماف پێناسە دەکرد. دیارە لەمەدا سەرکەوتوو نەبوون، هەر بۆیە دەستیان کرد بەهەڵمەتێک بۆ ناشیرینکردن و شێواندنی پێوانەی کادیری لای تەڤگەری ئاپۆچی، ئەم هەڵمەتی ڕەشکردنە وکاروکردەوەی ئەوکەسانە بۆ ماوەیەک کەلێنێکی خستە نێوان کادیر و خەباتکارو گەلەوە لەناو ئەم تەڤگەرەدا.

وەکو دەزانرێت لەگەڵ ئەو پێوانانەدا کادیربوون بەواتا بەرێوەبەرێتی نایەت، کادیر لەرووی فکری وهێڵی ژیانیەوە پێشەنگە، بەڵام مەرج نییە بەرپرسیار بێت. هەر ئەمەش هۆکاربوو بۆ ئەوەی کە لەرابردوودا خەباتکارو ئەندام و لایەنگری ئەم جوڵانەوەیە لەگەڵ کادیردا لەناویەکدا ئاوێتەی یەکبووبوون، بەڵام لەدوای ئەو قۆناخەوە دەبینین کادیر بەتەواوی پرۆسەی بەگەل بوونی ئەنجام نەداوەو هێشتا کەم وکوڕتی لەبەشێکی کادیرو میلیتانی ئەم تەڤگەرەدا دەبینرێ ولەلایەکی تریشەوە کاریگەریی ئەو هێرشانە و ئەو هۆکارانەی کەسەرەتا باسمان کرد دوو هۆکاری ترن کەجاربەجار لەناوخەباتکاروئەندامانی تەڤگەری ئێمەدا بەد گومانی بەرامبەر کادیربوون دروست ببێت و بەکاردانەوە هەڵسوکەوت بکەن لەگەڵ کادیردا. ئەم هەڵوەستەیە بەئاگاییەوە بێت یاخود بێ ئاگایی هاوشێوەی ئەو کادیرەی کە پێوانەی کادیر بوون پێک نایەنێت زیان بە تێکۆشانی ئازادی دەگەیەنێت؛ چونکە وەکو لەسەرەتادا باسمان کرد پێویستە کۆی پرۆسەی کادیربوون وکادیر بۆخۆی تێکەڵ نەکەین، هەر کادیرێک مرۆڤە و هاوشێوەی هەرتاکێکی تر قابیلی هەڵەکردنە، بەڵام ئەمە بەو واتایە نییە کۆی پرۆسەی کادیر بوون هەڵەیە، چونکە لەسەرەتاوە باسمان کرد کادیر بوون نکۆڵێکردنە لەخود و خۆ تواندنەوەیە لەناو بۆتەو داخوازی وبەرژەوەندی گەلدا، کادیربوون گەڕانەوەیە بۆ سرووشتی مرۆڤ. بێگومان کادیر بوون ئەگەر پرۆسەیەکی بەم ڕەنگە بێت، ئەوا ناکرێت وەکو پرۆسەیەکی هەڵە هەڵبسەنگێندرێت. گرنگە کە هەموو تێکۆشەرێکی ئازادی ئەگەر کادیر بێت یاخود خەباتگێڕ دەبێت هەوڵبدات پرۆسەی بەمڕەنگە پەرە پێ بدات نەک بەرەو دواوەی رابکێشێت.

هەر لێرەوە گرنگە باسی ئەوەش بکەین کە زۆرجار بۆ کادیر ومیلیتانی ئەم تەڤگەرە دەگوترێت بێ ڕەحمن یاخود لەخانەوادە دادەبڕێن وئەمەش دەخوازرێت وەکو بابەتێکی خراپ وناشیرینی ئەم تەڤگەرە نیشان بدرێت. بێگومان شرۆڤەکردنێکی راستی ئەم بابەتەش گرنگە بۆ تێکۆشەرانی ئازادی و گەلیش. هەتا ئەو رادەیەی کە کادیر لەزهنییەتدا خۆی لەخێزان و خزم و کەس دادەبڕێت ئەگەر ئەوە وەکو بێ ڕەحمی سەیر بکرێت ڕەنگە واتایەکی هەبێت. بەڵام ئەمە بەو واتایە نییە کە ئەو کادیرە پەیوەندی خزمایەتی وکۆمەڵایەتی ناهێڵێت وبێ ڕەحم دەبێت، بەڵکۆ بەپێچەوانەوە، ئەو هەوڵدەدات کە ببێتە رۆڵەی گەل و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی فراوانتر بکات وجیاوازی لەنێوان خێزانی خۆی و خێزانێکی تری نەناسدا نەکات. ئەمەش بۆ خۆی ئەو هیواو ئاواتەیە کە گەلەکەمان چاوەڕوانێتی. هەر بۆیە ئەگەر کادیرێک پێوانەی کادیر بوون پێکبێنێت، لەلوتکەدا خاوەنی سۆزە بەرامبەر مرۆڤ بەگشتی وخانەوادەو خزمەکانیشی، بەڵام جیاکاری ناکات. هەر بۆیە گرنگە کەکادیر وخەباتکاری ئەم جوڵانەوەیە ئەمە بۆ خۆیان وەکو لاوازی نەبینن، بەڵکو وەکو تایبەتمەندییەکی شۆڕشگێڕی سەیری بکەن. چونکە لە هەناوی هەموو تاکێکی کۆمەڵگەدا ئەوە لە پێشەنگ و بەرپرسەکان چاوەڕوان دەکەن کە جیاکاری لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا نەکەن.

ئەو خاڵانەی لەسەرەوە باسمان کرد و گەلێک بابەتی تر کە ئەمڕۆ تەڤگەری ئاپۆچی لەپێناویدا تێکۆشان دەکات و ئەو یەکلاییبوونەوەیە فکرییەی کەتێیدا دەژیی، خاڵی بەهێزی ئەم تەڤگەرەیە. ئەم راستیە ئەمڕۆ لەسەرتاسەری کوردستاندا دەبینرێت، ئەوەتا سەرەڕای هەوڵی زۆر بۆئەوەی کە ئەم تەڤگەرەو چەمکەکانی نەبنە هیواو ئیرادەی جەماوەر لەباکووری کوردستان ئەم تەڤگەرە زیاتر بووە جێگەی هیوای گەل و درووستبوونی بەرەی رەنج و ئازادی و دیموکراتیش بۆ هەڵبژاردنەکانی ١٢ ی حوزەیران بەرهەمی ئەم هیواو باوەڕییەیە. هەروەها لەرۆژئاوای کوردستانیش دروستبوونی بەرەی پارتە کوردستانیەکان بەشێکە لەم پێشکەوتنانە. لەباشووری کوردستان و رۆژهەڵاتی کوردستانیشدا بەرهەمی ئەم سیاسەتەیە کە ئەمڕۆ گیانی نەتەوەیی و تێکۆشانی دیموکراتی بەرەو پێش دەچێت. بەواتایەکی تر لەباکوور و رۆژئاوا ئیرادەی نەتەوەیی و دیموکراتی گەلی کورد سەرکەوت و لە باشوور و رۆژهەڵاتیش بەرەو سەرکەوتن هەنگاو دەنێت. بەڵام بەشێوەی راستەوخۆ وناڕاستەوخۆ هەوڵدرا وانیشان بدرێت کە لەباشووری کوردستاندا هەڵوێستی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان و تەڤگەری ئازادی کوردستان لاواز بووە، یاخود خاوەن هەڵویستی گونجاو نەبووە، هەتا لەوە زیاتر بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە ئێمە خاوەن لەگەلی باشوورو شەهیدانمان دەرناکەوین. یاخود هەوڵیان دەدا جیاوازی بخەنە نێوان هەڵوێستی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان و راستینەی رێبەر ئاپۆوە. هەر لێرەوە بوو کە هەندێک کەسی نەناسراو بەناو "رەوتی ئاپۆچی کوردستان" ەوە رەخنەی توندیان لەهەموو ئەو پارت و رێکخراوانە گرت کە لەسەر بیر و بۆژوونی رێبەر ئاپۆ بەڕێوە دەچن، هەروەها بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە ئەوان لەباشووری کوردستاندا هێڵی رێبەر ئاپۆ پیادە دەکەن. کە لە بەیاننامەکەدا چەمکی رەتکردنەوە و دژایەتی تێدا بوو کە دوورە لەراستی رێبەر ئاپۆو تەڤگەرەکەی. یاخود زۆر کاریان لەسەر ئەوە دەکرد کە دەبێت پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان بەبێ قەیدو شەرت بکەوێتە پێشی جەماوەرەوە، ئەگەر نا ئەوە بەو واتایە دێت کە پارتی چارەسەری لەگەڵ رەخنەو هەڵوێستەکانی رابردوویدا راست ناکات. یاخود لەوە زیاتر کاریان لەسەر ئەوە دەکرد کە کۆما جڤاکێن کوردستان و هێزی پاراستنی گەل راکێشنە ناو شەڕێکی ناوخۆوە، ئەمە لەکاتێکدایە لەباشووردا زۆر پێداگیری دەکرێت کە دەبێت هێزی پێشمەرگە بێلایەن بێت. بێگومان ئەم هەڵوێست و پێناسانە هەندێک کەس و لایەن بەئاگایی دەیانکرد بۆ ئەوەی ئێمە راکێشنە ناو بەرەی خۆیانەوەو جارێکی تر دووبەرەکی دروست بکرێت و رێگە لەدرووستبوونی ئیرادەی نەتەوەیی دیموکراتی بگرن، ئەم هەڵوێستانە لەلایەنی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنی ناو پەرلەمانیشەوە بەشێوەی راستەوخۆ یان ناراستەخۆ نیشاندەدرا. بەم هەڵوێستانە خواستیان خەڵکی باشوور وسەرجەم رێکخستنەکان دابەش بکەن بەسەردوو بەرەدا و هەرلایەنێکی دەرەوەی خۆشیان بەشێوەیەک دەخستە بەرەی بەرامبەرەوەو لەکەداریان دەکرد، ئێمەش بەشێک لەو هێرشانەمان بەرکەوت لەهەردوو لاوە. ئەم هەڵوێست و شرۆڤانە کاریگەریی لەبەشێک لایەنگر ودۆستانی ئێمەش کردووو پێیان وابوو کە ئێمە پێویستە بکەوینە بەرەیەک لەو بەرانەوە، بەڵام لەگەڵ هەستکردنمان بە مەترسی ئەو هەڵوێستانەو سوور بوونی ئێمە لەسەر هەڵوێستی خۆمان وەکو هێڵێکی سەربەخۆ کە پێداگیریمان لەسەر گۆڕانکاریی دیموکراتیانە دەکرد لەرێگای دیالۆگەوە، لەسەرەتادا کاریگەری خراپی لای بەشێک لەو ئەندام لایەنگرانمان درووست کردن کە کەوتبوونە ژێر کاریگەری ئەو بانگەشە و کەشوهەوایەی کە دروستکرابوو، بەڵام دواتر بووە هۆکاری ئەوەی کە زەمینەی دیالۆگ لەناو جەماوەردا دروست ببێت و ئەمڕۆ ئەو دوو بەرەیەش پەنا ببەنە بەر دیالۆگ(ئەمەش راستی هەڵویست و خوێندنەوەمان بۆ رووداوە کۆمەڵایەتی، سیاسی وهزرییەکان دەستنیشان دەکات)، ئەمەش بەواتای سەرکەوتنی چەمکی خەبات و تێکۆشانی ئێمەیە و چەمکی ئەو هەڤاڵانەشی راستکردەوە کە کەوتبوونە ژێر ئەو کاریگەریانە. هەر ئەمەش خاڵی بەهێزی ئێمەیە و بڕیاری لایەنە کوردستانیەکان سەبارەت بەوەی کە لەمانگی یازدەی ئەمساڵدا کۆنفرانسی گشتی پارتە کوردستانیەکان ببەسترێت دەرئەنجامی ئەو سیاسەتەیە کە ئێمەو تەڤگەری ئێمە لەباشوور و سەرتاپای کوردستاندا بەڕێوەمان برد، نەک دەرئەنجامی ئەو سیاسەتە بێت کەدەسەڵات وئۆپۆزسیۆنی ناوپەرلەمان بەرێوەیان بردو لەناوەڕۆکدا یەکتریان ڕەتدەکردەوە.

گرنگە ئێمە بەلۆجێکێکی راست هەڵسوکەوت بکەین، ئایا شەهیدانمان وگەلەکەمان شەڕی یەکتری ویەکتری رەشکردنمان

لێ دەخوازن؟ ئایا بەسیاسەتی ڕەتکردنەوە دەتوانین ئیرادەی یەکگرتوویی نەتەوەیی ودیموکراتی دروست بکەین؟ ئایا بەسیاسەتی ڕەتکردنەوەی یەکتر دەتوانین زەمینەی دەستێوەردانی دەرەکی کەم بکەینەوە یاخود پێچەوانەکەی ڕاستە؟ ئایا لەڕێگەی دژایەتی یەکترەوە دەتوانین کاریگەرییمان هەبێت لەگۆڕانکارییەکانی جیهان و ڕۆژهەڵاتی ناویندا یاخود لەڕێگەی ستراتیژییەکی نەتەوەیی و دیموکراتیەوە ئەمە دەبێت؟ دیارە ئێمە پێمان وابووە و پێمان وایە کە گەلەکەمان و شەهیدان چەندە عەدالەت وئازادی و بنەبڕکردنی گەندەڵی دەخوازن، دوو ئەوەندەش کۆتایهێنان بەسیاسەتی ڕەتکردنەوەو دژایەتیکردنی یەکتر دەخوازن وداوای یەکێتی نەتەوەیی وجێگیرکردنی بنەماکانی دیموکراتیمان لێ دەکەن. ئێمە پێمان وایە کە لەڕێگەی ڕێککەوتنێکی دیموکراتیانەو دروستکردنی ئیرادەیەکی نەتەوەیی ودیموکراتیەوە کە هەموومان بەشداربین لەدروستکردنیدا دەتوانین سوود لەگۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین وجیهان وەربگرین نەک لە ڕێگەی ڕەتکردنەوەی یەکتر ولاوازکردنی یەکترەوە. هەر بۆیە هەرهەنگاوێک بەئاراستەی ڕێککەوتنێکی دیموکراتیانەدا بێت دەتوانین وەڵامی گەل وشەهید و تێکۆشان وقوربانی ڕابردوومان بداتەوە. ئێمە شادومانین کە بەو ئاڕاستەیەدا هەنگاو دەنرێت.

بەدڵنیاییەوە تەنیا دانیشتن ورێککەوتنی چەند لایەنێک بەواتای جێگیربوونی سیاسەتی نەتەوەیی ودیموکراتی نایەت و ئەم پرۆسەیەش تێکۆشانێکی جددی دەخوازێت. ئەویش هەوڵدانە بۆ گۆڕانکاری ریشەیی لە بونیادی زهنی تاک وکۆمەڵگەدا وهەتا لەو ڕێگەیەوە بتوانین ناوەڕۆکی دیالۆگ ورێککەوتنەکان پڕبکەینەوە وگۆڕانکاری پێویست ئەنجام بدەین وماف وئازادییەکانمان بەدەست بهێنین. ئەمەش ئەرکی ئەم قۆناخەی ئێمەیە و گرنگە کەسەرجەم کادیر و ئەندامی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان و هەموو ئەو ڕێکخستنانەی باوەڕیان بە چەمک و هێڵی ڕێبەر ئاپۆیە خاوەن لە ئەرکی خۆیان دەر بکەون و ئامادە بن کەوەڵامی پێشکەوتنەکان بدەنەوە.

وەکو ئەنجام دەکرێت بڵێین پرۆسەی گۆڕانکاریی ریشەیی و ڕێگە گرتن لەخۆ دووبارە کردنەوە، بەپرۆسەی وەرچەرخانی کەسایەتیدا تێپەڕ دەبێت. کاتێک تاکەکانی کۆمەڵگە بەگشتی و پێشەنگانی هەر کۆمەڵگەیەک وەرچەرخانی ریشەییان لەکەسێتی خۆیاندا ئەنجامدا، ئەوا دەتوانن گۆڕانکاری رێشەیی لە ژیان و سیستەمدا ئەنجام بدەن. هاوکاتی ئەمە ئەو قەناعەت و باوەڕیە لەلای خۆیان دروست بکەن کە کاراکتەرەکانی ناو دەسەڵات و پرۆسەی سیاسی باڵادەست ناتوانن گۆڕانکاری ریشەیی ئەنجام بدەن. ڕ ە نگە بتوانن ڕووی دەسەڵات بگۆڕن، بەڵام ناتوانن ناوەڕۆکی دەسەڵات بگۆڕن. ئەوەشی کە ڕێبەر ئۆج ئالان و پەکەکە لەسەر ئاستی هەموو کوردستان وناوچەکە ئەنجامی داوە بەرهەمی ئەم تێگەو هەوڵدانەیە. خولانەوەی کێشەی کوردیش لەناو بازنەیەکی داخراودا لە باشووری کوردستانداو دووبارەبوونەوەی ڕووداوو بەسەرهاتەکانیش وابەستەی ئەوەیە کەلە پێشەنگایەتی و کەسایەتی سیاسی پارتەکاندا ئەم وەرچەخانە ئەنجام نەدراوە. ئەوانەشی خواستویانە ئەنجامی بدەن نەیانتوانیوە بەسەر ئاستەنگیە زهنی، خانەوادەیی، کۆمەڵایەتی و سیاسیەکاندا سەربکەون. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی یان لەناو سیاسەتی نەریتی و باودا بتوێنەوە یان لەلایەنی دەسەڵاتەوە لەناو براون. ئەمەش کۆمەڵگە و تاکەکانی باشووری کوردستان دەخاتە بەردەم بەرپرسیارێتیەکی مەزن و مێژوویی. یان ئەوەتا لەکەسێتی خۆماندا گۆڕانکاری ریشەیی ئەنجام بدەین و بوێرانە هەڵسوکەوت بکەین و لەناخی خۆمانەوە دەردەکانی خۆمان چارەسەر بکەین.

ئیتر چاومان لەوە نەبێت کەسێک لەناو دەسەڵاتەوە دەر بکەوێت و بانگەشەی چاکسازی و گۆڕانکاریمان بۆ بکات و ئێمەش دوای بکەوین و تواناو کاتی خۆمانی پێشکەش بکەین و ئەویش تەمەنی دەسەڵات و سیستەم درێژ بکاتەوە. ئەگەر وا نەکەین ئەوا دەبێت ئەو واقیعە پەسند بکەین کە داسەپاوە بەسەرمانداو ئەگەر ئەمڕۆ بزوتنەوەی گۆڕان لەهەناوی یەکێتیەوە دەرکەوتووەو بانگەشەی گۆڕان و چاکسازی دەکات، بەڵام لەئەنجامیشدا دەردەکەوێت کەسوود لە ناڕازیبوونی گەل و توانای گەل وەردەگرێت بۆ جێگیرکردنی بەرژ ە وەندی کۆمەڵێک کەسی تر و گیان دەکاتەوە بەبەر دەسەڵاتدا. گومانی تێدا نیە کە سبەینێ کەسانی تری بەوڕ ە نگە لەناو پارتی و حزبەکانی تریشدا دەردەکەون. ئەو کاتەش پەشیمانی دادمان نادات.

# قەیرانی رۆژهەڵاتی ناوین و ئەگەرەکانی



رۆسنەم جودی

بەشی یەکەم

شیکردنەوەی قەیرانی جیهان و رۆژهەڵاتی ناوین بۆ ئێمە و بۆ هەموو ئەوانەی کە لەچوارچێوەی دیدی مۆدێرینیتەی دیموکراتی لەپرسەکاندا دەڕوانن بەرگرینامەکانی ڕێبەر ئاپۆ پێوەر و بنەمایە(ڕەفرانسێکە). ئێمەباسی گێژاو، قەیران، ئەنارشی، فەوزای رۆژهەڵاتی ناوین دەکەین و دەخوازین شیکاری بکەین. گێژاو چیە؟ بۆ ئەوەی مرۆڤ بەنمونەیەکی کردەیی باسی بکات با وای دانێین کە مرۆڤێک لەنێو شەپۆلەکانی دەریایەک دایە، لەراستیدا ئەوەدۆخی گێژاوە، بۆچی ؟ چونکە دۆخی نادیاری و ناڕوونی هەیە، مەترسی هەیە، قەیرانە، هەر چرکەیەك ئەگەری ئەوە هەیە کە شەپۆلەکان قوتیدەن، کەی مرۆڤ لە گێژاو رزگاری دەبێ؟ کاتێ دەگاتە کەنار. واتە بەو ڕەنگە مرۆڤ دەکرێ وەک چارەسەری لە قەڵەمی بدات، کاتێ دەڵێین گێژاوی رۆژهەڵاتی ناوین واتە ئەم هەرێمە، کێشەکانی و هەموو ئەو کەموکوڕیانەی کە لەم هەرێمە سەرهەڵدەدەن لەدۆخێکی ناجێگیر و نادیار دان، کەی شەپۆڵی دەریا بیپێچێتەوە دیار نیە، بۆ ئەوەش بەشێوەیەک لەشێوەکان لەهەوڵی ئەوە دایە بگاتە بەر کەنار.

بێ گومان بۆ ئەو هەوڵانە شێوەی جیاواز دەگیرێتەبەر، یەک دێ و دەڵێ رێی رزگاری لەگێژاو بەم رێبازە دەبێ، یەکێکی تر دێ دەڵێ نا بەم رێیە دەبێ، بۆ ئەوەشە کە لە رێبازی دەرچوون لەو گێژاو و مەترسیانەش کێشە هەن. ئەمڕۆ بۆچوونی سەردەست، بۆ چوونی هەژموونی سەرمایەداریە کە وەک سیستەمێک بۆ هەموو جیهان پێویستی هەیە و وەک رێی چارەسەری نیشانی دەدەن، بەو شێوەیە نیشانی دەدەن ئەگەر هەرێمی رۆژهەڵاتی ناوین نرخەکانی سەرمایەداری وەك تاکڕەوی، لیبرالیزم و بازاڕی ئازاد قەبوڵ بکەن ئەوە رێی رزگاربوونە لەگێژاو و قەیرانی رۆژهەڵاتی ناوین. چەندە ئەمەتاقیش کرابێتەوە و پێچەوانەکەشی سەلمابێ، بەڵام سەرمایەداری لەوەدا پێداگری دەکات، واتە سەرمایەداری دەیەوێ نیشانی بدات کە رێی دەرچوون لەقەیرانی جیهان بەقەبوڵ کردنی نرخ و بەهاکانی سەمایەداری دەبێ. بێ گومان رێی تریش هەن وەک پرۆژەی مۆدێرینیتەی دیموکراتی لەسەر بنەمای نرخ و بەهای ئەرێنی لە کولتوور و کۆمەڵگەبوونی رۆژهەڵاتی ناوین دا بەنرخە سەرەکی و بەرچاوەکانی رۆژهەڵاتی ناوین کاتێ بەزانست و تەکنەلۆژیاوە ببەسترێتەوە دەکرێ رێی رزگاری لەقەیرانی و گێژاوی رۆژهەڵاتی ناوین ببینێتەوە.

لەئێستادا قەیرانێک هەیە ئەو قەیرانە زۆر دژوارە و سەختە، سەختیەکەی لەکوێوە دێ؟ کاتێ مرۆڤ لێی دەڕوانێ لەزۆر دەڤەری جیهان قەیران هەیە، بەڵام وەک رۆژهەڵاتی ناوین دەرچوون لێیبەئێش و کارەساتبار نیە، هەندێ هەرێمی تر بەهۆی دۆخی کولتووری و کۆمەڵایەتیەوە دەرفەتیان زیاتر بۆ دانوستان هەیە و دەتوانن نرخی دەرەوە قەبوڵ بکەن و بەپێی خۆیان شێوەی پێبدەن و خۆیان لەقەیران رزگار بکەن. بۆ نمونە لە رۆژهەڵاتی ئاسیا لە مالیزیا، ئەندەنوسیا، سەنگافورا و هەندێ جێی تر گۆڕانکاری لیبڕالیزەکردنیان ئەنجام دران، لەئاسیای ناوین و قەفقاسیاش هەندێ گۆڕانکاری پێکهاتن لەسەر بنەمای لیبڕالیزەکردنی سیستەم، بەو رێبازە ڕێی رزگاریان لەقەیران و بن بەست بوون نیشان دا، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و سەرمایەداری خۆی لەسەروویانەوە لەقەیران دا دەژی، رێگای رزگاری لەچیدا دەبینێ؟ بەبڵاوکردنەوە و گشتی کردنی سیستەمەکەی خۆیدا دەبینێ، لەڕووی فکری، پڕوپاگەندەیی و ئایدیۆلۆژیدا هەموو جیهانی خستۆتە ژێر بۆردومانێکەوە و دەڵێ پرۆژەی سۆسیالیزم ئیفلاسی کرد، پرۆژەی ئاینی نەیتوانی ببێتە ئەلتەرناتیڤ بۆ ئەوەش هەمیشە هەوڵدانی جیهان و مرۆڤایەتی هەمیشە بۆ ئەوەی کە بگاتە چارەسەریەک چارەسەری لەسیستەمێک دا دەبینێ کە ئەویش سیستەمی سەرمایەداریە بەڕێی دیموکراسی لیبڕال، بۆچی؟

لەبەرئەوەی سەرمایەداری دەڵێ هەموو هەوڵەکان بۆ

هەڵوەشانی سیستەمی سەرمایەداری سەرنەکەوتن، نەک هەر سەرنەکەوتن رادەست بوون. بەوەش دەیسەلمێنێ کە سیستەمێکی حەقیقەتی لەچەنگ دایە و بەدوای حەقیقەت دا دەچێ ئەویش سیستەمی سەرمایەداریە. بۆ ئەوەشە دەڵێ دەبێ ئەو سیستەمە قەبوڵ بکرێ. لەبەرامبەری کاردانەوە و نارەزایی هەن و ئەو کاردانەوانە وەک درندە نیشان دەدەن و هەوڵ دەدەن کە ئەو کاردانەوەدا وەک دۆخی دواخستن و پاشکەوتن نیشان بدەن، لەگەڵ زانست نایەتەوە و، پێچەوانەی پێشکەوتنە و دەبێ مەحکومی لەناوبردن بکرێ. هەروەها بیانوو بۆ هێرش کردنە سەر عێراق، ئەفغانستان، سەر لیبیا و بزووتنەوەی دیموکراتی وەک بزووتنەوەکەمان دەبیننەوە، لەسەر بنەمای ئەوەی کە کلیلی حەقیقەت لەدەستی ئەوان دایە و هەموو کەسێکی بەپێی ئەوان لەدژی حەقیقەتن و شایانی لەناوبردنن و دەیەوێ وەها لەقەیران رزگاری بێ. بۆ ئەوە چارەسەر کردنی کێشە لە رۆژهەڵاتی ناوین، هەروەها ئاسان نیە بۆچی؟ زۆر شت لە رۆژهەڵاتی ناوین دەگوترێ، راستیش هەمیشە شتێک دەسەلمێنێ چیە ئەو راستیە؟ هەر پلانێکی دەربارەی ئەم هەرێمە دادەرێژرێ کاتێ لەگەڵ کردەیی کردنی رووبەروو دەبێتەوە ئیفلاس دەکات، وەک ئەوەی کە رۆژهەڵاتی ناوین دەبێتە گۆڕستانی ئەو پرۆژانەی لەدەرەوە ئامادە دەکرێ، چەندین ساڵە بۆ ئەوەی ئەم هەرێمە ببێتە پارچەیەک لەهێزی جیهانی بە فکر و لەکردەیی دا هەوڵ دراوە، هەوڵی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و کولتووری کراوە، بەڵام هیچی سەرکەوتوو نەبوو، ئەوە رێکەوت نیە، ئەویش راستیەک لەگەڵ خۆی دێنێ لەزۆر دەڤەری جیهانیش قەبوڵ کراوە، چیە ئەو راستیە؟

رۆژهەڵاتی ناوین زوو بە زوو بۆ قەبوڵکردنی فکری دەرەوە ئامادەنیە، هۆی چیە ئەو قەبوڵ نەکردنە؟ لەبەرئەوەی کە کولتووری کۆمەڵایەتی هەزاران ساڵە باڵادەستە، ئەو کولتوورەیە کەسایەتی بەرێوە دەبات، مۆڕاڵ، هەست و شێوازی ژیانی دیاری دەکات، بۆ ئەوەشە گواستنەوەی کولتوور و فکری دەرەوە سەرناکەوێ. پلانێکی لەدەرەوە بۆ ئەم هەرێمە دادەرێژێ هەمیشە سەرکەوتنیان کاتیە، هەمیشەیی و ریشەیی نین، نابنە رەچەتەیەک بۆ چارەسەری پرسەکانی هەرێمەکە. بێگومان مرۆڤ دەبێ راوەستە لەسەر ئەو راستیە بکات کە داخۆ ئەوە خەیاڵ و بانگەشەیەکی بێ بنەمایە یان بنەمای هەیە؟

بەڵام یەکەم شتی کە ئەو راستیە دەسەلمێنێ چیە؟ پرۆژەیەکی لە دەرەوە ئامادە دەکرێ بۆ سەرلەنوێ دارشتنەوە و دیزاین کردنەوەی ئەم هەرێمە ئەمرۆشی لەگەڵ دابێ سەرکەوتوو نەبووە. بۆ نمونە ئەو پرۆژەیە تا ئاستێک لە رۆژهەڵاتی ئاسیا و لە ئەمەریکا سەردەکەوێ، بەڵام لە رۆژهەڵاتی ناوین سەرناکەوێ.

**ئەو بزووتنەوە زانستیەی کە لە رۆژهەڵاتی ناویندا دەرکەوت، بەگشتی بزووتنەوەیەک بوو پشت قایم بوو بە مۆدێرنیتەی سەرمایەداریەوە**

ئەو کولتوورەی هەزاران ساڵە لەم هەرێمەدا دەرکەوتوە دیارە هێشتا کاریگەری خۆی لەدەست نەداوە. بۆ ئەوەش لەناوخۆیدا لەسەر بنەمای دینامیکی ناوخۆیی هەندێ هەوڵدرا بۆ تێپەڕاندنی قەیران، بەڵام ئەو هەوڵانە سەرکەوتوو نەبوون فیداکاری کرا، لایەنی زانستی هەبوو و هەوڵدانی جدی بوون، بەڵام سەرنەکەوتن. بۆ سەرنەکەوتن؟ لەبەرئەوەی راستە هەوڵەکان لەدژی داگیرکاری بوون، بەتایبەتی هەوڵی رێنسانسی سەدەی١٩ و سەرەتای سەدەی٢٠ مین و لەدژی دەسەڵاتی دەرەوەبوون، بەڵام دەیانویست بەچەکی ئەوان، شەڕی ئەوان بکەن، مۆدێرنیتەی سەرمایەداریان قەبوڵ کرد، واتە دەیانویست رێی رزگاری لەقەیران بەکۆپی کردنی نرخەکانی سەرمایەداری لە وڵاتەکەیان دا بکەن و تا دوا رادە پەیوەست بوون بە مۆدێرنیتەی سەرمایەداریەوە، کۆیلایەتیان بۆ دەکرد و بێ دوودڵی و بێ گفتوگۆ قەبوڵیان کرد، بەڵام لەهەمان کاتیش دا لەدژی داگیرکاری و کۆلۆنیالیزم تێدەکۆشین ئەوە ناکۆکی بوو کەواتە کۆپی کردنیش پرسەکە چارەسەر ناکات، ئەو بزووتنەوە زانستیەی کە لە رۆژهەڵاتی ناویندا دەرکەوت، بەگشتی بزووتنەوەیەک بوو پشت قایم بوو بە مۆدێرنیتەی سەرمایەداریەوە. واتە پشتراست بوو بەنرخەکانی مۆدێرنیتەی ئەوروپا، لە شۆڕشی فەرەنسا، شۆڕشی ئینگلیزەکان، دیموکراتیەتی ئەوروپا، مافی مرۆڤی ئەوروپا، مافی تاک. لە ئێران، میسر ویسترا ئەو شتانە پێک بێت کەسانی وەک جەمالەدین ئەلئەفغانی، کەواکبی، میرزا مارکۆنی ئێرانی ئەوانە هەموو لەدژی داگیرکاری و مۆنارشیەت بوون،

پێیان وابوو کە خاوەن پرۆژە یەکی ڕێنسانسین و سەرلەنوێ زاینی ڕۆژهەڵاتی ناوین بوون، بەڵام سەرنەکەوتن، هۆکارەکەی چیە ؟ نەک کەسێک لەدەرەوە دەتوانن سیستەمی خۆیان لەم هەرێمە بچەسپێنن دەتوانن سەرکەون، نە کەسێکی لەناوخۆ دایە بە بەهاکانی دەرەوە و چاندنی بەهای دەرەوە ناکرێ سەرکەوتن بەدەسبێنن و مەسەلەکانی ئەم هەرێمە چارەسەر بکەن. لەدەڤەری تر بەئاسانی پێک دێت.

بۆ نمونە لە ئەفریقیا خوێندکاران دەچوونە وڵاتی داگیرکەر لە فەرەنسا، بەلجیکا و ئینگلتەڕا کە هێزی داگیرکەر بوون لە ئەفریقیا دەیانخوێند، پاشان دەهاتنەوە بەهاکانی ئەو وڵاتانەیان دەگواستەوە وڵاتەکانی خۆیان و دەیانتوانی گۆڕانکاری بکەن و هەندێ مەسەلەیان چارەسەر بکەن و دەیانتوانی سەربکەون، بەڵام ئەو هەوڵانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوین دا کرا، بەڵام ئاوێتە نەبوون لەگەڵ گەل و نەبوونە ماڵی گەل، بیری چەپیش بەهەمان شێوە، قەیران هێزی ئەوەی نیە دۆخی هەیە تێپەڕێنێ واتە گێژاو تێپەڕێنێ و بگاتە کەنار و هەوڵی گواستنەوەی بەهاکانی دەرەوەش وەک ئەوەی کە بەڕێی هێرش بۆ سەر عێراق و ئەفغانستان، نەك بەڕێی گواستنەوە بەها کولتووریەکان و مۆدێلە کۆمەڵایەتیەکان و شێوازی ژیان دەبێ و سەرکەوتوو نابێ، دەڕوخێنێت. واتە هەڵە نەبێتە مایەی تێگەیشتن، کاتێ دەڵێین سەرناکەوێ بەو واتایە نایەت کە تەواو بێ ئەنجامە یان هیچ ئەنجامێکی بۆ خاوەنەکەی نیە، ئەمەریکا قازانجی لێ دەکات، ئەوروپا قازانجی لێ دەکات، بەڵام ئێمە لێرەدا قسە لەسەر شتێکی تر دەکەین ئەویش گێژاو و قەیرانە، قەیرانی ڕۆژهەڵاتی ناوین. واتە قەیرانەکە تێپەڕ نابێ واتە پرسەکان دەمێنن وەک شەڕی ناوخۆیی، هەژاری، نەزانی و زۆر نیشانەی تری قەیرانەکە دەمێنن ئەوەیە تێپەڕنابێ و چارەسەر نابێ. بۆ ئەوەشە کاتێ باس لەم بابەتە دەکەین دەبێ مرۆڤ هەندێ تایبەتمەندی هەیە بەبنەمای بگرێ، کاتێ ماناوەی لەهەرێمێک دا گۆڕانکاری ئەنجام بدەین و شۆڕش بەرپا بکەین و پرسەکانی چارەسەری بکەین بەر لەهەر شتێک دەبێ ئینتیمای بۆ ئەو هەرێمە هەبێ واتە لەو زەمینەوە بێ، پشتقایم بێ بەو هەرێمە و لەوێ بەدوای چارەسەری پرسەکان دا بگەڕێین، ئەوەیە کە دەبێ یەکلابێتەوە، بۆچی؟

کێشەکە لەوە دایە ئێمە کاتێ گفتوگۆ لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوین دەکەین لەو هەرێمە ناچەسپێین و ئینتمابوونمان نیە، دەمانەوێ بەمیتۆدی ڕۆژئاوا و بەلۆژیکی ڕۆژهەڵاتناسەکان مامەڵە لەگەڵ کێشەکان بکەین، میتۆدی ڕۆژهەڵاتناسان چیە؟ ئەو کەسانەی بەپێی بۆچوونی خۆیان زانیاری و سەرنجیان لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوین هەبووە، بەڵام هەمیشە لەبەرهەمەکانیان دا کاردەکەن تاکو باڵادەستی ڕۆژئاوا نیشان بدەن، لەشێوەپێدانی تاکی ڕۆژهەڵاتی ناوین دا بەهای ڕۆژئاوا بچەسپێنن، بەڵام تا ماوەیەکی درێژیش ئۆرێنتالیزم وەک جوڵانەوەیەکی ئەرێنی هەڵسەنگێنراوە، بەڵام لەڕاستی دا پەیوەستبوون واتە لەشێوازی ژیانی و فکری دا ڕۆژهەڵاتی ناوین وەک درێژکراوەی کۆلۆنیکراوی ڕۆژئاوا بینراوە و دەستپێشخەری لەدەستی ڕۆژئاوا دایە بۆچی؟ چونکە بزووتنەوەی شارستانی زانستی و تەکنەلۆژی ئەمڕۆ لە ڕۆژئاوادا گوزارە لەناسنامەی خۆی دەکات، فەلسەفە، بیناسازی، هەموو بەشەکانی زانست، زانستی کۆمەڵایەتی، زانستی سروشتی، هەمووشتێك بە ڕۆژئاوا گوزارەی لێ دەکرێ، ئەوە لەڕاستیدا شتێکی ئاساییە بۆچی؟ چونکە پێشکەوتن مەحکومی هەلومەرجە.

**ئەو شارستانیە وەک بەرهەمێکی مێژوویی مرۆڤەکان کەلە زەمینەیەکی تردا زیاتر پێشبکەوێ شتێکی زۆر ئاساییە**

ئەمڕۆ لەم ئەکادیمیایەدا هەندێ هەلومەرج هەن، تا ئاستێک دەکرێ پێشی بخەین، بەڵام کاتێ دەچینە دەڤەرێکی تری جیاواز کە هەلومەرجێکی تری هەبێ ئەوکاتە پێشکەوتن و پاشکەوتنی ئێمە لەدەفەرتێکی تر دا دەکرێ بکەوێتە جوڵە، ڕاستینەیەکە شارستانی سەرچاوەکەی لە ڕۆژهەڵاتەوەیە، هەندێ کەس ئێستا نهێنی یان شاراوە یان شەرمنانەش بێ دان بەو ڕاستینەیەدا دەنێن و قەبوڵی دەکەن، بەڵام ئەو شارستانیە وەک بەرهەمێکی مێژوویی مرۆڤەکان کەلە زەمینەیەکی تردا زیاتر پێشبکەوێ شتێکی زۆر ئاساییە، ئەوە کەموکوڕیەکی ڕۆژهەڵات نیە و دەبێ مرۆڤ وەک کەموکوڕی نەیبینێ، کەموکوڕی لەکوێی دایە؟ لەوەدایە ڕۆژئاوا مامەڵە کردنی لەگەڵ زانست، هونەر و هەر

شتێکی ئاستی مرۆڤ پێش دەخات، زانایەکی نەژادپەرستانەیە و ناوەندگەرایە و ڕەگەزگەراییە، واتە زانست وەک ماڵی مرۆڤ، وەک دۆخێکی مێژوویی کە بەر لەهەزاران ساڵ دەستی پێکردووە لەو کاتەوەی کە مرۆڤ بەردی بەکارهێناوە تا ڕۆژی ئەمڕۆ گەیشتۆتە ئاستی تەکنەلۆژیانەی ئەلەکترۆنی مامەڵەی لەگەڵ ناکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە لەچوارچێوەی سەربەخۆ و دابڕاو لەمێژوو زانستیەکی لەسەر بنەمای نەژادپەستانە دەگرێتەدەست. واتە زانست وەک بەرهەمی مرۆڤی سپی ڕۆژئاوایی دەبینێ و کەسانی بەدەر لەخۆی بێ ئیرادەی و بێ هیوا دەکات، بەتایبەتی دەیەوێ بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوین دا بسەپێنێ و حوکمی لەسەر بکات لەرۆژهەڵات دا بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتی ناوین دا ماتەوزە"پۆتانسێل"ی ئەلتەرناتیڤ هەیە، شارستانی ڕۆژئاوا لەچاو شارستانی ڕۆژهەڵات دا نوێیە واتە هێندە کۆن نیە. بۆ ئەوەش پۆتانسێلی ئەلتەرناتیڤ بەرامبەر شارستانی ڕۆژئاوا هەمیشە لە ڕۆژهەڵات دا هەیە لەسەر ئەو بنەمایە زانیاری ڕۆژئاوا و سیستەمە سیاسیەکەی لەنێو هەوڵێکی سەخت دان کە مرۆڤی ڕۆژهەڵات لەراستینەی خۆی نامۆ بکەن و نامۆ بێ، بۆ ئەوەش چۆن مامەڵە لەگەڵ زانستی ڕۆژئاوا دەکرێ و نەژادپەرستبوونی لەکوێ دا دیارە؟

دەڵێن زانست بە شارستانی ڕۆژئاوا دەستی پێکردووە، هەنگاوی یەکەمی بە گریک - ڕۆما ناوە و بە ڕینسانسیش سەرلەنوێ زیندوو کراوەتەوە و ژیانی بەبەردا کراوە، خۆبەخۆ ڕێنیسانس واتە سەرلەنوێ ژیانەوە دێ، نەک سەرلەنوێ ژیانەوەی مرۆڤ، بەڵکو سەرلەنوێ ژیانەوەی بەرهەمی گریک - ڕۆما، کاتێ دەگوترێ نووسینی هیرۆگلیفی لە میسر هەزاران ساڵ هەبووە، بەر لە زایین، ئەهرامەکان هەن کە لەسەر زانستی ئەندازەیی جدی دروست کراون، ئەستێرەناسی "ئەسترۆنۆمی" و پەرستگاکان هەن لە ڕۆژهەڵاتی ناوین دا، کشتوکاڵ و ئاودێری هەبووە، هەموو ئەوانە لەکۆنەوە هەبوون، دەڵێن نا، ئەوانە ڕێکەوتن، لەبەر ئەوەی ئەنجامی لێکۆڵینەوەی ژیری نیین. تەنانەت هەندێ جار ئەو بۆچوونانەی ڕۆژئاوا وەک سەرچاوەیەکیش چاوی لێ دەکرێ وەک بێرتراند راسل ئەوە بەئاشکرا دەردەبڕێ و دەڵێ ئەو شتانە بەڕێکەوت سەریان هەڵداوە. کاتێ دەڵێن لە ڕۆژهەڵاتی ناوین زانستی گەردووناسی و ئەستێرەناسی سەری هەڵداوە، بەڵام لەوەڵام دا دەڵێن ئەوانە بۆ ئەوەی سەیری چانس و بەخت بکەن ئەوانەیان بە ڕێکەوت بینیوە، یان کاتێ ویستویانە چارەنوسی خۆیان بزانن بەدوای جوڵەی هەسارەکان داچوون و بەوەش هەندێ زانیاریان کۆکردۆتەوە، تۆ دەڵێی ئەهرامەکان هەن ئەوە راستیەکی ئەندازەییە، تا ئەمڕۆ لەسەر بنەمای ئەو یاسایە ماتماتیکیە جیۆمەتری دادەڕێژرێ و فۆرمیلەی لەئەندازەدا هەیە، دەڵێن نا مرۆڤ بۆ ئەوەی گەورەیی خۆی نیشان بدات و خوداوەندی خۆی نیشان بدات شتی وای دروست کردووە و لێگەڕین و هەوڵێکی ژیری تێدا نیە.

## لەو کاتەوەی کە سەرمایەداری سەردەکەوێ مرۆڤ هەمیشە حەسرەتی بۆ گەڕانەوەیە بۆ رابردوو

ئەوە چیە؟ ئەوە لەبنەمادا بۆ ئەوەی ڕۆژهەڵات بەرامبەر خۆی بێ هیوا بکات، بۆ ئەوەیە مۆدێرنیتەی سەرمایەداری کاریگەری لەسەر دواکەوتنی مرۆڤ زۆرە، بۆ؟ لەبەرئەوەی کە خۆی بەبنەما دەگرێ، خۆی ناوەند دەکات، نەژادگەرایە، دەرەوەی خۆی وەک مرۆڤی کامڵ، بەهێز و بەتوانست نابینێ تابتوانێ بیر بکاتەوە و پرسەکان چارەسەر بکات، بەڵکو وەک مرۆڤی دڕندە، نەک بەرهەمهێن، بەڵکو شتی دەرەوە قەبوڵ بکات و مەحکومی بێ و ژیانی وەها بەردەوام بکات دەبینێ. بێگومان ئەوە زۆر کێشەی لێدەکەوێتەوە، لەراستیدا ئامانجی ڕۆژئاوا ئەوەیە، کولتووری مۆدێرنیتەی سەرمایەداری ئەوەیە. بڕوانن لەو کاتەوەی کە سەرمایەداری سەردەکەوێ مرۆڤ هەمیشە حەسرەتی بۆ گەڕانەوەیە بۆ رابردوو، چونکە بەختەوەری و شادومانی لەوێ دا دەبینێ. لە سەرمایەداری دا ئەوەی گۆڕانی بەسەردا دێت لە بنەڕەتدا چی هەیە؟ مرۆڤ بەئەنقەست بێ یان نەزانی کاتێ بەختەوەری لەمێژووی کۆن دا دەبینێ دەیەوێ بگەڕێتەوە کۆمەڵگەی سروشتی بۆ نرخە کۆمەڵایەتیەکانی، مرۆییەکانی و دادوەری، یەکسانی و هاوسەنگی نێوان مرۆڤ و سروشت، چونکە سەرمایەداری ئەوانەی لەناوبرد. لەجێیەکی سەرمایەداری سەردەکەێ کەس ئیدی نایەوێ بگەڕێتەوە بۆ رابردوو، لەو جێیانەی کە بیری سەرمایەداری لێی باڵادەست دەبێ، کەس ئیدی نایەوێ بەرەو دواوە بگەڕێتەوە، تەنانەت

لەگەڕانەوە بۆ رابردوودا دواکەتویی، کۆنەپەرستی، دڕندەیی و خراپی دەبینێ، لەوێ دا کۆمەڵکوژی مەزن دەکرێ واتە مرۆڤەکان لەریشەی خۆیان پەراوێز دەکەن و مرۆڤ دەکاتە کەرەستەیەک بۆ سیستەمی خۆی، بۆئەوەی بتوانێ بەهاکانی خۆی لەسەر بچەسپێنێ ئەوە مەترسیەکی مەزنە بۆ کۆمەڵگەش شتێکی بەهەمان شێوە دەکات، کۆمەڵگە بەرامبەر بەخۆی بێ هیوا دەکات، کاتێ ئەوەدەکات چی ڕوودەدات ئەو کۆمەڵگەیە ئیتر هێزی بەخشینی نامێنێ، باوەڕ بەخۆ بوونی نامێنێ، دەکەوێتە دۆخێکەوە تەنیا قەبوڵ دەکات، تەنیا بۆ خۆی وەردەگرێ، ناتوانێ بدات و شتی باو قەبوڵ دەکات، ئەوە مردنی کۆمەڵگەی لێدەکەوێتەوە، هێزی دروست کردن و خوڵقکاری تێدا لەدەست دەچێ، هەمیشە چاوەڕوانی لە دەرەوەیە بەو پێیەی دەستپێشخەری لەدەست دەچێ، شێوازی ژیانی لەدەست دەچێ، سیستەمی سیاسی و کاری ئابووری هەموو شتێک، بەپێی دەرەوە کاتێ حاڵەتی خۆی دەست نیشان بکات خۆبەخۆی ئەوە گەورەترین خراپەکاریە کە بەسەر خۆی دێنێ.

**دەڵێن دۆخێکی زۆر خراپ هەبوو لەگەڵ ئەقڵ و لۆژیک نەدەبووە یەک، بەرامبەری تێکۆشان کرا و شۆڕش بەرپاکرا**

ئەمە لەخۆیەوە دروست نابێ ئەوە بە بۆردومانی کولتووری و ئایدیۆلۆژی و فکری لەسەر بەرێوەدەبرێ ئەو ئەنجامەی لێ دەکەوێتەوە، بۆ ئەوە رۆژئاوا ئەمڕۆ چی دەکات؟ لە رۆژهەڵاتی ناوین دا بەشێوەیەک لەشێوەکان دەیەوێ بەرامبەر ناسنامەی خۆی نامۆبوونێک دروست بکات واتە مرۆڤ لەرۆژهەڵاتی ناوین دا بەرامبەر ناسنامەی خۆی نامۆ بێ، ناسنامە و کولتووری خۆی رەت بکاتەوە، شێوازی ژیان و بەها کۆمەڵایەتیەکانی و نرخە ئەرێنیەکانی وەک هاوکاری و پشتوانی و ئەخلاق لەئارادا نەهێڵێ و بەشێوەیەکی راست مامەڵە لەگەڵ مێژوو نەکات.

تێبینی بکەن مامەڵەی شیکاری و مامەڵەی مێژوویی بەوشێوەیە لەیەک جیاوازن، لەبەرگرینامەکەی سەرۆک دا زۆر لەسەر ئەو خاڵە راوەستە دەکات، لە سۆسیۆلۆژی مۆدێرینیتەی سەرمایەداری پۆزەتیڤ دا چی هەیە؟ ئەنالیتیک هەیە، واتە مامەڵەیەکی شیکاری هەیە، لەسەر چ بنەمایەک شیکارکردن؟ دەڵێن دۆخێکی زۆر خراپ هەبوو لەگەڵ ئەقڵ و لۆژیک نەدەبووە یەک، بەرامبەری تێکۆشان کرا و شۆڕش بەرپاکرا بەسەرکەوتنی سەرمایەداری ئەنجامگیر بوو و بەو سەرکەوتنەش رێ لەسەر زانست و تەکنەلۆژیا و هەموو شتێك کرایەوە، ئەوە مامەڵەیەکی شیکاریە و نکوڵی لەبوارەکەی و ڕووە مێژووییەکەی دەکات، بەڵام ئەگەر بوارە مێژووییەکەی رەت ناکاتەوە چی لێدەکەوێتەوە؟ مرۆڤ بۆ ئەوەی کە هەرچی مرۆڤ بوونی خۆی پێک بێنێ بەرِەنگێکی راست بەدوای حەقیقەت دا دەچێ هەمیشە بۆتە هەوڵدان، ئەو هەوڵانە بەشێوەی بچوک دەستی پێکردووە، هەنگاو بەهەنگاو بەمیتۆلۆژی گەیشتۆتە ئاستی دەق، بەئایین هەنگاوێکی تریش خۆی نزیک بەحەقیقەت کردۆتەوە، بە فەلسەفە و میتۆدی زانستی زیاتر مەودای بڕیوە و تا ئێستاش بەردەوامە، ئەوە ڕووە مێژووییەکەیەتی. کاتێ ئێمە بوارە مێژووییەکەی بەبنەما بگرین دەبێ بایەخ بە شارستانی رۆژهەڵاتی بدەین، دەبێ وەک سەرچاوەی شارستانی لێی بڕوانین، کاتێ وا لێی بڕوانرێ ئەو کاتە هۆکاری بوونی دەسەڵاتداری و هەژموونی لەئارادا نامینێ. واتە هۆکاری دەسەڵاتداری و هەژموونی رۆژئاوا لەئارادا نامێنێ، بۆ ئەوەش رۆژئاوا بەپێداگریەوە ئەوەی هەمیشە بیانوو و هۆکاری دەسەڵاتداری و هەژموونی بێ، سوورە لەسەر ئەو راستیە لەبەرچاو ون بکات و بەشێوەیەکی سنووردار مامەڵەی لەگەڵ دەکات، هەر وەک چۆن مەسەلەی زانست و پێشکەوتن دۆخێکی پەیوەست بەجوگرافیای رۆژئاوا و ئەوروپایە، بەتایبەت بەژێری مرۆڤی سپی سەری هەڵداوە، ئەو نەژادگەراییە بەئاگاییەوە دەسەپێنرێ بۆ ئەوەی مرۆڤ بەرامبەر خۆی بێ هیوابێ.

بێگومان ئەوە کاریگەری هەیە، کاریگەری لەکێ دەکات؟ ئەوروپا چی دەڵێ سەربەستە خۆبەخۆ هەوڵی سەپاندنی هەژموونی هەیە و بیانوو و هۆکار بۆخۆی دەبینێتەوە. ئەو هۆکارانە نەژادگەراییە، ئایدیۆلۆژیە و شێوازی جیاوازی هەیە لەهەندێ مەیدانی جیاوازی ژیان دا سەرکەوتنی خۆی دەکاتە هۆکار و دەیەوێ خۆی بسەپێنێ، ئەوە مایەی تێگەیشتنە، بەڵام بەرامبەر بەوە گرنگە هەموو کەسێ گوزارە لەهێزی ژیان بکات. واتە هێزێک بتوانێ بژی، بۆ خۆی بژی لەسەر ریشەی خۆی بژی،

واتە هاندەرەکەی تایبەتمەندیەکانی بێ، نەک لەدەرەوە بن، ئەو هەوڵدانەش دەبێ هەبێ ئەو کاتە کێشە نایەتە ئاراوە، ئەو کاتە کێ حوکم دەکات، تۆ چەند رێکخستن کراو بیت و چەند زانست بەبنەما بگری، دەکرێ ئەنجام بەدەست بێنی لەوێ کێشە نیە، کەی کێشە دێتە ئاراوە؟ کاتێ خۆت بەرامبەر خۆت بێ هیوا بیت کێشەیەکی کە ئێمە هەمانە ئەوەیە.

**نرخگەلێک هەن کە بەرگری دەکەن بەهای ئاینی، بنەماڵەیی، عەشیرەتی و قەبیلەیین، ئەوە دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە قەیران لەجێی ئەوەی کەچارەسەر ببێ قوڵتر بێتەوە**

واتە سەرمایەداری دەیەوێ ئەو ئەنجامە بەدەست بێنێ مرۆڤ بەرامبەر خۆی بێ هیوا بکات واتە مرۆڤ بەرامبەر خۆی بێ هیوا بێ و رێی رزگاری لەخۆی دا نەبینێ رێی چارەسەری لەخۆی دا نەبینێ و بەخۆی بێ باوەڕ بێ و رێنمایی کاروانێکی بەرەو پێشی نەبێ و خاوەن پرۆژە نەبێ، کێشە لەوە دایە. ئەو مرۆڤە ئەو کاتە چی دەمێنێ دەبێتە کەرەستە و مادەیەک بۆ جێبەجێ کردنی پرۆژەی دەرەوەی خۆی، ئەو کەسە تەنیا وەردەگرێ و نادات رۆڵی تەوار"بورج"ی پێ دەدرێ واتە تەنیا شتێکی دەتەوێ وەرگری دەبینی، بەڵام لەهەمانکاتدا نادات و بڵاو ناکاتەوە، بۆ ئەوەش بەرامبەر دەرەوەی بێ ئومێد دەبێ و شتێکی لەژیان دا باڵادەست دەبێ فکر و ژیانی رۆژئاوایە بۆ؟ لەبەرئەوەی هیوای بەخۆی ون کردووە، بۆئەوەی هەنگاوێکی شارستانی بنێین و قەیرانی خۆمان تێپەڕێنین، پێویست بەدەرخکردن شتێکی لەلایەنی ڕۆژئاواوە دێت دەبینین، ئەوەش لەگەڵ راستینەی کولتووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکەمان ئاوەژووە و لەکردەیی کردن دا رووبەڕووی زۆر ناکۆکی دەبینەوە، لەجێی ئەوەی چارەسەری لەگەڵ خۆی بینێ قەیرانی کۆمەڵایەتی قوڵ تر دەکاتەوە، نرخگەلێک هەن کە بەرگری دەکەن بەهای ئاینی، بنەماڵەیی، عەشیرەتی و قەبیلەیین، ئەوە دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە قەیران لەجێی ئەوەی کەچارەسەر ببێ قوڵتر بێتەوە. لەبەرئەوەی کاتێ گفتوگۆ لەسەر رۆژهەڵاتی ناوین دەکەین دەبێ خۆمان لەو سایکۆلۆژیە رزگار بکەین، ئەو سایکۆلۆژیەی کە هەمیشە کاتێ دەگوترێ رۆژئاوا گوزارە لە زانستی، پێشکەوتن و مەزنی دەکرێت تێبگەین یان بەشێوەیەکی رەخنەگرانە مامەڵەی لەگەڵ بکەین؟ ئێمە کە خۆمان وەک هێزێکی رێکخستنی پێشەنگ دەبینین تا ئێستاش لەنێو ئێمەدا کاتێک هەندێ هەڤاڵ لەنێو ئێمە جەسارەت دەکەن و، رەخنە لە مۆدێرنیتەی سەرمایەداری دەگرن، هەندێ کەس هەن ئەو رەخنانە بەڕاست نازانن، بەشێوەیەکی قەبە دەڵێن تۆ چی؟ تۆ کێی رەخنە لە مۆدێرنیتەی سەرمایەداری دەگریت؟ چیت هەیە تاکو رەخنەی لێ دەگری؟ ئەوە کێشەیە، بۆچی؟.

چونکە مۆدێرنیتەی سەرمایەداری شتێکی لە رۆژئاوا پێکدێت وەک دەوڵەت - نەتەوە، پیشەسازگەرایی، سەرمایەداری هاوتەریب لەگەڵ هێزی شیکاری و فکری لەگەڵ خۆی دا پەرەی بە باڵادەستی سایکۆلۆژی داوە، بەرامبەر ئەوە لە کەسایەتی ئێمەدا پەرەی بە بنکەوتنێکی سایکۆلۆژی داوە. چۆن دەمانەوێ ئەو بنکەوتنە تەواو بکەین، کاتێ نمانەوێ وەک ئەوان بین نەک وەک خۆمان بین، بۆ ئەوەشە هێزی رەخنەمان نیە لە رەخنە زیاتر لاسایی کردنەوە هەیە، لاسایی کردنەوە پرسەکە چارەسەر ناکات قوڵتری دەکاتەوە، تێبینی بکە لە رۆژئاوا زانستی دەروونی، زانستی کۆمەڵایەتی و، زانستی شیکاری، زانستی سروشتی هەیە لەسەر ئەو بنەمایانەش دەوڵەت دامەزراوە و کۆمەڵگە رێکخراوە و پەرە بەپیشەسازی دراوە و وای کردووە وێنایەک لەرۆژئاوا نیشان بدات، ببێتە روخسارێک و سەرنجێك و هێزێک. ئەو کاتە ئێمە تێکۆشانی مۆدێرنیتەی دیموکراتی بەچی ئەنجام بدەین و رێنماییمان بۆ تێکۆشان چی بێ؟، ئەوە دەبێ لەنێو هەموو مۆدێرنیتەدا نرخی مرۆیی لەگەڵ لایەنی زانستی و ویژدانی زەق بکەینەوە و لە رێگای ئاکادیمیاکانەوە بەشێوەیەکی پسپۆرانە نرخە هەرەوەزیەکان، کۆمینالیزم و هاوکاری و ئاکار بەبنەما بگرێ، باش پێکەوە ببەسترێتەوە و سەربەخۆ بەپێی هەلومەرجەکە. مێژوو خۆمان و ئەخلاق و کولتووری خۆمان پێك بێنین و وەها سەرکەوتن بەدەست بێنین یان لاسایی کردنەوە بەبنەما دەگرین، هەنوکە کامڵ بوون و نەبوون لەو نێوەدا کێشەیە بۆ نمونە کەی خۆ کامڵ دەبینی کاتێ زمانی ئینگلیزی بزانی یان شێوەی ژیانت وەک ئەورووپیەکان بێ، جلوبەرگ و شێوەی قسەکردن و هەستان و دانیشتنت، مامەڵەکردن لەگەڵ مەسەلەکان، لەگەڵ دەوڵەت و کۆمەڵگە کامڵ بوون دەتوانی

خۆت کامڵ دەبینی، کاتێکیش وا نەبم خۆ کامڵ نابینم، بەڵام بڕوا ئەکات کاتێ یەکێکی ئینگلیز کوردی نەزانێ وەک کەموکوڕی نابینێ، بەڵام کاتێ کوردێک ئینگلیزی نەزانێ وەک کەموکوڕی دەبینێ، کاتێ لە کوردستان "گوێک تەلەن" نەبێ دەڵێین کوردستان وڵاتێکی هەژارە.


بۆ ئەوەش لەگەڕان بەدوای دەرچوون لەقەیرانی ڕۆژهەڵاتی ناوین دا لەڕێیەکی هەڵەداین. چۆن؟ لەبەرئەوەی کە دەڵێین کاتێ خۆمان وەک ئەوان لێ بکەین دەتوانین قەیرانی ڕۆژهەڵاتی ناوین تێپەڕێنین، ئەوە شتێکی چەوتە بۆ؟ لەبەر ئەوەی کەرۆژئاوا هەرگیز نرخەکانی خۆی گەردوونی و گشتگیر ناکات لەبەرئەوەی پۆلیسێکی ئینگلیز لەوڵاتەکەی خۆی بەڕێزەوە لەبەرامبەر هاوڵاتیان ڕادەوەستێ، بەڵام هەمان پۆلیس لەهیندستان مرۆڤ دەکوژێ، ئەوە بەچ واتایەک دێت؟ هەندێ نرخی وەک ئازادی، مافی مرۆڤ و ...هتد، بۆ هەموو جیهان نیە و بڵاوی ناکانەوە. کاتێ بیانەوێ وەک خۆیانی لێ بکەن لەچوار چێوەیەک دا وەک خۆیانی لێ دەکەن لە ئێمەدا پەرە بەبەکاربردن دەدەن و قاڵبە زهنیەکانیان بەسەرمان دا دەسەپێنن، بۆ ئەوەی ببینە کەرەستەیەک بۆ سەرمایەکانیان لە عێراق دا کتێب بڵاو دەکەنەوە و تیپێک لە گەنج، لەژن زەق دەکەنەوە و جۆرێک لە بازاڕ و زانیاری زەق دەکەنەوە و جۆرێک لە پارتی سیاسی زەق دەکەنەوە، بۆ ئەوەی وەک خۆیانیان لێ بکەن، ئێمە لەو پێشبڕکێیەدا سەرکەوتوو نابین، زۆر زۆر مرۆڤ خۆی لەدەست دەدات و لەڕەگ و ریشەی خۆی دوور دەکەوێتەوە، ئەوە ڕێی چارەسەری نیە، دەبێ باوەڕی بەخۆمان بێنین.

ئێستا کێشەکەمان ئەوەیە کە ئەو باوەڕیە چۆن بەخۆمان بێنین، وێنایەك لای ئێمە هەیە، چیە؟ ڕۆژئاوا نیشانەی پێشکەتنە و ڕۆژهەڵاتیش دواکەوتن، ئەوە کاریگەریەکی زۆری لەسەرمان هەیە، بێ باوەڕی، بێ ئیرادەبوون و هەمیشە ئەوروپا وەک سەرچاوە دەبینرێ، بۆ ئەوەی شیکاریەکی ڕاست بکەین باوەڕمان بەهێزی خۆمان نیە، ڕۆشنبیرانی ڕۆژهەڵاتی ناوین بۆ ئەوەشە هەڵسەنگاندنەکانی شارستانی کتێبەکانی ڕێبەر ئاپۆ ناخوێننەوە، کێبەکانی هاندیکتۆن، فۆکۆیاما، بردنارد لویس و کتێبەکانی ئۆرینتالیستەکان دەخوێننەوە، تەنیا بۆ ئەوەی خۆیان ڕزگاربکەن دەیخوێننەوە، بەڵام ئەو کتێبانەش لەسەر بنەمای سەرکەوتنی ڕۆژئاوا و ڕاستەڕێکردنیەتی، هەرچەندە هەندێ ڕەخنەشی تێدا بێ، بەڵام ئەو سیستەمە ڕەت ناکاتەوە، بەڵکو دەیکاتە بانگێشەیەك بۆ کردنی بەسیستەمێکی جیهانی. بۆچی؟ لەبەرئەوەی کە بەخۆمان بێ باوەڕین و دەستپێشخەری لەدەستمان دەرچووە بۆ ئەوەشە بێ باوەڕین و ڕەنگدانەوەی لەسەر کردەوەکانیشمان دەبێ. بۆ نمونە وڵاتانی کەنداو وەک سعودیە، قەتەر، کوێت و ...هتد لەناکاو زانیان کە لەسەر دەریایەکی پترۆڵن و زۆر کەڵکی بۆ جیهانیش هەیە و جیهان هەمووی بەدوای دا دەگەڕێ و لەڕووی ئابوریەوە داهاتێکی زۆریان بۆ دێنێ، دەستیان بەوەکرد لەسەر بنەمای فرۆشتنی پەترۆڵ نوێ بوونەوەیەکی مەزنی کرد، شاریان دامەزراند، باڵەخانەیان بونیادنا، پەرەیان بەبازرگانی دا و بوونە بەکاربەرێکی گەورە.

**پسپۆر لەدەرەوە دێنێ بۆ ئەوەی بۆچوونیان وەرگرێ بەپارەیەکی زۆر و بەکرێ، نرخی کۆمەڵگە خەرج دەکرێ تەنیا بۆ ئەوەی دێن بۆچوونێک دەڵێن!**

بەڵام پێویستیان بەزانا و پسپۆر هەبوو، دوو کەس ئەگەر بچووبایە سعودیە هەردوو ئەندازیار بوانایە و هەردووکیشیان لەیەکێک لەزانکۆ بەناوبانگەکانی جیهان خوێندبێتیان و هەردووکیان بۆ کار بچوبانایە سعودیە بۆ کار، یەکێکیان لەوانە عەرەب و ئەوی دیکەیان ئینگلیز یان ئەمەریکی بوانایە ئەوەی عەرەب مووچەکەی هەزار دۆلار بێ ئەوەی ئینگلیز دەهەزار دۆلارە، لەهەمان جێگا خوێندویانە و هەمان بەهرەیان هەیە، بەڵام بۆچی مووچەکەیان جیاوازە، ئەوە بێ باوەڕی بەرامبەر مرۆڤی ڕۆژهەڵاتە، ئەوە لەهەموو بوارەکانی ژیان دا مرۆڤ دەکرێ بەئاسانی ببینێ.

بۆ نمونە هەندێ ئەندازیاری مەزن هەن لەسوریا و هەندێ جێی تر زۆر شتی سەرنج ڕاکێش دێنن، تێزیان هەیە دەربارەی ئەندازیاری، ماتماتیک و شتی دیکە، بەڵام کاتێ پرۆژەیەک گەڵاڵە دەکرێ، سوریا پسپۆر لەدەرەوە دێنێ بۆ ئەوەی بۆچوونیان وەرگرێ بەپارەیەکی زۆر و بەکرێ، نرخی کۆمەڵگە خەرج دەکرێ تەنیا بۆ ئەوەی دێن بۆچوونێک دەڵێن، لە ڕاستی دا ئەندازیارێکی سوری هەمان بۆچوون دەتوانێ دەربڕێ و بگرە باشتریش و کردەیی دەتوانێ دەربیڕێ، چونکە ئەو هەلومەرجی




کتێبی رۆژهەڵاتی ناوین - ن: رۆستەم جودی

وڵاتەکەی خۆی باشتر دەزانێ، بەڵام ئەو بێ هیواییە بەرامبەر کەسانی خۆی، ئەو ئەنجامی لێ دەکەوێتەوە لەزۆر بواری ژیان دا وەک لەکەسایەتی دا دەکرێ ببینرێ، بۆ ئەوەشە بایەخدانمان بەرۆژهەڵاتی ناوین لاوازە و گرنگی پێ نادەین.

بۆ نمونە؛ زانیاری باشمان لەسەر شۆڕشی فەرەنسی، شۆڕشی بەریتانی و ئەمەریکیەکان هەیە، کاتێ لەو جێیانە هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێ یان چالاکی کولتووری یان هونەری کە بەرێوەدەچێ بەپەرۆشەوە بەدوای دا دەچین، بەڵام رۆژهەڵاتی ناوین سەروژێر بێ زۆر نابێتە مایەی سەرنجمان، لەوڵاتێکی تێدا کار دەکەین و پەیوەندی ئۆرگانیمان لەگەڵی دایە لە ئێران، سوریا، تورکیا و عێراق و وڵاتانی عەرەبی، فارسی و عەجەمی دا لەڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسیەوە ئاگاداری زۆرمان نیە، سیستەمی سیاسی لەسەر چ بنەمایەك دامەزراوە؟ کولتووری باڵادەست لەو کۆمەڵگەیانەدا چیە؟ مرۆڤەکان بەچی کاریگەر دەبن ؟ لەدژی چی کاردانەوە دەردەبڕن؟ دەربارەی ئەوانە زۆر قوڵبوونەوەمان نیە. هۆکارەکەشی لەو لۆژیکەوە دێت، ئامانجی ئەو گفتوگۆیە چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە و تێپەڕاندنێتی بۆ ئەوەی کە لەڕووی کردەییەوە پێکی بێنین، ئەوەیە نامۆیی بوون لەخۆی تێپەڕێنێ و ببێتە هی خۆی.

# ئەزمونەکانی تێکۆشانی ژنان لەپێناوی ئازادی لە جیهانی عەرەبی



ن: سەلوا قیقە
لەعەرەبییەوە نامۆ شەریف

**تونس وەک نمونە**

- ئایا ئاشتی و سەقامگیری و کەرامەت و ئازادی هەیە لەژێر سێبەری کۆیلایەتی سەپێنراو بەسەر ژناندا؟

- ئایا ئاشتی و سەقامگیری و کەرامەت و ئازادی هەیە لەژێر سێبەری تاوانەکانی جیهادی نیکاح و بازرگانی بە ژنانی ئێزیدی و ژنانیترەوە؟ یان لەژێر سێبەری فرەژنیدا کە بنپێکردنێکی کەرامەتی ژن و تەنانەت کەرامەتی پیاویشە کە ئارەزووی سێکسی روولەژێری دەکات بەرەو مەقامێکی شەرمهێنەر؟

* ئایا ئاشتی و سەقامگیری و کەرامەت و ئازادی مانایەکی هەیە لە ژێر سێبەری ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین لە مارەکردنی منداڵان کە ژێرپێخستنی سادەترین پرانسیپەکانی مافەکانی منداڵانە؟
* ئایا ئاشتی و سەقامگیری لەژێر سێبەری چاوسوورکردنەوەو لێپرسینەوە لەوەی بۆ بەدستهێنانی مۆڵەتی لێخورینی ئۆتۆمبێل لەهەندێ شوێنی ئەم جیهانە، دەخوازن لە ریزی مرۆڤبوون خۆیان نزیکبکەنەوە.
* ئایا ئاشتی و سەقامگیری و کەرامەت لەژێر سێبەری کرینی ژن بە مارەیی کە شێوەیەکە لە سێکس لەگەڵ ژن بەرامبەر پارە، تەنانەت ئەگەر بەشێوەیەکیتر گوزارشتی لێبکرێت؟
* ئایا بێ کەرامەتی مرۆڤ و یەکسانی راستەقینەی نێوان ژن پیاو و نێوان لایەن و پێکهاتەکان دیموکراسی راستەقینە هەیە؟

ئەمانە هەندێك لەو پرسانەن کە ژنانی پێشکەوتنخوازیان لەناوچەکەدا سەرقاڵکردوە - بەپێی ئەوەی لەزۆر لە جڤینە نیشتمانی و هەرێمایەتی و جیهانییەکان لەسەری هاوڕابوون. هەر هەمان ئەو پرسانەن کە لە کۆنفرانسی ئامەد لە ٢٠١٣ خرانەڕوو بە ئامادەبوونی ٢٥٠ ژن کە لە وڵاتانی جیاجیای جیهانەوە ئامادەببوون، بەتایبەتی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا بۆ ئەوەی پێکەوە بیربکەینەوە لە کێشەکانی ژن و کێشەکانی ناوچەکە بەگشتی، وەك بەشدارییەکمان لە کاروباری گشتیدا.

"ئێمە سووربوین لەسەر نووسینەوەی چەند دێڕێکی مرۆڤانەی نوێ لەمێژووی مرۆڤایەتی هاوچەرخ، ئامانجەکامان دووپاتکردەوە لەوەی بزاڤێکی تێکۆشانی هاوبەشی جیهانی ژنان بۆ رووبەڕووبوونەوەی هەموو رژێمە خۆسەپێن و دیکتاتۆر و پیاوسالاری و پاشڤەڕۆکان. ئەم کۆنفراسە بەلای بەشدارانیەوە، خاڵی دەستپێك و بەردی بناخە بوو تا ئاستی بونیادنان لە پێناوی جیهانێك رێز لەمرۆڤ بوونی مرۆڤ بگرێت و ئاشتی بەدیبێنێ بۆ ئەم سەرزەمینە"

بەمشێوەیە لەروونکردنەوەکەی ئەو کاتەدا باسی لێوەکرابوو، ئەوەتا ئەمڕۆش، بەهۆی تێکۆشانی هاوبەشمانەوە، چەندین هەنگاو لەپێشەوەین بۆ دامەزراندنی بزاڤێکی پێشکەوتنخوازی جیهانیی ژنانی سەربەخۆ کە کاری بۆ دەکەین.

ئەو دەمە، ئەزموونی کۆنفرانسەکە بایەخێکی دیرۆکی گەورەی هەبوو لەو رووەوە کە رێخۆشکرد بۆ داڕشتنی نەخشەڕێی قۆناخی داهاتوو بۆ رۆشنکردنەوەی رێو رچەی تێکۆشانمان لەپێناوی چەسپاندنی دیموکراسیەت و ئازادی و پووچەڵکردنەوەی هەموو شێوەکانی جیاکاری بەرامبەر بەژنان، پشتبەست بە بەها گەردوونیەکانی مافەکانی مرۆڤ و رێککەوتنامە نێودەوڵەتییەکانی ئەم بوارە.

* لەم باسەمدا بەباشمزانی میتۆدێك بگرمەبەر بۆ نزیکخستەوەی پرۆسەیەکی مەیدانی پەیوەندیدار بەو ئەزموونانەی ژنان لەناوچەکەدا کاریان لەسەرکردوە بۆ دەستنیشانکردنی میکانیزمی کاری هاوبەش. لەسەرەتاشدا ئاماژە دەدەم بەو دەرەنجامانەی بەماندوونەناسیی ژنان بەدیهاتوون بۆ ئەوەی کاریگەرتر و کاراتربین بۆ دەستەبەرکردنی مرۆڤایەتی تەواو بۆ ئەوە ژنانەی رووبەڕووی چەندین جۆر لەجیاکاریی ماددی و مۆراڵی و پەراوێزخستن بوونەتەوە بەهۆی هێزی باوکسالاریی پاشڤەڕۆو هەورووەها سەپاندنی هەژموونی ئیسلامی سیاسیەوە کە هێزە ئیمپریالیەکان پشتگیریان دەکەن.

من بەناوی هاوڕی ژنە تێکۆشەرەکان لەوڵاتانی جیاجیاو پابەندییە جیاوازەکانەوە - بەیەك دەنگ جەخت دەکەینەوە لەسەر بوونی وشیارییەکی تەواو بەوەی ئەم قۆناخە بەرپرسیارێتیەکی قورسی خستۆەتە ئەستۆمان لەرێڕەوی مێژوویی تێکۆشانی ژناندا لەپێناوی بەدیهاتنی کەرامەت و دادوەری و ئازادی و یەکسانی. ئێمە هەموومان سەر بەم گۆی زەویەین و روو لە بەها گەردوونیە مرۆڤایەتیەکانیان ئیتر هەرچەند تایبەتمەندییەکانیشمان جیاوازبن.

**گرنگ ئەوەیە لە پشتگیریکردنی تێکۆشانی گەلان لەپێناوی ماف و ئازادی و لەسەروو هەمووانەوە گەلی فەلەستینی داگیرکراوو کوردستانی لەبیرکراو، تێکۆشانمان سیاسی بێت.**

من ئەو هەموو رێگەیەم لەتونسەوە بڕیوە بۆ ئێرە، لەگەڵ هاوئاهەنگ رەمزیانەی ئەو زەویەی کە شاعیری سووری نەزار قەبانی لەباوەشگرتووە، گوزارشتەکانی بەخەیاڵمدا گوزەری دەکرد کاتێ باسی کاریگەریی کرانەوەو ئەزموون و سەفەرەکانی دەکرد لەسەر شێوەگرتنی سیمای شیعرە گەردوونیەکەی و رەهەندی هەستە مرۆییەکەی وەك ئەوەی بەزمانی ئۆجالان و بەزمانی هەموومانەوە بێتەگۆ، وێڕای جیاوازی کات و شوێن، کە دەیگوت:

"من لە شیعردا ناسنامەی هەموو جیهانم هەڵگرتوەو سەر بە یەك دەوڵەتم کە ئەویش دەوڵەتی مرۆڤە"

*ئەم شایەدە گۆیەندەیە دەمانخاتە بەردەم یەکێك لەو هەڕەشانەی کە پێویستە پلان و میکانیزم دابڕێژین بۆ رووبەڕووبوونەوەی، ئەویش هەڕەشەی کلتورییە، بە تێپەڕاندنی چەمکی ناسنامە لەسنوورە تەسکەکەیدا، کە رۆماننوس ئەمین مەعلوف بە ناسنامەی بکوژی دەناسێنێ.

دەبا پێناسمان گەردوونی بێت و هاوئاهەنگ بێت لەنێوان تایبەتمەندی و گەردوونی لە دەوڵەمەندی و کامەڵیدا، لەبەرامبەر هەرچەشنە تێکشکانێکی مێژوودا بوەستێتەوە، بەو هەموو گەردوگۆڵەی تێپەڕینی کات و شارستانیەت دەمانباتەوە بۆ هەزاران ساڵ و لەمیانیدا نەوە یەك لەدوای یەکەکان بەشداریدەکەن لەپەرەپێدانی مەعریفەی مرۆڤایەتیدا. ئێمە نەوە دوای نەوە، وەك جاحزی بیرمەندی سەدەی سێی کۆچی گوزارشتی لێکردوە:

بەڵام لەرووی کردارییەوە، ئەوا "ئەوا گەلانی ناوچەکە کە لەپێناوی ئازادی و دیموکراسیدا تێدەکۆشن، ناچارن چارەنووسیان یەکبخەن"، هەروەك بیرمەند عبدوڵلا ئۆجالان گوزارشتی لێکردوە.

تێکۆشان و هەڵمەتەکانمان پێویستە هاوبەش بن لەبەر ئەوەی مژاری ژنان لەنێوانماندا هاوبەشە هەرچەندە جیاوازیشمان هەبێت.

لەبەربەرەکانێی سیاسەتەکانی نیولیبڕاڵیزمدا کەخۆی داسەپاندوە لەبواری کارکردنداو هیچ جۆرە دڵنیاییەکی دەستەبەرنەکردوە بۆ سەلامەتیی جەستەیی و دەروونیی ژنان، پێویستە تێکۆشانمان کۆمەڵایەتی بێت و ئامانجی دادوەری بێت لەنێوان هەمووواندا.

گرنگ لە رووبەڕووبوونەوەی هەموو چەشنەکانی جیاکاری لەسەر بنەمای رەگەز و ئەتنیك و ئاین، بەرگری بێت لەمافی بێ ئاینەکان و مافی هەموو گەلان لەپاراستنی زمانی دایك و بەرگریکردن لێی، بەشێوەی تێکۆشانی قانونی بێت و ئامانجیشی داڕشتنی قانون بێت بۆ ماف و دادوەری.

هەروەها گرنگ ئەوەیە لە پشتگیریکردنی تێکۆشانی گەلان لەپێناوی ماف و ئازادی و لەسەروو هەمووانەوە گەلی فەلەستینی داگیرکراوو کوردستانی لەبیرکراو، تێکۆشانمان سیاسی بێت.

لەم چوارچێوەیەدا، ئایا دەکرێ چاو بپۆشم لەیەکێك لەو دروشمانەی لە گۆنگرەی دیاربەکردا هەڵکرابوو و لەبزاڤە جیهانییەکەمانداو لە کۆبوونەوەکانی ڤێنزەویلاو نیپاڵ و ئەڵمانیاو ئەوانیتردا دەنگیدابووەوە:

"با ناوەڕۆکی تیکۆشانمان بکەینە شۆرشێکی ژنانەی دژ بە ستەمکاری و پاشڤەڕۆیی"

ئەم دروشمە لەنێو بزاڤی سەربەخۆی جیهانیی ژنان گەڵاڵە بوو لەمیانەی کۆنگرەی دیاربەکر کە ئاوێنەی چەندین ئەزموونی جیاجیای تێکۆشانی ژنانە بوو لەپێناوی ئازادیدا لەسەر ئاستی نیشتمانی لەوڵاتانی عەرەبی. شتێکی بەکەڵکە لەو ئەزموونانە

رامبێنیـن کەنـاوی چەندیـن کەسـی تێـدا دەرکەوتـوون لەبزاڤـی ژنانـی سـەردەمی نوێـدا.

زۆر لـە ژنـان لەمەیدانـی سیاسـەت و هـزردا پێشـەنگ بـوون وەك هـودا شـەعراوی و نەزیـرە زینەالدیـن و نـوال سـەعداوی لـە میسـرو درِیـە شـەفیق ئەلدرزیـەی سـوری لوبنانـی و فاتیمـە مەرنیسـی مەغریبـی و ئاسیا ئەلجەبـاری جەزائیـری و زۆریتریـش کـە لەمێـژووی کـۆن و هاوچـەرخ دەرکەوتـون.

بـەڵام گـەڕان بـەدوای گشـتگیری لـەرووی مەنهەجییـەوە وردەکاری لەدەسـت دەدات و قسـەکردن لەدەریـای هەمەکیـدا دەخنکێنـێ، لەبـەر ئـەوە پەنـام بـردە بـەر تەرکیزکردنـە سـەر نمونـەی تونسـی.

**ئەم دەستکەوتانەی بۆ ژن بەدیهاتوون لە تونس مێژوویان هەیەو لەدەرەوەی ڕێڕەوە مێژوویەکەی بەدرێژایی چەند چاخێک، لەم ئەزموونە تێناگەین**

وەك سیمبولێکی راپەڕینی تونسـی (ناشـڵێم شـۆرش) کەژنـان و کۆمەڵـی مەدەنـی ڕۆڵێکـی کاریگەریـان تێـدا بینـی. هەروەهـا تیشـك دەخەمـە سـەر چەنـد مژارێکـی رێنیشـاندەر بـۆ دەرخسـتنی رۆڵـی تێکۆشـەرانەی ژنـان لەپێنـاوی ئـازادی و یەکسـانی.

*وێـڕای ئـەو جیاوازیـە سـەیرو گۆڕانکاریـە جۆرایەتیـەی لـە بونیـادی کۆمەڵگـە و ئـەو ئەقڵیەتـە سـەیرانەی هاوردەکـراون، کاتـێ دەسـکەوتەکانی ژنانـی تونسـی وەبیردێنمـەوە کـە لەبیـری ژنانـدا هەڵگیـراون بـۆ شـێوەگرتنی کەسـایەتی ژن لـە وڵاتەکانمـان، ئـەو کاتـە هیـچ گومانـم لانامێنـێ سـەبارەت بەڕۆڵـی هەمەڕەنگیـی کلتـوری و شارسـتانی لـە درسـتبوونی روانگـەی تونسـی کـراوە لەلایـەك و لـەوەش تێدەگـەم بۆچـی بورقێبـە نارەزاییەکـی گـەورەی نـەدی لەکاتـی دەرکردنـی گۆڤـاری ئەحـوال شـخصیە لـە ١٩٥٦/٨/١٣ پێش نووسینی دەستووری سـەربەخۆیی بـە سـێ سـاڵ لـە حوزیرانی ١٩٦٩.

ئـەم گۆڤـارە قانونیـە دەرەنجامێکـی سروشـتی بـوو بـۆ رەوشـێکی پێگەیشـتوو بـۆ پێدانـی مافـی یەکسـانی بـەژن و قەدەخەکردنـی فرەژنـی و سـەپاندنی جیابوونـەوە لەبـەردەم دادوەر بـۆ زامنکردنـی مافـی ژن و دەستنیشـانکردنی تەمەنـی هاوسـەرگیری بـە ١٨ سـاڵ. ئـەم گۆڤـارە لـە شەسـتەکانی سـەدەی رابـوردوو، مافـی لەباربـردن و دەستنیشـانکردنی ژمـارەی منداڵـی زیادکـرد ئەویـش لەهەنگاوێکـی کەموێنـەدا لەجیهانـی عەرەبـی کەوایکـرد قانونەکانـی بـاری کەسـێتی هـەر لەسـەردەمی سـەربەخۆییەوە هاوئاهەنـگ بـگات بەزۆربـەی رێکەوتـن و پەیماننامـە نێودەوڵەتیـەکان.

هـەر لەسـەر ئـەم بنەمایە، ژنـە تونسـیەکان کـە لـە رووی مەعریفـی و رێکخسـتنەوە ئامادەبـاش بـوون بـۆ بڕیـاردان لەسـەر دەسـتوری کۆمـاری تونسـی دووەم لـە ٢٠١٤/١/٢٧.

*بنەمـای یەکسـانی لـە بەنـدی ٢١: "هاوڵاتیانـی (نێـرو مـێ) لـە مـاف و بەرپرسـیارێتی یەکسـانن، هەمـووان یەکسـانن لەبـەردەم قانونـدا بـێ هیـچ جـۆرە جیاکارییـەك"

*پابەندبوونی دەوڵەت (لەبەندی ٤٦):

- بـە پاراسـتنی مافـە بەدەسـتهاتووەکانی ژن لەپشـتگیری و پەرەپێدانیـان.

- زامنکردنـی هەلـی یەکسـان بـۆ ژن و پیـاو لـە هەڵگرتنـی بەرپرسـیارێتی لەهەمـوو بـوارەکان.

- هەوڵـدان بـۆ هاوسـەنگی لەنێـوان ژن و پیـاو لـە دەسـتە هەڵبژێـردراوەکان.

ئـەم دەسـتکەوتانەی بـۆ ژن بەدیهاتـوون لـە تونـس مێژوویـان هەیـەو لـەدەرەوەی رێـڕەوە مێژوویەکـەی بەدرێژایـی چەنـد چاخێـك، لـەم ئەزموونـە تێناگەیـن لەبـەر ئـەوەی بەشـداریکردوە لـە شـێوەگرتن و بەرجەسـتەکردنی کەسـێتی ژنـە تونسـیەکان کـە دوو پرنسـیپی یەکسـانی و نیـوە بەنیوەمـان "تناصـف" سـەپاند بەسـەر ئەنجومەنـی دامەزرانـدن و لەدەسـتوری نوێـدا چەسـپاندیان هەرچەنـدە ئیسـلامی سیاسـی لـە ناوەندەکانـی بڕیـاردا بـوون. سـەرەڕای ئـەو کەلێـن و هەڵدێرانـەی لەدەسـتوری وڵاتـدا هەیـە بەهـۆی لەبەرچاوگرتنـی سـازان کـە هەندێجـار بووەتـە هـۆی دروسـتبوونی ئاڵـۆزی، هێشـتا ئـەو قانـون و مافانـەی ژنانـی تونسـی بەدەسـتیانهێناوە لەپێشـەوەی وڵاتانـی ناوچەکەوەیـەو بـە کۆششـی هاوبەشـمان ئامانجمانـە بـۆ بەرزکردنـەوەی ئاسـتی مافەکانـی ژنـان لەهەمـوو وڵاتەکانمـان.

چۆن گەیشتینە بڕیاری یەکسانی لە دەستور؟

پرسـێك کـە خراوەتـەڕوو بریتیـە لـەوەی چـۆن جەختکردنـەوەی بزاڤـی ژنانـی تونسـی لێکدەدرێتـەوە بـۆ قازانجکردنـی چەندیـن بەرهەڵسـت

و گرەوو شەڕ لەدژی پاشڤەڕۆیی و هێزە بەرپەرچدەرەوەکان لەپێناوی یەکسانی؟

چۆن گەیشتینە سەپاندنی یەکسانی لە دەستووردا؟

لەوەڵامی ئەمەدا چەندین ڕەهەند دەردەکەون و پێدراوە مێژووییەکان هەر لەساتە کۆنەکانەوە بەیەکدادەچن، لەوەی دەوڵەتی سەربەخۆ چی بۆ ژنان بەدەستهێناوەو قۆناخی شۆرشیش چی پشتڕاستکردوەتەوە لەبارەی وشیاریی ژن و ڕۆڵیان لە بزواندنی ڕێڕەوی ڕووداوەکانی وڵات.

- ڕۆڵی مێژوویی
- ڕۆڵی ڕێکخستن
- بزووتنەوەو هەڵمەتەکانی داکۆکی
- ڕەهەندی مێژوویی

مێژووی ژنە تونسیە چالاکەکان دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە ٣٠٠٠ ساڵ. لێرەدا تەنیا باس لەهەندێك سیمبوڵ دەکەم بۆ تێگەیشتن لەکەسایەتی تونسی و خستنەڕووی ڕۆڵی گەڕان و کنەکردن لەکەلەپوری مێژوویی و هۆشیاریی پەیبردن بەشارستانیەت لە بونیادنانی تێڕوانین بۆ ئێستاو ئایندە.

*کاتێ علیسەی دامەزرێنەری قەرتاج وەبیردێنمەوە لە سەدەی نۆزدەی پێش زایینی، وێنەی ئەو دەوڵەتە دەردەکەوێ کە پێشبرکێی ڕۆمای دەکرد لە دەسەڵات و دەستورێکی هەبوو کە ئەرستۆی فەیلەسوفی گریکی بە باشتری دەزانی لەهی ئەسینا.

*کاتێکیش ئازایەتی عەزیزە"قدیسە" (بربتۆ) کە مردنی هەڵبژارد لەپێناوی ئازادی بیروڕاو بڕواهێنان بەکریستیانی لەسەردەمی چەوساندنەوەی کریستانەکان لە سەرەتای سەدەکانی زایینی، ڕۆڵی ژن دەردەکەوێ لە نووسینی یەکەمین کتێب کە بەدەستی ژنی تونسی نووسرابێ وەك شاهیدێك بۆ نەوە ژنەکانی دوای خۆی بۆ ئەو فیداکاری و ئەشکەنجەیەی لەپێناوی ئازادی، نزیکەی دوو هەزار ساڵ پێش ئێستا، چەشتویەتی.

* کاتێك ئەو ڕاهیب و سەرکردە بەربەریە وەبیردێنمەوە کەبەهێزەکەیەوە لەسەدەی حەوتەمی زایینی ڕووبەڕووی لێشاوی عەرەبەکان بووەوەو لەپێناوی خاکی نیشتمان دەکوژرێت، ئەو ڕۆڵە سیاسیەم بیردێتەوە کە ژنان پێش ١٥٠٠ ساڵ گێڕاویانە.

*کاتێکیش ئەڕوای قەیرەوانیم بیردێتەوە کەمەرجی بۆ ئەبو جەعفەری مەنسوری هەڵاتوو لە زەبروزەنگی ئەمەویەکان بۆ قەیرەوان دانابوو کە نەتوانێ دووبارە ژنی بەسەردا بێنێتەوە، ئەو گرێبەستە نووسراوەم بیردێتەوە کە لە سەدەی نۆی زایینی پێی مۆر کردبوو و مێژووی تونسی بە (الصداق القيرواني یان الزواج القيرواني) ناساندوویەتی، چونکە بەربەر فرەژنیان هەرگیز بەخۆیانەوە نەدیبوو. دواتریش کاپێکراوەو تەنانەت دەوڵەتی سەربەخۆی تونسیش ڕێژەیەکی کەمی لەحاڵەتی فرەژنی تۆمارکردوە کە ناگاتە ٢٪.

**خاتوو ئایشەی مەنوبییەی سەدەی ١٣ی زایینیم بیردەکەوێتەوە کە هاوسەرگیری لەتەمەنی ١٠ ساڵیدا ڕەتکردەوەو بایەخی بەزانست و زانیاری دا**

*کاتێکیش خاتوو ئایشەی مەنوبییەی سەدەی ١٣ی زایینیم بیردەکەوێتەوە کە هاوسەرگیری لەتەمەنی ١٠ ساڵیدا ڕەتکردەوەو بایەخی بەزانست و زانیاری دا، وەبیری دێنمەوە چۆن بەرەو مزگەوت و پەرستگاکان کەوتەڕێ و بۆ وەدەستخستنی زانست تا وەك مامۆستای فیقە و زانستە ئایینیەکان لەتەنیشت گەورەترین زاناکانی ئەو سەردەمە دەرکەوت.

کاتێکیش لیستی بێکۆتایی ئەو ژنانە بیردەخەمەوە کە خودبوونی ژنانەی تونسی بەدرێژایی چەرخەکان جیادەکاتەوە، لەساڵی ١٩٢٤ لەبەرامبەر کەسایەتی حەبیبە ئەلمەنشاری هەڵوەستەدەکەم، تێکۆشەر لەریزەکانی بزاڤی نیشتمانی، هۆڵی کۆبوونەوەی پیاوانی نیشتمانپەروەر پەردەکات لە بانگەوازی: "ڕزگاری نییە بەبێ ئازادی ژن". هەر لە کارێکی سیمبوڵیدا، حیجابەکەی لەسەری دەکاتەوەو دەڵێ:

"ئا ئەمە کۆتیکردوم"

* کاتێکیش بیریدەخەمەوە کە یەکێتی ئیسلامی ژنانی تونسی لەساڵی ١٩٣٦پێکهات و دواتر بوو بە "یەکێتی نەتەوەیی ژنانی تونسی" "یەکێتی ژنانی تونس"ی سەربە پارتی کۆمۆنیست لەساڵی ١٩٤٤ دامەزراوە، تێدەگەم لەئاستی ڕەگدکوتانی بزاڤی ژنان لەپەروەردەی تونسیداو تایبەتمەندییەکەی شرۆڤە دەکەم.

* کاتێکیش دەزانم یەکەمین فێرگەی کچان لەساڵی ١٩٠١ لە تونسی پایتەخت دامەزراو پاشانیش چەندین فێرگەی کچان

لەچەندین شوێنی دیکەی وڵات دامەزرا، ئەوکاتە دەزانم ئاستی هۆشیاریی ژنان لە تونس چەندە.
بەشێوەیەکی گشتی ژنانی تونسی ئاوا پێکهاتوون.
** خستنەڕووی ئەم چەند لاپەڕەیە لەمێژووی تونس لەراستیدا بانگەوازییەکە بۆ توێژینەوەی زانستی بەرەو تەکاندنی تۆز لەسەر کەسایەتییە ژنەکان و لایەنە رۆشنەکانی مێژوویان لەوڵاتانی جیاجیاوە.
چاکەی ئەمەش لای ئێمە دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵی هاوکارە ژنەکانمان لەزانکۆی تونس لە حەفتاکانی سەدەی رابوردوو، کە لەوە گەیشتبوون کە قووڵبوونەوە بۆ سەرکەوتنەکانی ژن بەدرێژایی مێژوو بەشداریدەکات لە پەرەپێدانی سەرنجی ژنان بۆ خۆیان و سەرنجی کۆمەڵگە بۆ ژنان.

ئەزموونی تونس لەژێر دەوڵەتی سەربەخۆدا:

- سەرەتا، گرنگە ئاماژە بەوە بدەین کە دەوڵەتی سەربەخۆ کە پڕ چەك بوو بە ئیرادەی سیاسی و گۆڤاری (الاحوال الشخصیە)ی بەرهەمهێنا و خوێندنی گشتاند و کردی بە خۆڕایی، رێژەی سێ یەکی دەوڵەتی تەرخانکرد بۆ پەروەردەو فێرکردن، تەنانەت رێژەی خوێندن، بەپێی ئاماری فەرمی وەزارەتی پەروەردەی ساڵی ٢٠١٢-٢٠١٣ دەگاتە ٨,٩٨٪ لەپۆلەکانی کچانی سەرەتایی و ٦٧٦,٪ لەقۆناخی دواناوەندی و ٦٢٪ی دەرچووی زانکۆکان کچن.

لەگەڵ ئەوەش جێی داخە کە دوای شۆڕش زیادەبوونێکی ترسێنەری زوو دابڕانی کچان لە خوێندن دەبینین. ئامارەکان پیشانی دەدەن کە ئەم ساڵانەی دوایی زیاتر لە ١٠٠٠٠٠ خوێندکار ساڵانە دابڕاون کەزۆربەیان کچ بوون. هۆکارەکەیشی زۆرن لەوانە ماددی و کۆمەڵایەتی و هۆکاری ئاسایش و ئایدیۆلۆژی بوون.
لەسەر ئەم ئاستەش ئەوەتا کۆمەڵەکانی ژنان دەجوڵێن بۆ کەمکردنەوەی ئەم دیاردەیە لەمیانەی کاری مەیدانیدا لەپێناوی بەدیهێنانی یەکسانی.
بەگشتی، لەوەی کە خوێندن رۆڵێکی گەورەی هەبووە لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری سەبارەت بەمافەکان لەریزی ژناندا، ئەوا بزاڤەکانی ژنان دەمانکێشێ بۆ تیشك خستنە سەر رەهەندە رێکخراوەییەکەی.

- رەهەندی رێکخراوەیی:

لە کۆمەڵەکانی ژنانەوە دەستپێدەکەم کەپێش شۆرش چالاکبوون، لەوانەش ئەوانەی سەربە دەسەڵات بوون یان سەربەخۆبوون. هەریەك لەوانەش رۆڵی خۆی هەبوو لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لای ژنان.

**یەکێتیەکە لەمیانەی کارێکی مەیدانیدا سەرکەوتنی گرنگی بەدەستهێنا لەوەی ژنان قایلبکات بە بەرنامەی "رێکخستنی خێزانی" تایبەت بە سنوردارکردنی نەوەو نەوە خستنەوە**

ا- یەکێتی نیشتمانی ژنانی تونسی: ئەمەش درێژکراوەی بزاڤی ژنانی تونسیە کە لەسەرەتای ١٩٢٠ دەرکەوت، پاش سەربەخۆیی وڵات لە ١٩٥٦ وەك یەکێك لەلقەکانی پارتی فەرمانڕەوابوو و گوزارشتی لە بۆچوونی فەرمی دەوڵەت دەکرد بەدرێژایی پەنجا ساڵی پێش شۆڕش.
ژنە رۆشنبیرو سەربەخۆکان پەیوەندییان بە یەکێتی نیشتمانی ژنانەوە نەبوو و لەبەر پەیوەستبوونی بە پارتی فەرمانڕەواوە لەکارلێکدانەبوون لەگەڵیدا، بەڵام کەس ناتوانێ نەیسەلمێنێ کە ئەم یەکێتیە و لەمیانەی لقەکانیەوە کە دەگەشتە هەزار ١٠٠٠ و لەرووی جوگرافییەوە لەهەموو شارو شارۆچکەو ئاواییەکان بڵاوبەوەوە رۆڵی گێڕا لە گشتاندنی بەرنامەی فێرکردنی گەورەساڵان و بنبڕکردنی نەخوێندەواری کە دەوڵەت گرەوی لەسەرکردبوو.
یەکێتیەکە رۆڵی گێڕا لە ئامادەسازیی ژنان و بەتواناکردنیان لەفێربوونی پیشەو کاری دەستی ساڵانە وای لە هەزاران ژن کرد کە لەرووی ئابووریەوە پەیوەست بن و لەرووی داراییەوە سەربەخۆبن وەك بنەمایەکی ئازادی ژنان.
یەکێتیەکە لەمیانەی کارێکی مەیدانیدا سەرکەوتنی گرنگی بەدەستهێنا لەوەی ژنان قایلبکات بە بەرنامەی "رێکخستنی خێزانی" تایبەت بە سنوردارکردنی نەوەو نەوە خستنەوە، هەربۆیەش ئێستا ژمارەی دانیشتوانمان تەنیا ١٠ ملیۆنە، کە ئەو ژمارەیە زۆریشە، کێشەو گرفتی زیادەی بەدواوەیە لەسەر هەموو ئاستەکان.

• لیژنەی ژنانی کارکەر لەیەکێتی گشتیی تونسی بۆ کار:

یەکێتی گشتی تونسی بۆ کار ڕێکخراوێکی سەندیکایی تونسیە لەساڵی ١٩٤٦ دامەزراوەو کۆنترین ڕێکخراوی سەندیکایە لەجیهانی عەرەبی و ئەفریکا کە پاریزگاری لە مافی کرێکاران دەکات. لەساڵی ١٩٨٤ ژمارەیەك تێکۆشەری سەندیکایی و ڕۆشنبیر ڕێکەوتن لەسەر ژیاندنەوەی لیژنەی ژنی کرێکار بۆ پاریزگاری لەمافەکانی ژنانی کرێکار لەهەر بوارێك بێ. کارەکانی ئەم لیژنەیە پەرەیسەند و بزاڤێکی تێکۆشانی ژنانی پێکهێنا کە بەشداریکرد لە بەرهەمهێنانی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە باردودۆخی ژنان و وشیارکردنەوەی ژنان لەمەڕ مافە ئابوری و پیشەییەکانیان.

هەر لەناخی ئەم لیژنەیەوە بیرۆکەی ژیانەوەی کۆمەڵەیەکی سەربەخۆ لەدەسەڵاتی فەرمانڕەوا دەرکەوت و ڕەنج و تێکۆشان خرایە سەر یەك بۆ پێکهێنانی کۆمەڵەی ژنانی دیموکراسی تونسی.

**بڵاوکردنەوەی ئەم چەمکانە بەو بەربڵاویە لەمیانەی کاری مەیدانییەوە پشت دەبەستێ بەو کۆمەڵانەی دوای شۆڕشی ١٤ای جەنیوەری دامەزران.**

ج- کۆمەڵەی ژنانی دیموکراسی تونسی:

کۆمەڵەی ژنانی دیموکراسی تونسی ساڵی ١٩٨٩ دامەزرا لەسەر بنەمای سەربەخۆیی لە پارتی فەرمانڕەوای ئەوکاتە، لەلایەن کۆمەڵێك ژنانەوە کە خوێندنی زانکۆو بزاڤی خوێندکاران و سەندیکای و خۆپیشاندان بۆ ئازادکردنی زیندانیانی سیاسی یان نارەزایی بەرامبەر دەستدرێژییەکانی زایۆنیزم بۆ سەر فەلەستین و ئێراق و چەند بابەتێکی دیکەی سیاسی و عەرەبی و نێودەوڵەتی، کۆیکردبوونەوە.

پرانسیپەکانی ئازادی و دیموکراسی و دادوەری و یەکسانی کۆیکردبوونەوە. دیمانەکانی سەرەتا لە یانەی ڕۆشنبیری ئەلتاهیر ئەلحەداد سازدران لەبەر ئەوەی ناوی یانەکە لە ناوی ئەو سەرکردە سەندیکایی و بیرمەندەوە هاتووە کە لە نووسینەکانیدا بانگی یەکسانی هەردوو ڕەگەزی لە ١٩٣٠ دا کردوە.

*کۆمەڵەکە هەر لەدامەزراندنیەوە خیتابێکی ژنانەی پێشکوتنخوازی برەوپێدا پشتبەست بە بانگەوازی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ. کۆمەڵەکە بایەخێکی ئەوەندە گەورەی بە ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو چەشنەکانی جیاکاری دژ بە ژنان CEDAW دا بەشێوەیەك کە وایکرد حکومەتی تونسی لەساڵی ١٩٨٥ ڕێکەوتننامەکە واژۆ بکات لەگەڵ نیشاندانی چەند خۆلێپاراستنێك کە بەرزنەکرانەوە تا ساڵی ٢٠١١ و دۆکۆمێنتی ئەو خۆلێپاراستنانە لە نەتەوە یەکگرتووەکان نەسپاردران تا ٢٠١٤ پاش دەستلەکارکێشانەوەی حکومەتە ئیسلامیەکە.

* چەند کۆمەڵەیەکیتر هەمان ڕێچکەیان گرتەبەر وەك کۆمەڵەی ژنانی تونسی بۆ توێژینەوەی پەرەپێدان و کۆمەڵەی تونسی بۆ بەرگریکردن لەمافەکانی مرۆڤ کە توانی مۆڵەتی قانونی بەدەستبێنێ پێش ئەوەی دیکتاتۆریەتی سەرۆك بن عەلی بە تەواوی باڵبکێشێ بەسەر کەشی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا.

* هەرچۆنێك بێت، ئەم کۆمەڵانە هێزی بەرگیری بوون بۆ ڕژێمی دیکتاتۆری و بنەمای ڕۆشنبیری مافپەروەریی لە کۆمەڵگەی تونسیدا دامەزراند و لێکۆڵینەوەو بنەمای تیۆری بەرهەمهێنا لەبارەی ژنانەوە کە ئەمڕۆ لێڤەگەڕێکە (مرجعيّة) بۆ هەموو کۆمەڵە دەرکەوتووەکان. دەستیکرد بە هەماهەنگی هەموو هەوڵەکان لەپێناوی گەشەی پێویست لەبواری مافەکانی ژنان و پشتگیری ڕێکخراوی دیکەی سەربەخۆی وەك " ناوەندی ژنانی عەرەبی بۆ ڕاهێنان و توێژینەوە" (CAWTAR) یان چەندین ناوەندی دیکەی حکومی وەك ناوەندی توێژینەوەی سەر بە نووسینی دەوڵەت بۆ ژن و خێزان (CREDIF).

* بڵاوکردنەوەی ئەم چەمکانە بەو بەربڵاویە لەمیانەی کاری مەیدانییەوە پشت دەبەستێ بەو کۆمەڵانەی دوای شۆڕشی ١٤ی جەنیوەری دامەزران.

٣- بزاڤە مەیدانییەکان: کۆمەڵە چالاکەکانی ژنانی دوای شۆڕش

د- تۆڕبەندیی هاوپەیمانی لەپێناوی ژنانی تونس

* پاش شۆڕشی ٢٠١١ تونس ژیانەوەی ژمارەیەکی زۆر کۆمەڵەی بەخۆوە بینی، کە لێبڕاوانە بەشداری بکەن لە بیناکردنی کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیدا پاش چەندین ساڵ لە کپکردنی سیاسی.

## زێدەڕۆیی نییە کاتێ ئەڵێم کە ژنان وانەیەکیان بە سیاسیەکان دا لە بواری دانوستان و بەڕێوەبردنی دیالۆگ

* ئەو بنەمایەی لەپێناویدا تۆڕبەندی "هاوپەیمانی لەپێناو ژنانی تونس" ی لەسەر دامەزرا هێشتا ئەوەیە کە کۆمەڵە مێژوویەکانی لەسەر دامەزراوە، بەڵام بەهەوڵێکی تاك لایەنە ناشێ رووبەڕووی ئەو هەموو کێشانە ببنەوە کە وڵاتی پێدا دەگوزەرێ. بۆیە ئەزمونەکە لەسەر یەکخستنی هەوڵەکان پێکهات لەسەر ئاستی کۆمەڵە جیاجیاکان لەپێناوی رووبەڕووبوونەوەی هاوبەشی پرۆژە پاشڤەڕۆکان و کاری هاوبەش بۆ بەرگری لە یەکسانی، لەبەر ئەوەی دیموکراسیەت کە پاش شۆرش کاری بۆ دەکەین پێکنایەت بەبێ یەکسانی. هێزیش لە یەکگرتن دایە.

* ئەزموونی تۆڕبەندی و کاری هاوبەش لەناو هاوپەیمانێتیەکەدا وایکرد کە ژمارەیەکی زۆر خۆپیشاندەر کۆبکرێتەوە لە چەند بۆنەیەکدا وەك ئاهەنگی رۆژی سەربەخۆیی لە ٢٠ی مارسی ٢٠١٢ کە نزیکەی ٣٠,٠٠٠ ژن رژانە سەر شەقامی حەبیب بورقێبە لە پایتەخت وەك پەرچەکردارێك بەرامبەر پشتگوێخستنی بۆنە نیشتمانییەکان لەلایەن دەوڵەتەوە. چونکە بەسیمبۆڵبوونی سەربەخۆیی سەبارەت بە مافەکانی ژنان گەورەیە.

* هەرچی تێکۆشان بۆ "یەکسانی" لەدەستوردا، ئەوا کۆڕبەندی و کاری هاوبەش رۆڵی بینی لە نوسینی دەستورێکی هاوبەش کە دەستەبەری مافەکانی ژنان بکات کە زیاتر لە ١٠٠ کۆمەڵەی ژنان قبوڵیان کردوە پێش ئەوەی بۆ ئەنجومەنی دامەزراندن پێشنیازبکرێت کە دواتر پشتگوێی خست و کاردانەوەش هێندەی پشتگوێخستنەکە بوو.

خۆپیشاندانەکە گەورەبوو و زیاتر لە ٥٠٠٠٠ کەس لە ژن و پیاو بەشداربوون لە ١٢ی ئۆگەستی ٢٠١٢ دژ بە ئەو بەندەی ئیسلامیەکان لەدەستوردا پێشنیازیان کردبوو کە بەپێی ئەو بەندە "رۆڵی ژن تەواوکەری پیاو دەبێت لە چوارچێوەی خێزاندا". لەمیانەی خۆپیشاندان و هەماهەنگی بەردەوام لەگەڵ فراکسیۆنی دیموکراسی لەناو ئەنجومەن توانیمان "تەواوکەر" بگۆڕین بە "یەکسانی" لەدەستوری وڵات.

چیمان ویست لە سایەی حکومەتێکی پەرلەمانی کە زۆرینەی پەرلەمانی هەبوو سەپاندمان. دابەشکردنی رۆڵەکان لەنێوان ئەو کۆمەڵانەی گرنگیان دەدا بە بەدواداچوونی ناوەڕۆکە دەستووریەکان، بەو تواناو ئەزموونە قانونیانەی هەیانبوو و ئەو کۆمەڵانەی توانای بزووتنەوەیان هەبوو لەبواری بزواندنی شەقام، رۆڵی خۆیان گێرا وێرای ئاستەنگییەکان.

* زێدەڕۆیی نییە کاتێ ئەڵێم کە ژنان وانەیەکیان بە سیاسیەکان دا لە بواری دانوستان و بەڕێوەبردنی دیالۆگ، کاتێ ژنان داوایان کرد کە ژنانی حیزبە سیاسیەکان لەگەڵ کۆمەڵەکانی ژنان هەڵوێستی هاوبەشیان هەبێت لە ڤیستیڤاڵی جەژنی ژناندا، پاش کوشتنی شەهید محمد البراهیمی. هەروەها شەقامەکان بە نزیکەی ٥٠٠٠٠٠ کەس داگیرکران لە خۆپیشاندانێکدا بۆ پەلەکردن بۆ رووخاندنی حکومەتی ئیسلامی پاشان مانگرتنێکی بەدواداهات بەناوی مانگرتنی رۆیشتن. بەمشێوەیە بزاڤی سیاسی و ژنان پەرەیسەند دژ بەسیاسەتی ناحەز بەمافەکانی ژنان.

* ئابەمشێوەیە کۆمەڵەکانی ژنان رۆڵێکی کاریگەریان بینی ئەویش بەهۆی هەماهەنگی و سوورکردنی ژمارەی ئێجگار گەورەی خەڵك و بەهۆی فراوانترکردنی بازنەی هاوپەیمانێتیەکانەوە کە هاوکاری بەسترا لەگەڵ کۆمەڵەکانی تر، لیژنەی ژنانی یەکێتی گشتی تونسی بۆ کار و لیژنەی ناو پارتە پێشکەوتنخوازەکان. ئەم هاوپەیمانێتیە بەرفراوانە ناوی هاوپەیمانی ئاوریشمی تونسی"تحالف حرائر تونس"ە.

* کاتێ باسی کۆمەڵی مەدەنی دەکەین ناکرێ پشتگوێی رۆڵی هیچ یەکێك لە رێکخراوەکانی ژنان بکەین بەهەموو پێکهاتەکانیەوە لەنوسینی دەستور و ژیانی سیاسی بێ ئەوەی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەکان و هەڵمەتەکانی هۆشیارکردنەوە لەبیربکەین.

کێشەی یەکسانی و بەشداریی سیاسی ژنان:

* ئامادەیی ژنان لەناوەندەکانی بڕیارو ئەنجومەنەکانی نوێنەران

کەم نەبوو بەتایبەتی بەپێی سیستەمی کۆتا کە حکومەتی پێش شۆرش کاری لەسەر کردبوو نزیکەی ٣٠٪ی پێبەخشیبوو.
بەڵام داخوازی یەکسانی وەك بنەمای دیموکراسیی خوازراو وایکرد لە کۆمەڵەکانی ژنان و لەپێشیانەوە کۆمەڵەی تونسی یەکسان و یەکسانخواز خۆیان پڕچەك بکەن بە زانیاری و خۆپیشاندان و بزوتن لەپێناوی چەسپاندنی قانونی یەکسانی کە لە ١١ی ئەپریلی ٢٠١١ دەرچوو لەسەر بنەمای (بەدوای یەداهاتن) بەدوای یەکداهاتن لە لیستی لەنێوان ژن و پیاو لە ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی دامەزرێنەر.
سەرەڕای قانونی یەکسانی، هێشتا رێژەی ژنان لەناو ئەنجومەن لە ٩٥,٢٩٪ تێپەڕی نەکرد لەبەر ئەوەی سەرۆکی هەموو لیستەکان بۆ پیاوان بوون. بەڵام لۆژیکی یەکسانخوازی وایکرد بۆچونەکان بگۆڕیت بەرەو پرانسیپی یەکسانی. چەمکی یەکسانخوازیش بەپێچەوانەی کۆتا یان نوێنەرایەتی رێژەیی دەچێتە خانەی لۆژیکی "مافەکان .. نەك دەسکەوت".
بۆیە داخوازیمان بووە وەك پرانسیپێك لەدەستورداو داواشدەکەین کارابکرێت بەشێوەیەك کەزامنی نوێنەرایەتی ژنان بکات لەناو ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان و ناوەندەکانی بڕیار.
وەك دیاریشە، لەم ماوەیەی دواییدا کە واژۆی داخوازییەکان و پەیوەستبوونی هاوپەیمانێتیەکان وایکرد لە ئەنجومەنی نوێنەران قانونی هەڵبژاردنی تایبەت لەئەنجومەنە هەرێمیەکان و شارەوانییەکان لەسەر بنەمای یەکسانیی ستونی و ئاسۆیی لە لیستەکانی هەڵبژاردندا بپەژرێندرێت (تصدیق).
لەم چوارچێوەیەدا، شیاوی ئاماژەدانە بە هەوڵی کۆمەڵەکانی ژنان لەئامادەکاری ژنان و پشتگیریان بۆ بەشداریکردنیان لە ژیانی سیاسیدا وەك دەستەبژێرێکی هۆشیار و بەربژارێك بۆ سەرکردایەتی بەتایبەتی لەسەر ئاستی هەرێمی و لۆکاڵی ئەمەش وەك رێخۆشکردن بۆ پەیوەستبوونیان بە ژیانی گشتی لەچوارچێوە نزیکەکەی خۆیداو بۆ بەدیهێنانی یەکسانیی راستەقینە.

قەیرانی ئابوری و کێشەی بێکاری:
* ئەو وەرچەرخانە سیاسیەی وڵات پێیدا تێپەڕدەبێ لە چوارچێوەی قەیرانێکی ئابوری و بارگرژی کۆمەڵایەتی قوڵدا خۆی دەبینێتەوە کە کاریگەری نەرێنی هەیە بۆ سەر دۆخی ئابوریی نیشتمانی و نێودەوڵەتی.

* کاتێ رێژەی بێکاری بە ١٧٪ مەزەندە دەکرێت، ئەوا ژنان و گەنجان زۆرترین قوربانی پێکدێنن.
* قۆناخی دوای شۆرش پەردەی لەسەر واقیعێکی ئازاربەخش هەڵدایەوە کە تێیدا هەلی یەکسان نییەو کەلێنێکی گەورەی گەشەپێدان لەنێوان لایەنەکاندا بوونی هەیە. بۆیە گواستنەوە بۆ دیموکراسی نایەتەکایەوە بەبێ بوونی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای گەشەپێدانی جوتیاری، کە سەرچاوەی سەرەکی پێکهاتنی هاوڵاتی کارکەرو بەرهەمهێنە لەناوچە لادێنشینەکان و دابینکردنی بارودۆخێکە بۆ ژیان کە مافی بوونی ژینگەیەکی پاك و سەلامەت دەستەبەربکات.
* لەم بواردا چەندین پرۆژە هەیە کە کۆمەڵەکانی ژنان ئەنجامی دەدەن کە لەبواری دێهاتەکان چالاکن، لەبەر ئەوەی دەستی کار بەگشتی لە ژنان پێکدێ بە کرێیەکی زۆرکەم کەبەشی پێداویستیە سەرەکییەکانیش ناکات لەکاتێکدا دەستەبەری کۆمەڵایەتیش نییە.
تێکۆشانی یەکسانی لەهەمان کاتدا تێکۆشانە بۆ مافە ئابووریەکان کە زامنی کەرامەتی ژنانە.
تێکۆشانیشە لەپێناوی مافە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ر ۆ شنبیر یە کا نیش .
ئەمە تێکۆشانێکی گشتگیرە لە پێناوی بەدیهاتنی هەموو مافەکان بۆ ئەوەی کۆتایی بێت بەهەموو توندوتیژییە ماددی و مەعنەویەکانی سەر ژنان لەبەر ئەوەی جیکاری لەسەر بنەمای رەگەز بریتیە لە تەندوتیژی.

**کۆتایی:**
**ئەمرۆ لێرە کۆبووینەتەوە بۆ ئەوەی بابەتێکی زۆر گرنگ تاوتوێ بکەین کەهەرچەندە کۆمەڵگەکانمان جیاوازی هەبێت لە پابەندبوون بەمافەکانی مرۆڤ و مافەکانی ژنان بەتایبەتی، هێشتا هەڵسوکەوت کردنی لەگەڵ پەیماننامەو رێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکان جێی گومانە بەتایبەتی لەژێر سێبەری بارودۆخی ناوچەکەو تەوژمەکانی تیرۆر، لەراستیدا ئەمە هاڕینی هزری مرۆڤ و ئەزموونی مرۆڤایەتیە.**
**با ئەم جۆرە کۆبوونەوانەمان بکەینە هەلێک بۆ پێشنیازکردنی ستراتیژی هاوبەش بەئاراستەی وڵاتانمان و لایەنە نێودەوڵەتیەکان بۆ ئەوەی پابەندبوون بە پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان بکەین بەپێویستیی قانوونە ناوخۆییەکان.**
**با هۆشیارکردنەوە لەبارەی مافەکانەوە بکەینە بنەمای کاری مەیدانیمان و تەنیا لەسەر سەکۆو کۆبوونەوەکن نەمێننەوە.**
**ئەزموونی تونسی وێڕای پێشکەوتنی، سەلماندی کە هۆشیاری هێشتا کەمەو پێکهێنان و تواناسازی پێویستیەکەو کۆمەڵی مەدەنی دەبێ پێی هەڵسێت، بەڵام رۆڵی فێرکردن و راگەیاندن سەرەکییە.**
**دەبا کاربکەین بۆ کارکردنە سەر بڕیارەکان لەپێناوی ئەوەی پرۆگرامی خوێندن و کتێبەکانی خوێندن و هۆکارەکانی راگەیاندن وێنەیەک بچەسپێنن کە ئێمە دەمانەوێ لەکۆمەڵگەکانماندا بەدیانبهێنین لەدیموکراسی و کەرامەت و یەکسانی.**

# ئەزموونی خۆبەڕێوەبەری دیموکراسی لەرۆژئاوا/ باکوری سوریا



مەنسور سەلوم
لەعەرەبیەوە/نامۆ غەریب

لەم سەروبەندەدا کە ئەم کۆنفرانسەی تێدا دەبەسترێت، بەتایبەتی لەرۆژی یەکەمی کۆنفرانسەکەدا، واتە دوێنێ، هاوکاتە لەگەڵ چوارەمساڵیادی هەڵایسانی شۆرشی رۆژئاوادا لەرۆژی ١٩ی تەمموزی ٢٠١١، بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی لەئێوەو خۆمانو هەموو کەسانی ئاشتیخوازو دیموکراسیخوازو باوکانو دایکانی شەهیدانی ئەم شۆرشە مەزنە دەکەم، ئەو شۆرشەی کە توانی بە دەسکەوتەکانیو بە خەباتە ئاشیخوازەکەیو بەرگرییە رەواکەی نوێنەرایەتی شۆرشی ئاشتیخوازانەی سوریا بکاتو ببێتە قیبلەنمایەک بۆ هەموو ئازادیخوازانو گەلانی تینووی ئازادیو دیموکراسی.

ئەو رووداوانەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا روویانداو لەسەرەتادا ناونرا بەهاری عەرەبی، خاڵێکی وەرچەرخان بوو بۆ سەرجەم گەلانو وڵاتانی ناوچەکە، تەنانەت سەرەتایەکی گرنگ بوو لەپێناو گۆڕینی جیهانو سیاسەتی جیهانیدا، بەو پێیەی کە شوێنەوارەکانی کاریگەری زۆری لەسەر هەموو ناوچەکان بەجێهێشت. لەسەر ئەو پێودانگە سەرجەم گەلانی ناوچەکە داوای بەدەستهێنانی مافەکانیانو دیموکراسییان کرد. ئەو رووداوانە هەنگاوێکی تری یاخیبوون بوون لەمۆدێلی دەوڵەتی نەتەوەیی داپڵۆسێنەر بەهەموو جۆرەکانیەوە. ئەو راچەنینانە ئاماژەیەکی روونو ئاشکرا بوون بەوەی کە هەموو ئەو بۆچوونو روانینانەی هاوردەی دەرەوەنو خزێندراونەتە نێومانەوە تەمەنیان درێژ نابێت، گەلانو کۆمەڵگەکان قبوڵیان ناکەنو هەر کاتێک دەرفەتیان بۆ بڕەخسێت لەدژیان رادەپەڕن. لەنێو هەموو گۆڕانکارییە جیهانییەکاندا، گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست راپەڕین، سەرەتا لەتونسەوە دەستیپێکردو بەرەو میسرو وڵاتانی تر پەرەیسەند. بەڵام هەر کە هێزە نێودەوڵەتییە سەرمایەدارییە هەژموونگەراکان دەستیان تێوەرداو حساباتو بەرژەوەندییەکانو وەلائاتی ناوچەیی کەوتە نێو ئەجێندای وڵاتانی دەرەوە، لەوێوە شۆرشو راپەڕینەکان دووچاری لادان هاتن بە ئامانجی ئەوەی بخرێنە خزمەت بەرژەوەندییەکانی هێزە نێودەوڵەتییەکانەوەو وابەستەییان بەسەردا بسەپێنرێت، بەمەش زەمینە دەرەخسێت بۆ دووبارە دارشتنەوەی روخساری ناوچەکە بەو پێیەی کە یەکەم بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان دەیخوازێت، دووەم کە خواستە سیاسیو فیکریو کەلتورییەکانیان دەستەبەربکات. ئەمەش تەمەنی جەنگی درێژکردەوەو کارەساتی بۆ گەلانی ناوچەکەو پێکهاتەکانی هێناو هەر تەنها ئەوانیش باجی ئەو سیاسەتەیان دا. بەڵام دەتوانم بڵێم لەو نێوەدا شۆرشی رۆژئاوا بەهرەمەندو سوودمەند دەرچووە، لەبەرئەوەی بەر لە شۆرش توانیبووی ریزەکانی خۆی رێکبخاتو خاوەنی فەلسەفەیەکی پێشکەوتنخواز بێتو لەبەر رۆشنایی رێبازێکی مرۆڤدۆستانەی دەوڵەمەند رێبکات، راچەنینو یاخیبوونی شۆرشی رۆژئاوا بە ئەسپاییو بێدەنگ بوو، بەڵام هەنگاوی وردو ژیرانەی لەهەمبەر ئەو سیاسەتانە دەنا کە تواندنەوەو نکۆڵیکردنیان لەهەگبەدا بوو. لەبەرئەوە زەحمەتی نەبینی لەدروستکردنی ئەو بەدیلو ئەڵتەرناتیڤەی کە لەلادان پاراستی، ئەو هێزەی پێبەخشی کە بتوانێت روبەڕووی تاریکترین هێزی ئەم سەردەمە ببێتەوە کە داعشە.

بەواتایەکی تر، شۆرشی رۆژئاوا زووتر ئامادەکرابوو بۆ بەرپاکردنی جەنگێکی زهینیو هزریو رێکخراوەییو سیاسیو کەلتوریو کۆمەڵایەتی لەبەرامبەر هەر هێزێک کە بیەوێت دژایەتی بکات یان مافی زەوتبکات. هەر ئەمەشە ئەو هێزەی پێبەخشی کە لەماوەیەکی کورتو کەمخایەندا کردیە سیمبولی مقاوەمەتێکی ئازاو بوێرانە بەناوی سەرجەم مرۆڤایەتییەوە، کە لەمێژوودا هاوتای کەمە. لەدژی پیادەدەکرێت.

شۆرشی رۆژئاوا توانی لەکاتێکی گونجاودا دەسکەوتی مێژوویی کەموێنەو مەزن بەدیبهێنێتو بیکاتە نوێنەری هەموو گەلانی باکوری سوریاو سەراپای ئەو سەرکەوتنە لەچیوارچێوەی دامەزراوەگەلی نیشتمانو دیموکراسیدا بەرجەستەبکات کە هەمووان خۆیانی تێدا ببیننەوە بەبێ هیچ جۆرە جیاکاریو پەراوێزخستنێک، ئەمەش لەرێگەی راگەیاندنی خۆبەڕێوەبردنی دیموکراسییەوە لەرۆژی ٢٠١٤/١/٢١ دا.

لەو ماوە پێوانەییەی تەمەنی شۆرشی رۆژئاواداو بە راگەیاندنی خۆبەڕێوەبردنی دیموکراسی، رۆژئاوا لەقۆناخی شۆرشەوە گواسترایەوە بۆ چوونە نێو قۆناخی شەرعیەتی شۆرشگێری، ئەمەش لەرێگەی دامەزراندنی دامودەزگاو دامەزراوەکانیەوە کە سەرجەم پێکهاتەکانی عەرەبو کوردو سریانو چیچانو ئەرمەنو ئێزیدیو چەرکەسو تورکمانی لەباکوری سوریا لەئامێزگرت، بەبێ هیچ جۆرە جیاکاریو پەراوێزخستنێک، لەسەر بنەمای برایەتی گەلانو پێکەوەژیانی هاوبەش کەدەبێتە دەروازەیەکی چارەسەری بۆ داهاتووی سوریا.

وەختێک ئەزموونی خۆبەڕێوەبردنی دیموکراسی لەرۆژی ٢٠١٤/١/٢١ دا راگەیەندرا، کە هاوکات بوو لەگەڵ کۆبوونەوەکانی جنێڤ ٢ دا، لە هەلومەرجێکی نێودەوڵەتیو هەرێمایەتیو ناوخۆیی قورسو ئاڵۆزدا بوو، بەڵام بەهۆی ئیرادەو کۆششی بێ وچانو ماندونەناسانەی رۆڵەکانیەوە توانی ژێرخانی دامەزراوەکان بینابکاتو خزمەتگوزارییەکانی زیادبکاتو لەناوەندە نێودەوڵەتییەکاندا جێگەی سەرنج بێتو دەرفەت لەبەردەم گۆڕانکاریو هەموو رۆڵەکانی سوریادا بڕەخسێنێت کە لەناو جوگرافیای رۆژئاوادا خۆیان ئازاد ببینن، دیارە ئەمەش پشت بە پرەنسیپی هاوڵاتیبوونی تەواوەتیو برایەتی نێوان سەرجەم گەلان دەبەستێت بەبێ هەڵاواردن، بەمەش دەسکەوتی مێژووییو نیشتمانی بەدەستهاتووە کە دەرهاویشتەکانی هەموو سەرزەمینی سوریای بوژاندۆتەوەو رۆژئاوای کردۆتە قیبلەنمای هەموو هێزە سیاسییە نیشتمانییەکان لەهەموو ناوچەکانی سوریادا بۆئەوەی کارو خەباتی خۆیانی لەسەر ئەنجامبدەن لەپێناو گەیشتن بە سوریای فیدرالی دیموکراسیو عەلمانی. لەسەر ئەو بنەمایەی کە پشت بە هاوکاریو بەشداریکردنی هەموو پێکهاتەکان دەبەستێت، هێزەکانمانو دەستەو پارتەکانمان کۆدەنگن لەسەر


ئەوەی کە دەبێت هێزەکانمان بەرگری لەخاکو نیشتمان بکەنو رزگارکردنی ناوچەکانی تری سوریا بە یەکگرتوویی‌و لەچوارچێوەیەکی یەکگرتوودا بێت، کە لەچەند هێزگەلێکی پارێزەرو رزگارکەری تۆکمە پێکبێت. هەموو هێزو پارتە سیاسییەکان‌و رێکخراوەکان کۆبوونەوەو گەیشتنە رێککەوتن لەسەر ئەوەی کە هێزێکی یەکگرتوو لەژێر ناوی "هێزەکانی سوریای دیموکراسی"دا پێکبهێنن‌و رایەڵەی گشتی بۆ خۆبەڕێوەبردنی دیموکراسی لەسەر ئاستی هەر سێ کانتۆنی "کۆبانێ‌و عەفرین‌و جەزیرە" دامەزرێنن لەپێناو ئەوەی سەرزەمینی رۆژئاوا بکرێتە بنکەی جووڵەکردنی ئەو هێزانە بە ئامانجی رزگارکردنی هەموو خاکی سوریا لەچنگ چەتەکانی داعش‌و رژێمی شۆڤێنی داپڵۆسێنەر. ئەو رزگارکردنە لەوەدەرنان‌و تێکشکاندنی داعشدا بەرجەستەبوو لەناوچەکانی هۆل‌و شەدادی‌و چیای کەزوان‌و دەربەندی تشرین‌و مینبەج‌و ناوچەکانی باکوری رەققە، سووریشن لەسەر ئەوەی کە هێرشەکانیان بەردەوام بێت بۆ گەیشتن بە عەفرینی خۆڕاگرو بەستنەوەو لکاندنی بە رۆژئاواوە، پاشان خەباتکردن بۆ رزگارکردنی تەواوی خاکی سوریا لەپێناو بیناکردنی سوریای فیدرالی دیموکراسی لەسەر بنەمای کۆمەڵێک راستی مێژوویی‌و جوگرافیایی هەموو گەلانی سوریا، لەسەرروویانەوە گەلی کورد، ئەو گەلە مەزن‌و تێکۆشەرەی کە توانی سەرکردایەتی بزاڤی شۆرشگێڕی لە رۆژئاواو سوریادا بکات‌و بتوانێت بەهاو پرەنسیپی برایەتی گەلان‌و پێکەوەژیانی هاوبەش بچەسپێنێت‌و ئافرەت بکاتە سیمبولی خەباتی شۆرشگێڕانە. بەم بەهاو ئاکارە بەرزانەیانەوە خوشک‌و برایانی کوردمان قوربانی زۆریان لەپێناو ئازادکردنی هزرو بیناکردنی مرۆڤدا بەخشیوەو دوورکەوتوونەتەوە لەعەقڵیەتی نەژادپەرستی‌و نەتەوەپەرستی‌و جیاکاری ئایینی‌و مەزهەبی‌و جێندەری، لەپێناو بیناکردنی کۆمەڵگەیەکی نیشتمانی کە بەپلەی سەرەکی پشت بە پرەنسیپی هاوڵاتیبوون ببەستێت لەبەر رۆشنایی چەمکی نەتەوەی دیموکراسی.

ئەو دیدگاو چارەسەرییەی شۆرشی رۆژئاواو سوریاو خۆبەڕێوەبەری دیموکراسی پشتی پێبەستووە لەروانین‌و هزری سەرۆک عەبدوڵلا ئۆجەلانەوە سەرچاوەی گرتووە، کە لەروانگەی چارەسەری دیموکراسیانەی پەیوەندی نێوان هەموو گەلان‌و پێکهاتەکان خستوویەتییەڕوو. لەبەرئەوە ئێمە وەک گەلانی رۆژئاوا - سوریا توانیمان رووناکییەک لەناو ئەو زریانە سەرشێتەدا ببینین کە ناوچەکەی گرتۆتەوە. ئەو جیهانبینییە سەراپاگیرەی سەرۆک عەبدوڵلا ئۆجەلان تەنها پشتی بە رزگارکردن‌و بیناکردن نەبەستووە بەڵکو بیناکردنی مرۆڤی کردۆتە ئامانجی سەرەکی لەپێناو کردنەوەی دەرگا لەبەردەم قبوڵکردنی ئەویترو دوورکەوتنەوە لەتاکڕەوی‌و پەراوێزخستن. هەمووان دەزانن کە سوریا هەلاهەلابووەو رۆڵەکانی بەهۆی ماڵوێرانیەکی گەورەوە ئاوارەو دەربەدەربوون‌و لەماوەی پێنج ساڵی رابوردوی قەیرانەکەیدا هیچ رێگەچارەیەک بەدیناکرێت، لەبەرئەوە رایەڵە گشتییەکانی خۆبەڕێوەبەری دیموکراسی لەهەر سێ کانتۆنەکەی باکوری سوریا ئەوەیان بە ئەرکی نیشتمانی زانی کە رێگەچارەیەک بۆ قەیرانی سوریا بدۆزنەوە بە ئامانجی پاراستنی یەکێتی خاکی سوریا. لەسەر ئەو بنەمایە هەرچی وزەو تواناییانە کردیانە بناخەیەک بۆ کۆکردنەوەی هەموو هێزە سیاسییە نیشتمانییەکان‌و لەشاری دێریک بەرجەستەیان کردو بەمەش "ئەنجومەنی سوریای دیموکراسی" پێکهات لەپێناو نوێنەرایەتیکردنی هێزەکانی سوریای دیموکراسیو پێکهاتەکانیان لەناو نێوەندە نێودەوڵەتەکاندا، دواتر رایەڵە گشتییەکان کاردەکەن بۆ فراوانکردنی رووبەری خەبات‌و تێکۆشانیان‌و کارکردن بۆ خستنەڕووی رێگەچارەیەکی گشتگیرو کاراتر لەپێناو پاراستنی سوریادا، کە ئەو رێگەچارەیەش خۆی لە پرۆژەی فیدرالیەتی باکوری سوریای دیموکراسیدا دەبینێتەوە، ئەو پرۆژە مێژووییەی کە لەسەر ئاستی ناوچەیی‌و نێودەوڵەتی پێگەو شکۆ بۆ سوریا دەگەڕێنێتەوە.

با هەمووان بزانن کە پرۆژەی فیدرالیزمی باکوری سوریای دیموکراسی پرۆژەیەکی جوداخوازانە نییە، بەڵکو لەپێناو دامەزراندنی دەوڵەتێکی دیموکراسیدایە لەرووی رێبازەوەو عەلمانیشە لەرووی پرەنسیپەوە.

لەمیانەی ئەو سەکۆیەی لەبەردەمتاندایە، بەناوی گەلانی باکوری سوریا بەهەموو پێکهاتەکانیەوە، بەناو شەهیدانی رێگەی ئازادی لەرۆژئاواو باکوری سوریا، بەناوی خێزانی شەهیدانەوە، تکاتان لێدەکەم‌و داواکارم لێتان، چ وەک تاکەکەس‌و گروپ، چ وەک پارتی سیاسی‌و رێکخراوەکان، دەستی هاوکاریمان بۆ درێژبکەن بۆ ئەو لەدایکبوونە مەزنەی لەم سەردەمەدا روودەدات، ئەو لەدایکبوونەی دەبێتەمایەی سەرلەنوێ گێڕانەوەی دیرۆک‌و شارستانێتیو کەلتورمان بەدرێژایی مێژوو، ئەو لەدایکبوونە دانسقەو دەگمەنەی کە رەگوڕیشەکەی لەرەسانەیەتیمانەوە هەڵقوڵاوەو لەجیهانبینی‌و هزری سەرۆک عەبدوڵلا ئۆجالانەوە سەرچاوەی گرتووەو خوازیاری خۆشەویستی‌و پێکەوە هەڵکردن‌و هاوژیانییە لەنێوان نەتەوەو گەلاندا. بەناوی کۆمەڵگەکانی باکوری سوریاوە بانگەواز ئاڕاستەی دنیای ئازادیخواز و دیموکراسیخواز دەکەم کە هاوکارمان بن لەپێناو ئەوەی ببینە بەشێک لەو دنیا دیموکراسییەی کە قوربانی زۆرو خوێنی گەشمان لەپێناویدا بەخشیوە بۆ بەرەنگاربوونەی تیرۆرو ریشەکێشکردنی، کە ئاکامەکەی دوورخستنەوەی تیرۆرە لەجیهانی ئازادو شارستان. ئێمە بەشێکین لەو دنیایەی دیموکراسی، ئێمە نەتەوەیەکی ئاشتیخوازو ئەویندارین، ئامانجمان دامەزراندنی نەتەوەیەکی دیموکراسییە لەسەر بنەمای بەهاو ئاکار.


داواکارم کە هەر کەس‌و رێکخراوەو هەموو هێزێکی دیموکراسیخوازی راستەقینە لەو چوارچێوەیەدا بەرپرسیارێتی هەڵبگرێت‌و توێژینەوە لەسەر ئەو ئەزموونە پڕبەهاو بایەخدارەی باکوری سوریا ئەنجامبدەن، ئەزموونی فیدرالی باکوری سوریای دیموکراسی، سوودی لێوەربگرن چونکە شایانی ئەوەیەو لەتوانایدایە ببێتە بڵێسەیەکی هیوابەخش بۆ سەرتاسەری سوریاو تەنانەت بۆ ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش، لەپێناو رزگاربوون لەو گێژاوە گەورەیەو رووکردنە ئاشتییەکی پتەوو سەقامگیر، کە تێیدا ژیانی ئازادو شکۆدارو دادی کۆمەڵایەتی و ئازادی‌و یەکسانی لەجیاوازییەکانەوە هاتبێت. لێرەوە، بەناوی هەموو گەلانی ئازادو ئاشتیخوازەوە، خوازیارم لەهەموو هێزەکانی دنیای ئازادو رێکخراوە مرۆڤدۆستەکان‌و دامەزراوە دادوەرییەکان داکۆکی لەئازادکردنی سەرۆک عەبدوڵلا ئۆجالان بکەن‌و کورسییەکی لەنێو ناوەندە نێودەوڵەتییەکاندا پێبدەن وەک داکۆکیکار لەدادپەروەری‌و ئاشتیخوازێک. دووبارە جەختدەکەمەوە لەسەر ئەوەی کە پشتگیریکردن لە ئازادی ئۆجالان ئەرکێکی سەرشانی هەموومانە، لەبەرئەوەی بڕوای راستەقینەمان بە ئازادی بەشدارئامێزانەی جڤات‌و کۆمەڵگەیی هەیە لەنێوان گەلانی ناوچەکەو مرۆڤایەتی بەگشتی.



کپ کردنی دەنگی ئازادی




سەلاحەدین دەمیرتاش



کچە شۆڕشگێڕێك



گوڵتان کشناخ



کاری شێوەکاری پورتگالی“کارلۆس فارینا”
وەك هاوخەمییەك بۆ هاوسەرۆكان و پە
رلەمانتارانی هەدەپە، کەلەلایەن تورکیاوە
دەزگیرکراون

Sala Ekemîn
Hejmara
12 dwanzd
٢٠١٦-١٢-١
Mijdar
٢٧١٦

Azadî Komelge

Govarareki mehaneye serbixwe a siyasi, hizrî, civakiye

سالێک تێپەڕ دەبێت، ئازادی کۆمەڵگە لە دووەمین ساڵیدا پێویستە چیبکات؟
بە رەخنە و تێبینیەکانتان زیاتر بەرەو پێش دەچێت.
پەیوەندی

Facebook\ goran pencweni
Goran.a.hesen@hotmail.com




# پرۆسەی خویندن و هۆکاری پەککەوتنەکانی لە دۆسییەی داهاتوو دا